# 134 کەس لەکوردستان حوکمی لەسێدارەدانیان هەیە



**رووداو-هەولێر**

بەپێی ئاماری وەزارەتی مافی مرۆڤ، ئێستا لە کوردستان 134 کەس حوکمی لەسێدارەدانیان هەیە. لەهەولێر 25 پیاو و 1 ژن، لە سلێمانی 64پیاو و 4 ژن، لە دهۆک 38پیاو و 2ژن.

بەڵام هەر بەپێی ئەو ئامارە، لەساڵی 2009 هیچ سزایەکی لەسێدارەدان جێبەجێ نەکراوە. فاروق جەمیل، وەزیری داد، بە (رووداو)ی راگەیاند، حوکمی لەسێدارەدان ئێستاش لەکوردستان جێبەجێ دەکرێ، "بەڵام ئێستا زۆر بەدەگمەن حوکمی لەسێدارەدان دەردەچێت". وەزیری داد گوتیشی "دەبێ هەموو حوکمەکانی لەسێدارەدان جێبەجێ بکرێن".

بەڵام وتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤ، رایگەیاند ئەوان داوایان کردووە سزای لەسێدارەدان لەکوردستان نەمێنێ.

13

# 45 باندی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە لە کوردستان هەن

**رووداو- هەولێر**

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان 45 باندی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە کوردستان کار دەکەن و لە گرتووخانەکانی کوردستانیش دەستدرێژییەکی زۆر دەکرێتە سەر گەنجان و، بەشێکی گەنجە ئازادەکانیش لە چەندین رووەوە "لەژێر مەترسیدان".

رێکخراوی تواناسازی لاوان لە12 مانگی 2008دا کاری لەسەر ئامادەکردنی راپۆرتێک لەسەر رەوشی گەنج لە کوردستاندا کردووە. لەو راپۆرتەدا کە لە 12/8/ 2009 راگەیێندرا، ئەو حاڵەتە نائاساییانە خراونەتەڕوو کە لە گرتووخانەکانی کوردستاندا بەگشتی پەیڕەوکراون و دەڵێ "تاوەکو کۆتایی 2008، بەشێوەیەکی دیار لە زیندانەکاندا ئەشکەنجەو لێدانی نادروست و دەستدرێژی هەبووە". راپۆرتەکە ئامارێکی بڵاوکردووەتەوە کە پشتی بەسەرچاوە تایبەتییەکانی رێکخراوی تواناسازی لاوان بەستووەو ئاماژە بەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە باندەکانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ دەکات لە هەرێمی کوردستان و دەڵێ "لەکوردستاندا زیاتر لە 45 باندی بازرگانیکردن بە مرۆڤ هەن".



2

# بە نا یاسایی ئێمەیان گەیاندە دادگا

**رووداو-هەولێر**

لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی شیعرئامێزی د.مەغدید سەپان بەنێوی (سووکنەبوون) کە لە ژمارە 48ی (رووداو)دا بڵاوکرایەوە دادگا بانگهێشتی هەر یەک لە نوورەدین سەعید وەیسی خاوەنی ئیمتیاز و ئاکۆ محەممەد سەرنووسەری (رووداو)ی کرد. سەرنووسەری (رووداو) لە وتارێکدا ئاماژە بە چەند کارێکی نایاسایی بنکەی پۆلیسی تەیراوە دەکات، کە لەنێو بنکەکەو لەکاتی بردنیان بۆ دادگا بینیویانە "لە ژووری لێکۆڵەری دادی پاکەتێک جگەرە لەسەر مێزی لێکۆڵەر دانرابوو، تەپلەکی جگەرەی سەرمێزەکەش پاشماوەی سێ جگەرەی تێدابوو". لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا دەڵێت "ئۆتۆمبێلی ژمارە -333پۆلیس کە ئێمەی بردە دادگای هەولێر، چەند سەرپێچییەکی هاتووچۆی کرد، کە پێمانگوت چۆن وادەبێ، شوفێرەکە گوتی ئەوە رێی هەموو رۆژەمانە".



سووک نەبوون

د.سەپان

کوڕەک لە بازاڕی دەڕوا و کیژەکی زۆر جوان دەبینێ..

توخوا بەتەماشاکردنی کیژەکی جوان کەس سووک دەبێ؟

ناوەڵڵا بابە کەس سووک نابێ.

کوڕە خۆی لێ نزیک دەکاتەوە و هەندێک قسەی لەگەڵ دەکات.

توخوا کەس بە قسەکردن سووک دەبێ؟

ناوەڵڵا بابە کەس سووک نابێ.

کوڕە ژمارەی تەلەفۆنی کیژە وەردەگرێ.

توخوا کەس بە وەرگرتنی ژمارەی تەلەفۆن سووک دەبێ؟

18


ژمارە (74)

دووشەممە 2009/8/17

26ی خەرمانان 2709

(750) دینار

چاپی کوردستان

Rûdaw رووداو

www.rudaw.net

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


## نێچیرڤان بارزانی دەچێتە بەغدا

# د.بەرهەم بۆ 2 ساڵ دەبێتە سەرۆکی حکومەت

**◆ سۆزان شەهاب وتەبێژی لیستی کوردستانی: ئاماژەو زانیارییەکان بۆ ئەوە دەچن زۆرترین چانس بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ مەحمود محەممەد بێت و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش د. ئەرسەلان بایز.**

**◆ سەعدی پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی: لەم رۆژانەدا هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کۆدەبنەوە هەموو ئەو باسانەی تایبەتن بەحکومەت یەکلایی دەکەنەوە.**

**تایبەت بە رووداو**

د.بەرهەم ساڵح، بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێتە سەرۆکی حکومەت و پێشنیازی ئەوەش هەیە نێچیرڤان بارزانی ببێتە جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراق.

هەرچەندە یەکێتی و پارتی، دوایین کۆبوونەوەیان نەکردووە بۆ ئەوەی بڕیار لە پێکهاتەی حکومەت و پۆستەکانی پەرلەمان و حکومەت بدەن، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەست (رووداو) کەوتوون، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵ دەدرێتە یەکێتی و د.بەرهەم دەبێتە سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی رێککەوتنی ستراتیجی نێوان هەردوولا. هەروەک چۆن نێچیرڤان بارزانی سەرەتا بۆ ماوەی دوو ساڵ بووە سەرۆکی حکومەتی کابینەی پێنجەم، پاشان لەسەر خواست و رەزامەندی یەکێتی و خودی مام جەلال بڕیاردرا تا هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نوێ لەدوای ئەو هەڵبژاردنانە لەو پۆستەدا بمێنێتەوە.

هەروەها بۆ کاری ئیداریی داهاتووی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی سەرچاوەکان دوو پێشنیاز هەن یەکێکیان ئەوەیە ببێتە جێگری سەرۆکی



د. بەرهەم ساڵح لە دوای دەنگدانی لە هەڵبژاردنی 7/25 (فۆتۆ: AFP)

حکومەتی عێراق، ئەویتریشیان ئەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو جێگری هەبێ و ئەو یەکێکیان بێ، بەڵام ئەوەی دواییان لە جێبەجێکردنەوە دوورترە لەوەی یەکەم بەپێی بۆچوونی هەموو لایەکەوە، بە خودی نێچیرڤان بارزانیشەوە.

سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "تاوەکو ئێستا دیارینەکراوە سەرۆکی حکومەت بۆ ماوەی چەند دەدرێتە یەکێتی، دوو ساڵە یان چوار ساڵ، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم ماوە بۆ یەکێتییە". سەعدی پیرە جەختی لەوەشکردەوە کە"لەم رۆژانەدا هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کۆدەبنەوە هەموو ئەو باسانەی تایبەتن بەحکومەت یەکلایی دەکەنەوە".

سەبارەت بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش، سۆزان شەهاب وتەبێژی لیستی کوردستانی لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "ئاماژەو زانیارییەکان بۆ ئەوە دەچن کە زۆرترین چانس بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ مەحمود محەممەد بێت و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش د. ئەرسەلان بایز و بۆ سکرتێری پەرلەمانیش کاک فرسەت لە جێگەی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیاری کۆتایی لەو بارەوە نەدراوە".

بەپێی رێککەوتنی پارتی و یەکێتی ئەمجارە فراکسیۆنی زەرد و سەوز نابێ لە پەرلەمان، بەڵکو هەردووکیان یەک فراکسیۆن دەبن و لەوانەیە د.کەمال کەرکووکی بکرێتە سەرۆکی فراکسیۆن.

# بارزانی دەست لە سەرۆکایەتی پارتی ناکێشێتەوە



**رووداو-هەولێر**

د. کەمال کەرکووکی، رەتیکردەوە مەسعود بارزانی دەست لە سەرۆکایەتی پارتی بکێشێتەوە.

د.کەمال کەرکووکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەست لە سەرۆکایەتی پارتی بکێشێتەوە و نێچیرڤان بارزانی ببێتە سەرۆکی پارتی، کەرکووکی لەمبارەیەوە گوتی " نەخێر شتی وانییەو ئەوە دوورە لە راستییەوە".

لەبارەی دەنگۆی ئەوەی ئەگەر د.بەرهەم ساڵح ببێتە سەرۆکی حکومەت ئەوە نێچیرڤان بارزانی دەبێتە جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراق، کەمال کەرکووکی ئەو ئەگەرەی بە دوور نەزانی و ئاماژەی بەوەدا ئەگەر ئەوە بکرێت " کارێکی زۆر زۆر باشە،چونکە پێویستیمان بە کەسێکی بەهێزە لە بەغدا".

دەربارەی ئەوەی لە بەرامبەر دەنگ کەمهێنانی لیستی کوردستانی لە سلێمانی، پارتی داوای کورسی زیاتر بکات لە پەرلەمان، ناوبراو ئەگەرێکی لەوشێوەیەی رەتکردەوەو گوتیشی " بەپێی قانوون نابێت یەکێک لە پەرلەمان دەربکەیت و یەکێکی دیکەی لە جێگە دانێی، بۆیە ئەوە راست نییە کە کورسی پارتی زیاتربێت لە پەرلەمان، ئەوە هەمووی قسەی رۆژنامەکانە".

3




## عوسمان بانیمارانی:

# داوای بەشی خۆمان لە پارەو سامانی یەکێتی دەکەین

**تایبەت بە رووداو**

عوسمان بانیمارانی، کە ئێستاش خۆی بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەزانێ رایگەیاند ئەوان وەک کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی- باڵی ریفۆرم دەستیان لەکار نەکێشاوەتەوەو دەڵێ "یەکێتی چەندین پرۆژەی سەرمایەگوزاری و ئابووری هەیە و بەپێی یاسا ئێمەش شەریکین و دوای بەشی خۆمان دەکەین".

عوسمان بانیمارانی، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمان، کە ئەمجارەش لەسەر لیستی گۆڕان بە ئەندامی پەرلەمان دەرچووەتەوە، تاوەکو ئێستا یەکێتی نەمانی ئەندامێتی ئەوی وەک چەند ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی کە چوونەتە پاڵ لیستی گۆڕان رانەگەیاندووە. هەفتەی رابردوو (کوردستانی نوێ)، رۆژنامەی رۆژانەی یەکێتی دەستیکرد بە نیشاندانی موڵک و ماڵی عوسمان بانیمارانی و باسکردنی رابردووەکەی. بانیمارانی دەڵێ ئەوان وەک ئەو 10 کەسەی باڵی ریفۆرم کە ئێستا لە ژێر چەتری بزووتنەوەی گۆڕان دا "وەکو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەستمان لەکار نەکێشاوەتەوە، وەکو باڵی ریفۆرمی یەکێتی خۆمان ئیعلان کردووەو بەپێی یاسا داوای ئەو مافانەی خۆمان دەکەین کە کەوتووەتە لای باڵی خەتی گشتی و بەپێی یاسا، باڵی ریفۆرم بۆی هەیە داوای ناوی یەکێتیش بکات". دەڵێ بەڵام ئەوانەی دەستیان کێشاوەتەوە حاڵەتەکەیان جیاوازە.

بانیمارانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێ ئەوان وەکو باڵی ریفۆرم داوای ئەو مافانە دەکەن کە لەلایەن "باڵی خەتی گشتییە یەکێتییەوە" لێیان زەوتکراوە. ناوبراو گوتی "ئەوانەی هاوسۆزن لەگەڵ ئێمەو لە پۆستەکانیان دەرکراون و مووچەکانیان بڕدراوە دەبێ مافەکانیان بدرێتەوە، هەروەها یەکێتی چەندین پرۆژەی گرنگ و سەرمایەی ئابووری هەیە، ئێمە شەریکین و بەپێی یاسا داوای مافی خۆمان دەکەین"، هەروەها گوتی " بەدڵنیاییەوە حەقی ئەوەمان هەیە شەریک بین لەو سەرمایانەدا"، گوتیشی "ئەوان دەڵێن ئەوانە شەریک بوون لە یەکێتی، راست دەکەن ئێمە لە رابردووی یەکێتی شەریکین و ئەگەر شەریکین دەبێ پشکی خۆمان بدەنێ".

4

## موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK:

# ئەمریکا لەگەڵ چارەسەری کێشەی کوردە بەڵام سیاسەتی ئەڵمانیا و فەرەنسا جیاوازە

**رووداو-قەندیل**

موراد قەرەیلان رایگەیاند نیازێکی چارەسەری لای سەرۆک حکومەتی تورکیا هەیە، بەڵام پرۆسەکە هەڵەی تێدایە چونکە دەڵێن گفتوگۆ لەگەڵ PKK ناکەن، مافی ئۆتۆنۆمی و خوێندن بەزمانی کوردی نادەنە کورد و ئۆجەلان ئازاد ناکەن.

موراد قەرەیلان،سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان و سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKKلە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ چەند رۆژنامەنووسێکی بیانی، کە هاوکاری هۆلەندیمان ولادیمێر ولخێنبرخ تێیدا بەشداربوو، باسی لە لێدوانەکانی هەفتەی رابردووی سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان و وەزیری ناوخۆی تورکیا کرد، کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسی و مەدەنییەکانی تورکیا لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد راسپێردراوە. قەرەیلان گوتی "لێدوانەکانی ئەردۆغان ئاماژە بەوە دەکەن کە بە دوای چارەسەریەوەن بەڵام لە مەسەلەی چارەسەریدا هەڵە هەیە"، ئەو هەڵەیەشی بەوە نیشاندا کە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنێکی کێشەکە کە PKK یە رەتدەکەنەوە. هەروەها گوتیشی " ئێستا وەزیری ناوخۆ دەگەڕێ و ناڵێ چی دەکەن، تەنها



باسی ئەوشتانە دەکات کە نایانکەن. بۆ نموونە پێش هەموو شتێک هێڵە سوورەکان دەکێشێت. دەڵێ: ئۆتۆنۆمی نابێت، خوێندن بە زمانی دایک نابێت و ئۆجەلان ئازاد ناکرێت". قەرەیلان دەڵێ ئەو پرسەی کە ئێستا ئەردۆغان بە نێوی "کرانەوە بەڕووی کورد دا" بەو عەقلیەتە ناتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکات " و زیاتر وەک مانۆڕێک بۆ خەڵەتاندنی دەرەوە و ناوخۆ دێتە پێش چاو". قەرەیلان دەڵێ ئەمریکا لەگەڵ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردە، بەڵام سیاسەتی ئەڵمانیا و فەرەنسا جیاوازە ئەویش بۆ ئەوەی شەڕ لە تورکیا بەردەوامبێ و بەوهۆیەوە رێگە نەدەن ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.

قەرەیلان دەڵێ ئەوان ئێستا نزیکەی 8هەزار گەریلایان هەیە، کە کەمێک لەنیوە زیاتریان لە باشووری کوردستانن، پرۆسەی بێدەنگکردنی چەکەکانیان دەستپێکردووە، بەڵام گوتیشی ئەو بیانووەی دەڵێ نەمانی گەریلا تورکیا ناچاری چارەسەری ئاشتیانە دەکات راست نییە " ئەگەر گەریلا نەمێنێ، تورکیا دەڵێ کێشەی کورد نییە". هەروەها گوتیشی کوردستان و تورکیا بوونەتە دوو کەناڵی پەترۆل بۆیە "چارەسەری کێشەی کورد بۆ هەردوولا بووەتە پێویستی".

9

## ڕاپۆرتە هەواڵ

**لە کوردستان و عێراق عومرە رادەگیرێت**



ڕووداو-هەولێر
بەهۆی مەترسی ئەنفلۆنزای بەرازەوە لە مانگی رەمەزان دا هیچ کەس لە کوردستان و عێراق بۆی نییە بچێتە عومرە. مەریوان نەقشبەندی، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند"حکومەتی عێراق بڕیاریداوە لە مانگی رەمەزان دا هیچ کەسێک نەچێتە عومرە و ئەوانەی تەمەنیان لە 65 ساڵ زیاترەو لە 15 کەمترە یان نەخۆشییان هەیە سعودیە ڕێگەیان پێنادات بچنە حەج و هیچ کەسێکی دیکەش لەجێگەیان دانانرێت".

# تاڵەبانی هەوڵی یەکخستنەوەی زەحمەتکێشان دەدات

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای ئـــەوەی لە 4ی ئەم مانگەدا تاڵەبانی نامەیەکی بۆ هەردوو باڵەکەی زەحمەتکێشان نارد بە مەبەستی یەکخستنەوەیان، کارگێڕی مەکتەبی سیاســی حیزبی زەحمەتکێشـــان رایگەیاند، ئێمە بە مەرجێک گفتوگۆ دەکەین کە قادر عەزیز لە گفتوگۆکاندا نەبێت و گوتیشی "ئێمە گفتوگۆ لەگەڵ قادر عەزیز ناکەین". بەڵام قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان، کە باڵی مەکتەبی سیاسی بڕیاری هەڵپەساردنی ئەویان داوە، دەپرسێت "ئەوان گفتوگۆ لەگەڵ کێ دەکەن کە لەگەڵ من نایکەن؟".

لەنامەکەیـــدا کـــە لـــەرۆژی 2009/8/4 نووســـیویەتی و دواتـــر دانیشـــتنی لەگـــەڵ هەردوولا کـــردووە، تاڵەبانی رایگەیاندووە کە ئەو ناوبژیوانی لەنێـــوان هەردوولادا دەکات بە مەبەســـتی پێکهێنانەوەو یەکخستنەوەیان . تاڵەبانی بە هەردوولای راگەیاندووە کە پێویستە دەســـت بەگفتوگـــۆ بکەنەوەو کێشـــەکانیان چارەسەر بکەن.

بەهمـــەن حوســـێن، کارگێـــڕی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان بە (ڕووداو)ی راگەیاند "ئێمـــە بە رێزەوە دەستپێشـــخەرییەکەی مام جەلال هەڵدەســـەنگێنین". هەروەها گوتیشی " کاک قادر هۆکاری ســـەرەکی ئەو دووکەرت بوونەی زەحمەتکێشـــان بوو، چونکە کاتێک ناوبـــراو تەجمید کـــرا ملی نەدایـــە بەر ئەو بڕیارەی ســـەرکردایەتی حیزب و بەردەوام بوو لەســـەرپێچیکردن"، ناوبراو گوتیشی "رەنگە لەئایندەیەکی نزیکـــدا جارێکی دیکە بیر لەو مەســـەلەیە بکەینەوە، بـــەڵام زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە قادر عەزیز بە سکرتێری خۆمان قبوڵ بکەین".

قادر عەزیز، لەوەڵامی بەهمەن حوســـێندا بـــە (ڕووداو)ی راگەیاند کە ئـــەوان دەیانەوێ پێکبێینەوەو هیچ مەرجێکی پێشەکیشـــیان نییە، گوتیشی "من سکرتێری زەحمەتکێشانم و ئەوان کە ئەو ناوەیان لەخۆیان ناوە ئازادن، بـــەڵام پێویســـتە واقیع بین بن و باشـــترە واقیعبینانە قسە بکەن".

کارگێڕی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان، رەخنـــە لە قـــادر عەزیز دەگرێ بـــەوەی کە دوای نامەکـــەی تاڵەبانی لەدوو دیمانەدا خۆی بەسکرتێری ئایندە-زەحمەتکێشان ناوبردووە و دەڵێ "ئـــەوە لای ئێمە رەفـــزە"، هەروەها گوتیشی "ئێمە بە بێ کاک قادر عەزیز دەکرێ لەگەڵ ئەو برادەرانە نزیک ببینەوە لەیەکتری، چونکە ئەو لای ئێمە تەجمید کراوەو تا نەچێتە ژێر باری ئەو بڕیارە، قبوڵی ناکەین". بەڵام قادر عەزیز دەڵێ "هێشـــتا وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری نەداوە کە کام لا خاوەنی زەحمەتکێشانە".

رۆژی 2009/3/28 باڵی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشـــان، بەهۆی چەند کێشـــەیەکی نێوخۆییـــەوە بڕیـــاری تەجمیدکردنـــی قادر عەزیزیان لەسکرتێری حیزبدا و دوای ئەوەش هەردوولا کۆنگرەیان بەست. بەهمەن حوسێن گوتـــی "قـــادر عەزیز هـــەر دەبێـــت بڕیاری تەجمیدبوون قبوڵ بکات، تا زەحمەتکێشانی یەکگرتـــوو لەئایندە بڕیار دەدات"، گوتیشـــی "بە هیچ شـــێوەیەک گفتوگۆ لەگەڵ کەسێک ناکرێ کە هەر لەئێستاوە خۆی وەک سکرتێر بسەپێنێ، نە لەئێســـتاو نە لەئایندە لە قادر عەزیز قبـــوڵ ناکرێ"، لەبەرامبەریشـــدا قادر عەزیز دەڵێ "ئەگەر ئاشتیش نەبینەوە، دەکرێ گفتوگۆ بکەین و پەیوەندیمان دۆستانە بێت".

ســـەرچاوەیەکی نزیک لەو کێشەیەی نێوان هەردوو باڵەکەی زەحمەتکێشان بە (ڕووداو)ی راگەیاند "مام جەلال لەسەر داوای قادر عەزیز ئەرکی ناوبژیوانیکردنی نێـــوان ئەو دووباڵەی لەئەستۆ گرتووە"، ئەو سەرچاوەیە ئاشکراشی کرد "کـــە دوای داواکارییەکـــەی قادر عەزیز، تاڵەبانی بەخێرایی ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ ئەو رۆڵ گێڕانە".



**ئەی گفتوگۆ لەگەڵ کێ دەکەن**

قادر عەزیز



**ئێمە گفتوگۆ لەگەڵ قادر عەزیز ناکەین**

بەهمەن حوسێن

## قایمقامی شنگال بۆ (ڕووداو):

# 4 تیرۆریست لەسەر تەقینەوەکەی شنگال دەستگیرکراون

**ڕووداو-موسڵ**

لیســـتی حەدبا هۆکاری ئەو تەقینەوە گەورەو هێرشـــە خۆکوژیانەی لە هەفتەی رابردوودا لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای موســـڵ روویاندا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هیچ پلانێکی ئەمنـــی لە پاش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنـــی پارێـــزگاکان دانەنـــراوە، بەهۆی ململانێی سیاسی . ئەسیل نجێفی پارێزگاریـــش دەڵـــێ لەدوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەناو شـــار باردۆخەکە باشتربووە.

دوای ئەوەی ئەسیل نجێفی، پارێزگاری موسڵ و لیستی حەدبا هێزە کوردییەکانیان، بەتایبەت پێشـــمەرگەی تۆمەتبـــار کرد و بەهـــۆکاری تەقینەوەکانی موســـڵی، دانا، رووبـــەڕووی رەخنەیەکی توونـــد بوونەوە لەلایەن لایەنـــە کوردییەکانەوە. دوای ئەوە پارێزگاری موســـڵ گوتی ئەو مەبەســـتی ئەوەی نەبووە هیچ لایـــەک تاوانبار بکات، بەڵام لە دەروازەکانی موسڵ لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە بەدەست پێشمەرگەوەن و لە دەروازە ســـنوورییەکان لەگەڵ سووریا کە بەدەست ســـوپای عێراقیەوەن "تیرۆریست دزە دەکەن".

جەعفـــەر شـــێخ مســـتەفا، وەزیـــری پێشمەرگە، بە (ڕووداو)ی راگەیاند" لیستی حەدبا لەو تەقینەوانە بەرپرسەو، هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ مێژووی پێشمەرگە بەم تۆمەتانە لەکەدار بکات، پێشمەرگە هەرگیز کاری ئاژاوەگێڕی و تەقینەوەی نەکردووە".

وەزیری پێشمەرگە، پێیوایە لیستی حەدبا لەبەر ئەوە ئەو بەرپرسیارێتییەی دەکەوێتە سەر شـــان چونکە "ئێستا ئیدارەی موسڵ لەدەست ئەواندایە، کەچی لە توانایاندا نییە هێمنی و ئاسایشی شاری موسڵ بپارێزن و شکستەکانی خۆیان دەدەنە پاڵ پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان".

لەتەقینەوەکەی هەفتەی رابردووی قەزای شـــەنگال دا 23 کەس گیان لەدەســـتداو 25 کەســـیش بریـــندار بـــوون، هەروەها لەتەقینەوەی گوندی خەزنەشدا 150کوردی شەبەک کوژران و بریندار بوون.

دەخیل قاسم، قایمقامی قەزای شنگال ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد کە"بە پشت بەســـتن بە هەندێک زانیـــاری هەواڵگری، ئێوارەی رۆژی 2009/8/15 هێزێکی هاوبەش کە پێکهاتبـــوو لە پۆلیس و پێشـــمەرگە و ســـوپای عێراقی پرۆســـەیەکی گەڕان و پشـــکنینیان لە قەزای شـــنگال ئەنجامدا و توانیان 4 تیرۆریســـت دەســـتگیربکەن، کـــە لەلێکۆڵینەوەکاندا دانیـــان بەوەدانا، کە دەســـتیان لە تەقینەوەکەی شنگال دا هەبـــووە". بەڵام قایمقام، ناســـنامە و ئەو رێکخراوەی کاری بۆ دەکەن ئاشکرا نەکرد.

**ئەوەی زیانی پێدەگات هاوڵاتیانن نەک من و خەسرۆ گۆران**

جێگری پارێزگاری موسڵ

لیســـتی حەدبا، کـــە لـــە هەڵبژاردنی پارێزگای موسڵ دا لە کۆی 37 کورسی، 19 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای بەدەستهێنا، ئامادەنەبوو پێڕەوی بنەمای تەوفوق بکات، کە لە دەســـتووری عێراق دا وەک بنچینەی بەڕێوەبردنـــی دەســـەڵات دیاریکراوە، هیچ پۆستێک بداتە لیستی برایەتی نەینەوا کە 12 کورســـی هەیە، لەبەر ئەوەش 4 قەزای کوردیی موســـڵ، کە بەگشتی لە 21 یەکە پێکهاتـــوون، دەســـەڵاتی لیســـتی حەدبا رەتدەکەنەوە، 12 ئەندامەکەی ئەنجوومەنیش ناچنە کۆبوونەوەکانی .

دڵـــدار زێبـــاری، جێگـــری ســـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ لەسەر لیستی حەدبا بە (ڕووداو)ی راگەیاند "لەبەر ململانێی سیاسی کە لەپاش هەڵبژاردنەکان پەیدابوو لەنێوان لیســـتی حەدبا و لیستی برایەتی نەینـــەوا، هیچ پلانێکی ئەمنـــی هاوبەش دانەنراوە".

هەرچەندە رێکخراوە چەکدارە نهێنییەکانی ناو موســـڵ، زیاتر لەناوچە عەرەبییەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام ماوەیەک تەقینەوەکان ئاراســـتەیان لـــە ناوچە کوردنشـــینەکانی پارێزگاکەیـــە. هەروەک چـــۆن لە مانگی رابردووشـــدا هەڕەشـــەکردن لـــە خێزانە کریستیانەکان توندبوو.

دڵدار زێباری، هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە" زۆر لایەنی سەربازی لەموسڵ هەن، لەنێویشـــیاندا پێشمەرگە، پارێزگای موسڵیش ســـنووری کراوەیە، ناتوانم هیچ لایەنێک تۆمەتبار بکەم بەوەستان لەپشت تەقینەوەکان، بەڵام ئەوەی زیانیان پێدەگات هاوولاتیانن، چونکە من و خەســـرۆ گۆران هەردووکمان پاســـەوانی خۆمانمان هەیە، بـــەڵام هێـــزە ئەمنییەکانی ئـــەو ناوچانە بەرپرسی یەکەمن کە تەقینەوەکان تێیاندا روویدا".



ژنە بریندارێکی تەقینەوەی شنگال

# تورکمان و ئاشووری و کلدان دەیانەوێ بەشداری حکومەت بکەن

**سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشوری: زەحمەتە بە وەزیری هەرێم رازی بین**

**عیسا عەبدولقەهار**
**ڕووداو- هەولێر**

هەرچەندە تائێســـتا بە شێوەیەکی فەرمـــی داوای بەشـــداریکردن لە تورکمان و ئاشـــووری وکلدانەکان نەکراوە بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێی حکومەتی کوردســـتان، بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە بە مەرج بەشداری لەحکومەتی ئایندە دەکەین، سەرۆکی ئەنجوومەنی کلدانی سریانی ئاشوری رایگەیاند "لەوانەیە داوای وەزارەتێک بکەین و، پێم باشە داوای وەزارەتی پەروەردە بکەین".

کەرخـــی ئالتی بەرماخ، ســـەرۆکی لیســـتی بزووتنـــەوەی دیموکراتی تورکمان لەکوردستان، ئەوەی ئاشکرا کـــرد کە تا ئێســـتا لەلایەن پارتی و یەکێتی (لیســـتی کوردستانی)، داوایان لێنەکراوە بۆ بەشداریکردن لەحکومەتـــی داهاتووی کوردســـتان و گوتی دوای ئەو داوایە "پێویستە بۆ ئەو مەبەســـتە لەگەڵ مەکتەبی سیاســـی خۆمان کۆببینـــەوە، بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتە"، هەروەها دەڵێت "ئێمە تائێستا کۆنەبووینەوە تا بزانین ئەگەر داوامان لێ بکرێت، داوای چی بکەین؟، یاخود داوای چ وەزارەتێک بکەیـــن"، ئالتی بەرماخ گوتیشی "بەڵام حەتمەن ئەوان کە داوای بەشداریکردنمان لێ دەکەن، چەند خەیاراتێکمان دەخەنە پێش، ئێمـــەش بەپێـــی خەیارتەکانیان مامەڵە دەکەین".

بەپێی ئەو یاسایەی کە لەکوردستان کاری پێکـــراوە، تورکمانـــەکان بە سیســـتمی کۆتا 5 کورســـیان لەپەرلەمانی کوردستان بۆ تەرخان دەکرێت، کە لیســـتی بزووتنەوەی دیموکراتـــی تورکمـــان، توانی 3 کورسی لەکۆی 5 کورسی پەرلەمان بەدەستبێنێت.

ئەو ســـەرۆک لیســـتەی تورکمان ئاماژەی بەوەکرد دوای باســـکردنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت بە فەرمی "دەبێ داوامان لێ بکرێت، تا ئێمـــەش ئەوکات هەڵویســـتی خۆمان رابگەیێنین".

ئاشـــووری و کلدانەکان، بەشداری حکومەتـــی داهاتووی کوردســـتان دەکەن، بەڵام بەشداریکردنییان وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشـــوری، بە (ڕووداو)ی راگەیانـــد، ئـــەوان بـــە وەزارەتێک بەشـــداری لەحکومـــەت دەکـــەن. جەمیل زەیتۆ، گوتی "لەوانەیە هەر داوای یـــەک وەزارەت بکەیـــن، بۆ بەشـــداریکرنمان لەحکومەت، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەنجامێک". زەیتـــۆ گوتیشـــی" دەمانـــەوێ وەزارەتێکـــی گرنگمـــان پێبدەن، چونکـــە ئێمـــەش نەتەوەیەکین و مافمان هەیە".

ئاشـــووری و کلدانەکانی کوردستان بەهەمـــان ئـــەو سیســـتمەی کە بـــۆ تورکمانـــەکان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەیڕەو کراوە 5 کورســـیان بەردەکەوێت، کە 4 لیست بۆ بردنەوەی ئەو 5 کورسیە لەکێبڕکێدا بوون، بەڵام ئەنجوومەنی میللی کلدنی ســـریانی ئاشوری، 3 کورســـی لەهەڵبژاردنـــی پەرلەمان بەدەســـتهێنا، مەســـیحییەکانی کوردســـتانیش لەکلدان و ئاشوورو ئەرمەن پێکدێن.

جەمیـــل زەیتـــۆ، رایدەگەیێنێ کە هەرچەندە ئـــەوان مەرجیان دەبێ بـــۆ بەشـــداریکردن لەحکومـــەت، بـــەڵام" لەوانەیە جگە لـــە وەزیری هەرێم، بە هەر وەزارەتێک بێ رازی بن"، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئەو پێی باشە لیستەکەیان داوای وەزارەتی پەروەردە بکات، جەمیل گوتیشـــی "زەحمەتە بـــە وەزیری هەرێم رازی بین، بۆیە پێویستە داوای وەزارەتی پەروەردە بکەین، ئەمەش بۆچوونی خۆمە، بەڵام ئێمەش پێویستیمان بە کۆبوونەوەی زیاتر هەیە".

# "لەگرتووخانەکاندا دەستدرێژی دەکرێتە سەر گەنجان"

## رێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان: 45 باندی بازرگانیکردن بەمرۆڤ لە کوردستاندا کاردەکەن

**ڕووداو-هەولێر**

لـــە راپۆرتێکـــی رێکخراوی تواناســـازی لاوانی کوردســـتان دا خراپی رەوشـــی گەنج لـــە کوردســـتاندا خراوەتـــەڕوو، بەپێی ئەو راپۆرتە لە گرتووخانەکاندا دەســـتدرێژییەکی زۆر دەکرێتـــە ســـەر گەنجان و، بەشـــێکی گەنجە ئازادەکانیش لەچەندین رووەوە "لەژێر مەترسیدان" و، هەروەها راپۆرتەکە دەڵێ "45 باندی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە لە کوردستاندا هەن".

ئەو راپۆرتەی رێکخراوی تواناسازی لاوان، بەرهەمـــی بەدواداچوونی 12 مانگی ســـاڵی 2008ە، بۆ رەوشـــی گەنج لە کوردستانداو، لـــە رۆژی 2009/8/12 دا لە ســـەمینارێکی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ژێر ناوی (لاوان لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا) خرایەڕوو.

لەو راپۆرتـــەدا، هەرچەنـــدە ئاماژە بەوە دراوە کە گۆڕانکاری و هەندێک چاکسازی لە بەندیخانەکاندا کراوەو داخستنی گرتووخانەی ئاکرێش بەنمونە هێنراوەتەوە، بەڵام ئەوەش خراوەتەڕوو کە رەوشی زیندانیان لە "ئاستێکی باشدا نییە" و مافەکانیان پێشێل دەکرێن .

لە راپۆرتەکەدا ئەو حاڵەتە نائاســـاییانە خراوەتەڕوو کە لە گرتووخانەکانی کوردستاندا بەگشـــی پەیڕەو دەکرێـــن و دەڵێ " تاوەکو کۆتایـــی 2008، بەشـــێوەیەکی دیـــار لـــە زیندانەکاندا ئەشـــکەنجەو لێدانی نادروســـت و دەســـتدرێژی هەبووە، نەگونجانی شوێن، بەکارهێنانی کەلەپچە، بەستنەوە لە توالێت و ژووری تاکەســـی، کارەبا لێدان و ئاوی سارد پێداکردن لە ئەشـــکەنجەدانی زیندانییەکاندا بەکارهاتووە، هەروەها بەکارهێنانی بەشـــێک لە زیندانییەکان بۆ لێدانی زیندانییەکانی دیکە وەک جۆرێک لە سزادان بەکارهاتووە".

راپۆرتەکە بە هێنانەوەی چەند حاڵەتێکوەک بەڵگە گوتەکانی خۆی پشتراست کردووەتەوە" گەنجێکی تەمەن 17 ساڵ، کە لەلایەن پۆلیسی کۆیەوە دەستگیرکراوە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئەشـــکەنجەدراوەو دەســـتدرێژی سێکســـی کراوەتە ســـەر"، راپۆرتەکـــە لە نموونەیەکی دیکەشـــدا دەڵێ " گەنجێکی تەمەن 14 ساڵ لە سەمونخانەیەک کاری کردووە، بە تۆمەتی نێربازی لەلایەن پۆلیســـی ئاکرێ لە شوباتی 2008دا دەستگیرکراوەو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەو تۆمەتانەی رەتکردووەتـــەوە، بەتایبەت لێدان بەرامبەری بەکارهێنـــراوە، بەتایبەتی لێدان لـــە قاچەکانی، لەژێر گوشـــاردا دانی بەتاوانەکەدا ناوەو ســـەرەتاش بۆ ماوەی دوو رۆژ بە کەلەپچەکراوی بێ کراس بەدەسشۆری تەوالێتێکەوە بەستراوەتەوە".

لەهەمـــان راپۆرتدا ئامـــاژە بەوەکراوە کە لـــە یەکێک لە گرتووخانەکانی ســـلێمانی دا دەستدرێژی کراوەتە سەر کچێک " ئەفسەرێکی ئێشکگر هێرش دەکاتە سەر کچێکی تەمەن 15 ساڵ کە بەتۆمەتی لەشفرۆشی لە بەشی نەوجەوانانی سلێمانی دەستگیرکرابوو".

**تاوان و توندوتیژییەکانی گەنج**

ئـــەوە نییە کـــە گەنجان تەنیـــا تاوانیان بەرامبەر کرابێت، بەڵکو بەشێکی راپۆرتەکە تەرخانکراوە بەو تـــاوان و توند وتیژیانەی گەنجان نواندوویانن لە دەرەوەی بەندیخانەکان و بەهۆیانەوە رەوانە بەندیخانە کراون.

لە راپۆرتەکەدا چەند ئامارێک خراوەتەڕوو کە لـــە هەولێـــر 38 حاڵەتی کوشـــتن، لە ســـلێمانی 38 حاڵـــەت و لە دهـــۆک یەک حاڵەتی کوشتن هەبووە. سەبارەت بە تاوانی دزی و رێگریکردنیش لە هەولێر 26 حاڵەت، لـــە ســـلێمانی 81 حاڵەت و لـــە دهۆکیش 92 حاڵـــەت هەبووە. بەپێـــی راپۆرتەکە بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە هەولێر و دهۆک هیچ حاڵەتێک دەستنیشـــان نەکراوە، بەڵام لەسلێمانی 18 حاڵەت هەبووە.

بەشـــێکی دیکەی راپۆرتەکە تایبەتە بەو حاڵەتانـــەی کە راپۆرتەکە ناوی ناون "لادانی سێکسی و لەشفرۆشی". بەپێی ئەو راپۆرتە" 23 حاڵەت لە هەولێـــر هەبووە: 36 حاڵەت لەسلێمانی، 22حاڵەت لە دهۆک تۆمارکراون و، هیـــچ حاڵەتێکی نێربازی لە هەولێر تۆمار نەکراوەو لە دهۆک 9 حاڵەت و لەسلێمانی 4 حاڵەت تۆمارکراوە".

رێکخراوی تواناسازی لاوان، کە رێکخراوێکی نا حکومییە، تەمەنی گەنجێتی لە نێوان 14بۆ 30 ساڵ داناوە، لەهەمان راپۆرتدا دیاریکردووە کە 9 حاڵەتی ساختەکاری لەلایەن گەنجان لە ســـلێمانی، 5 حاڵەت لەهەولێر تۆمارکراون. بۆ هەڕەشـــەکردنیش 3 حاڵـــەت لە هەولێر و 7 لەســـلێمانی تۆمارکـــراون. بـــۆ تاوانی باری کەســـێتی 16 حاڵەت تەنیا لەسلێمانی تۆمارکراون و بـــۆ تیرۆریش 8 حاڵەت تەنیا لەسلێمانی تۆمارکراون.

**45 باندی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە هەن**

لەو راپۆرتەی رێکخراوی تواناســـازی لاوان دا، ئامار و ئاماژەی زۆر مەترسیدار لە هەرێمی کوردســـتان دا خراونەتەڕوو. لـــە دیاردەیەکی باســـنەکراودا لەنێو کۆمەڵگەی کـــوردی دا، راپۆرتەکـــە ئاماژە بەبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە باندەکانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ دەکات لە کوردســـتان و دەڵێ " لەشفرۆشی گەنجان لە کوردســـتاندا وەک گەنجانی ناوخۆ لەلایەک و بەکارهێنانـــی گەنجانی بیانـــی و ئاوارەی ناوخۆ IDP لە کوردســـتاندا لەساڵانی رابردوو زیاتر بەدی دەکـــرێ و حاڵەتەکانیش دەچنە چوارچێوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە".

بازرگانیکـــردن بەمرۆڤ، کـــە بریتییە لە قاچاخچێتیکردن بە مرۆڤەکانـــەوە، بەزۆری ئافرەتان، بەشێوەیەکی رێکخراو و نهێنی لە وڵاتێکەوە بـــۆ وڵاتێکی دیکە، بەپێی تەواوی پێوەرە یاساییە نێودەوڵەتییەکان قەدەخەیە. راپۆرتەکە ئامارێکی بڵاوکردووەتەوە کە پشتی بەسەرچاوە تایبەتییەکانی رێکخراوی تواناسازی لاوان بەستووەو دەڵێ" لە کوردستاندا زیاتر لە 45 باندی بازرگانیکردن بە مرۆڤ هەیە".

راپۆرتەکە، زانیاری زیاتر دەدات لەسەر ئەو باندانـــە کە" 19 باند لـــە هەولێرن و ژمارەی لەشفرۆشـــەکان 108 کەســـەو کە بریتین لە کچـــی کورد و عەرەب و چینی و ئەســـیوبی و بەنگلادشـــی، 17 بانـــد لە ســـلێمانین کە ژمارەی لەشفرۆشـــەکانیان 125 کەسە، کە کچی ناوخۆیی و عەرەب و چینی و ئەسیوپی و بەنگلادشی و ئەندەنوسین، 9 باندیش لە دهۆک هەن کە 120 لەشفرۆشن و کە ئافرەتی ناوخۆیی و عەرەب و بەنگلادشین".

هەر لەو راپۆرتەدا زانیاری ئەوە خراوەتەڕوو کە 204 کچ کە تەمەنیان لەنێوان 14 ســـاڵ تاوەکو 30 ســـاڵدایە پـــەردەی کچێنیان لە دەستداوە.

شـــاد محەممەد، بەڕێوەبـــەری رێکخراوی تواناســـازی لاوان، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، پێداگیـــری لەســـەر راســـت و دروســـتی زانیارییەکانـــی راپۆرتەکەیان کردەوەو گوتی " ئـــەم راپۆرتە بەرهەمی 12 مانگ کارکردنە و دەبێتە باکگراوندێکیش بۆ راپۆرتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەســـاڵی 2010دا بڵاو دەکرێتەوە کە تایبەت بە رەوشی گەنج"

شـــاد، رەوشـــی گەنج لە کوردســـتان دا بە"کارەســـاتێکی مەترســـیدار" نـــاو دەباتو دەڵـــێ "ئەوەی جێگـــەی مەترســـییە، ئەو پێشـــەوەچوونەی لە بوارەکانـــی ئابووری و بیناســـازی و حوکمڕانی و لایەنەکانی دیکەی ژیاندا روویداوە، ژیانی گەنجانی نەگرتووەتەوە، ئەمەش کارەساتە، کە لایەنەکانی دیکەی ژیان پێش بکەون و لایەنێک وەک خۆی بمێنێتەوەو بگرە بۆ دواوەش بگەڕێتەوە".

ئێستا رێکخراوی تواناسازی لاوان سەرقاڵی ئامادەکردنی راپۆرتی ســـاڵی 2009ە، شاد دەڵێ" بەداخەوە راپۆرتی 2009 ئاماژە بەوە دەکات کە رەوشـــی گەنج ئەمســـاڵ خراپترە لەساڵی رابردوو، بۆ نمونە ساڵی رابردوو ئەگەر لە هەفتەیەک 3 تاوان روویدابێ، ئەمســـاڵ لە هەفتەیەک 9 تاوان بەرامبەر گەنجان کراوە یان گەنجان خۆیان تاوانەکەیان کردووە.



دیمەنێک لە سەمیناری وەزارەتی وەرزش و لاوان و رێکخراوی تواناسازی لاوان (فۆتۆ:ڕووداو)

## ڕاپۆرت

### بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی تکریت هەڵەبجەی کیمیابارانکردووە

ڕووداو-الحقائق

ماڵپەڕی(الحقائق) لە زاری سەرچاوە ئاگادارەکانی بڵاویکردووەتەوە، کە عەقیدی فڕۆکەوان(عەبدوڵڵا جاسم محەممەد) کە بە(بالخلخ) ناسراوە، ئێستا بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگای سەلاحەدینە، یەکێکە لەو فڕۆکەوانانەی کە بەشداری لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و هێرشەکانی ئەنفال دا کردووە، خۆیشی چەند جارێک لە دانیشتنەکانیدا باسی ئەوەی کردووە. عەبدوڵڵا جاسم، ئەندامی حیزبی دستووری عێراقە، کە جەواد بۆلانی وەزیری ناوخۆی عێراق سەرۆکایەتی دەکات.



کەمال کەرکووکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی:

# پەرلەمانی نوێ لەوەی پێشوو زیاتری پێناکرێ



**د.کەمال کەرکووکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر ئەوە کرابێت پارتی ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمان زیاتر بێت لە یەکێتی و گوتی تائێستا هیچ ڕێککەوتنێک لەبارەی دابەشکردنی پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت لە نێوان پارتی و یەکێتی نەکراوە، بەڵام ئەوە بڕیاری مام جەلالە ئاخۆ نێچیرڤان بارزانی لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوەو بۆ دروستکردنی کابینەی شەشەم ڕادەسپێرێت یان د.بەرهەم ڕادەسپێرێت بە پێکهێنانی حکومەت.**

**ڕووداو-هەولێر**

**ڕووداو: چاوەڕێ دەکرێ پەرلەمانی داهاتوو بەهۆی بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزەوە زۆر چالاک و پڕ ململانێ بێت، ئێوە لەمبارەوە چ دەڵێن؟**

### ئەگەر کاک نێچیرڤان بارزانی ببێتە جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراق زۆر باشە

**کەمال کەرکووکی:** باوەڕناکەم پەرلەمانی تازە لەوەی پێشووتری زیاتر پێ بکرێ، چونکە ئەوەی پێشتر زۆر کاری باشی کردووە، چونکە لە ڕەوشێکی زۆر ئاڵۆزی کوردستاندا زۆر بە عاقڵی و هێمنی کاری کردووەو کوردستانی گەیاندە ئەم قوناخە، ئێستاش هەم لیستی کوردستانی و هەم ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن داناوە بەدەنگی خەڵکی کوردستان دەرچوون و جێگەی ڕێزن و پێشبینی دەکەم بەردەوامی بە کارەکانی پێشتری پەرلەمان بدرێ.

**ڕووداو: یانی پێتوانییە هیچ کێشەیەک ڕوویدات؟**

**کەمال کەرکووکی:** نەخێر هیچ ڕوونادات، کارێکی زۆر پۆزەتیڤیشە کە کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز لە پەرلەماندا هەن کە لە خزمەتی گەلەکەماندایە. پێشموایە ئێمە ناکۆکی و بۆچوونی جیاوازمان لە نێوخۆماندا دەمێنێتەوەو هەموومان لە بەرامبەر بەدەستهێنانی مافەکانمان لە بەغدا هاوبۆچوون دەبین.

**ڕووداو: بەڵام لیستی گۆڕان بڕیاریداوە بە لیستی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بکات؟**

**کەمال کەرکووکی:** هەوڵدەدەین بە یەکگرتوویی بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکەین، بەڵام ئەگەر بە لیستی جیاوازبوو، لە پەرلەمانی عێراق هاوپەیمانێتی دەکەین لەگەڵ هەموو لیستە کوردییەکان. لەوانەش لیستی گۆڕان، چونکە بەڕاستی ئەوان ئۆپۆزیسیۆنن، لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە هەڵبژێردراون و پێویستە ئێمە ڕێز لە بڕیاری خەڵکی کوردستان بگرین. بوونی ئۆپۆزیسیۆنیش لە پەرلەمان خاڵێکی پۆزەتیڤە.

**ڕووداو: لیستی گۆڕان دەڵێن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش بە لیستی جیاواز بەشداری دەکەن، ئایا ئەمە کاریگەری خراپی نابێت بۆ سەر پرسی کورد؟**

**کەمال کەرکووکی:** ئێمە هەوڵدەدەین گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین و لەوانەیە بەیەک لیست بەشداری بکەین یان بە جیاواز، بەڵام ئەگەر بە لیستی جیاوازیش بێت مانای ئەوە نییە ئێمە دژی یەکترین، بەڵکو هەوڵدەدەین دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانێتی دروستبکەین و یەک هەڵوێست بین بۆ بەدەستهێنانەوەی مافەکانمان. پێشموایە زۆربەی پارت و لایەنە کوردستانییەکان بۆچوونی هاوبەشیان هەیە لەبارەی پرسی کەرکووکەوە. چونکە هەر لایەنێکی کوردی دژی گەڕانەوەی کەرکووک بێت بۆسەر کوردستان دەدۆڕێت.

**ڕووداو: ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بڵاویکردەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە نەوشیروان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا هاوپەیمانێتی لەگەڵ مالیکیدا بکات؟**

**کەمال کەرکووکی:** من باوەڕناکەم لیستی گۆڕان بە بێ لیستی کوردستانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنێکی عەرەبی عێراقیدا بکات. ئەگەر هاوپەیمانێتی بکەن ئەوە بەیەکەوە دەیکەین.

**ڕووداو: دەڵێن لەبەر ئەوەی سەرۆکی حکومەت دەدرێتە یەکێتی بۆیە سەرۆکی پەرلەمان ئەمجارە پارتی دەبێت و تەنانەت دەڵێن مەحموود محەممەد بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کراوە؟**

**کەمال کەرکووکی:** بەپێی ڕێککەوتننامەی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی، ئەمجارە سەرۆکی حکومەت مافی یەکێتییە و ئێمە چاوەڕێی مام جەلال دەکەین لەمبارەیەوە چی دەڵێت و هەرچییەک بڵێت ئێمە پێیەوە پابەند دەبین. ئەگەر مام جەلال جارێکی دیکە کاک نێچیرڤانی ڕاسپاردەوە بۆ سەرۆکی حکومەت ئەوە پیرۆزبایی لێدەکەین، ئەگەر د. بەرهەم یان کەسێکی دیکەی دانا ئەوە هەر پیرۆزبایی لێدەکەین. چونکە ئێمە دژی ڕێککەوتننامەی ستراتیجی ناوەستینەوە. ئێمە وەک پارتی هێشتا سەرۆکی پەرلەمانمان دەستنیشان نەکردووە، هەتا مام جەلال و کاک مەسعود کۆنەبنەوە بڕیار لەسەر سەرۆکایەتی و پێکهێنانی حکومەت وسەرۆکایەتی پەرلەمان نادرێت. لە چەند ڕۆژی داهاتوو کە دادگەی پێداچوونەوە بڕیاری کۆتایی لەسەر سکاڵاکان و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دا، دوای 10 ڕۆژ پەرلەمان کۆدەبێتەوە.

**ڕووداو: ڕاستە ئێوە ڕێککەوتننامەی ستراتیجیتان لەگەڵ یەکێتیدا هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لیستی کوردستانی لە سلێمانی لەبەرامبەر گۆڕان دەنگێکی کەمی بەدەستهێنا، بۆیە دەڵێن ئەگەر پارتی سەرۆکی حکومەت بداتە یەکێتی، ئەوە لە پەرلەمان ژمارەی کورسییەکانی پارتی زیاتر دەبێ؟**

**کەمال کەرکووکی:** نەخێر وانییە، چونکە کورسییەک کەمتر یا زیاتر بۆ ئێمە گرنگ نییە، تەنانەت سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ ئێمە هێندە گرنگ نییە، گرنگ پاراستنی بەرژەوەندی و یەکێتی ڕیزەکانی گەلی کوردستانە. جگە لەوە بەپێی قانوونیش نابێ یەکێک لە پەرلەمان دەربکەی و یەکێکی دیکەی لە جێگە دابنێی، بۆیە ئەوە ڕاست نییە کە کورسی پارتی زیاتربێت لە پەرلەمان ئەوە هەمووی قسەی ڕۆژنامەکانە. من وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەڵێم هیچ گفتوگۆ لەسەر ئەو کێشانە نەکراوە ئەوە هەموو قسەی ڕۆژنامەکانە کە بە ئارەزووی خۆیان یەکێک دەکەنە سەرۆکی حکومەت و یەکێکیتر دەکەنە سەرۆکی پەرلەمان!

**ڕووداو: وا بڵاوکرایەوە کە مەسعود بارزانی دەست لە سەرۆکایەتی پارتی دەکێشێتەوەو نێچیرڤان بارزانی دەبێتە سەرۆکی پارتی، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

**کەمال کەرکووکی:** نەخێر شتی وانییەو ئەوە دوورە لە ڕاستییەوە.

**ڕووداو: ئەی ڕاستە دوای ئەوەی د. بەرهەم ساڵح دەبێتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی دەبێتە جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراق؟**

### باوەڕناکەم لیستی گۆڕان بە بێ لیستی کوردستانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنێکی عەرەبی عێراقیدا بکات

**کەمال کەرکووکی:** لەوانەیە. ئەگەر کارێکی وا بکرێ زۆر زۆر باشە، چونکە ئێمە پێویستمان بە کەسێکی بەهێزە لە بەغدا. کاک نێچیرڤان وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەسێکی زۆر سەرکەوتووبوو، زۆر کاری گرنگ و باشی بۆ کوردستان کردووە، لەوانە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، یاسای نەوت وگاز، چارەسەرکردنی کێشەی کارەباو ئاو، ئەوانە حکومەتی کوردستان کردی، بەڵام

### کۆنگرەی پارتی دەکەوێتە بەهاری ساڵی داهاتوو

کاریگەری نێچیرڤان بارزانی زۆربوو لەسەر جێبەجێبوونی ئەو پرۆژانە. هەروەها نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی گرنگی لە یەکنزیکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەبوو، وەکو سەرۆک وەزیرانی هەموو کوردستان کاریکردووە، بۆیە ئەگەر لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە وەک سەرۆک وەزیرانی کوردستان ئەوە لە خزمەتی هەموولایەکدایە، ئەگەر بچێتە بەغداش دڵنیام هەمان ڕۆڵی ئیجابی دەبێ.

**ڕووداو: باسی ئەوە دەکرا کە پارتی لە مانگی تشرینی یەکەم، واتە بەر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق کۆنگرە ببەستێ، کار بۆ بەستنی کۆنگرە کراوە؟**

**کەمال کەرکووکی:** خۆی دەبووایە تا کۆتایی ئەمساڵ کۆنگرەمان بکردبا، بەڵام ئەمساڵ ئەرکێکی زۆرمان لەبەردەمە و سەرقاڵی ئەنجامدانی چەند هەڵبژاردنێک دەبین، بۆیە پێموایە کۆنگرە دەکەوێتە ساڵی داهاتوو لەنێوان مانگی 3- 4.

**ڕووداو: ساڵی ڕابردوو کێشەیەکت لەگەڵ میدیای تورکی بۆ دروستبوو لەسەر کەرکووک و بوونی نەخشەیەکی کوردستان، دەڵێن ئێستا تۆ هەڵوێستت نەرمبووە بەرامبەر کەرکووک؟**

**کەمال کەرکووکی:** نەخێر ئێمە شتێکی هەڵەمان بەرامبەر تورکیا نەگوتووەو کەرکووکیش لە ڕووی مێژوویی‌یەوە بەشێکە لە کوردستان و چەندین بەڵگەنامەی مێژوویش لەمبارەیەوە هەن و دەبێ پرسی کەرکووک بەپێی ماددەی 140 چارەسەر بکرێ.

# یەکێتی دەیەوێ بە پۆستی سەرۆکی حکومەت سلێمانی لە گۆڕان وەربگرێتەوە

**نەوزاد مەحمود**

**ڕووداو- سلێمانی**

دەرهێنانەوەی سلێمانی لەبندەستی لیستی گۆڕان، تەوەری سەرەکی زۆربەی کۆبوونەوەو گفتوگۆی نێوان سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو هەر بۆ ئەم مەبەستەش، خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات و لەو 30 ڕۆژەشدا کە بانگەشەی هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوەچوو، سەرکردەکانی یەکێتی، پەیتا پەیتا، هەواڵی وەرگرتنی ئەو پۆستەیان بۆ جەماوەرە دوودڵەکەیان دووپاتدەکردەوە.

بەرزانی ئەحمەد کوردە، بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی دەڵێ" وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت لەلایەن یەکێتییەوە، کاریگەری زۆری لەسەر هەستانەوەی یەکێتی دەبێت". ئەو بەرپرسە گوتیشی"بێگومان یەکێتی و سلێمانی دەبەینەوە دۆخەکەی جاران". وەک ئەو ئاشکرای کرد، هەر لەئێستاوە یەکێتی بەرنامەی داڕشتووە بۆ باشترکردنی دۆخی نێوخۆیی یەکێتی و سلێمانی و هەروەها گوتی "بە دڵنیاییەوە یەکێتی پۆستی سەرۆکی حکومەت وەردەگرێت".

مام جەلال و د.بەرهەم ساڵح، لە هەوڵێکی زۆردابوون لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە سلێمانی، بەڵام لیستی گۆڕان توانی ناو شاری سلێمانی و قەزای کۆیە بباتەوە . سەرکردەکانی یەکێتی بەڵێنی هەستاندنەوەی حیزبەکەیان بە پۆستە باڵاکەی حکومەتەوە هەڵدەواسن و پێیانوایە هەر لەوێوە دەتوانن خوێنی یەکێتی لەجەستەی سلێمانیدا بجوڵێننەوە. سەرکردەیەکی لیستی گۆڕانیش پێیوایە بە وەرگرتنی ئەو پۆستەش لەلایەن یەکێتییەوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت.

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، کەسی دووەمی کۆمپانیای وشەو لیستی گۆڕان گوتی" کێشەکە ئەوە نییە کێ سەرۆکی حکومەت دەبێ، بەڵکو ئەوەیە کە بەرنامەی حکومەت چییە". ڕەحیم هەروەها گوتیشی "ئەگەر ئەوان بەرنامەیەکی ڕێکوپێکیان هەبێت و سەرجەم کەموکوڕی و گرفتە ئیداری و حیزبییەکان چارەسەر بکەن، ڕەنگە ئەوکات کاریگەرییەکی هەبێت". بەبڕوای ئەو سەرکردەیەی لیستی گۆڕان "دەموچاو گۆڕین چارەسەری کێشەکان ناکات".

سلێمانی کە هەمیشە یەکێتی بە قەڵای سەوزی خۆی دایناوە، ئەمجارە لەلایەن سەرکردەو ئەندامەکانی دوێنێیەوە لەو هەڵبژاردنەدا مۆر کرا. کادیرێکی پلە بەرزی یەکێتی گوتی "بێگومان دەبێ یەکێتی سلێمانی وەربگرێتەوە، چونکە مەسەلەکە تەنها شەڕی گۆڕان نییە". وەک ئەو بەرپرسە گوتیشی" یەکێتی پێویستە سلێمانی هەبێت تا شەڕی پارتیشی پێ بکات، لەکاتێکدا کە پارتی هەولێر و دهۆکی هەیە".

بەر لە یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، یەکێتی توانای سێ سەرۆک حکومەتی لە ئیدارەی سلێمانیدا تاقیکردەوە کە ئەوانیش هەر یەک لەکۆسرەت ڕەسوڵ و د.بەرهەم و عومەر فەتاح بوون. وا ئێستا جارێکی دیکە د.بەرهەم دەبێتەوە کاندیدی یەکێتی بۆ وەرگرتنەوەی سەرۆکی حکومەت.

بەبڕوای چاودێرانی سیاسی، وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت شتێکی کەم نییەو دەکرێ یەکێتی بۆ بەهێزکردنەوەی خۆی لەو بارە لاوازەی ئێستای کە تێیکەوتووە بۆ ئاشتکردنەوەی پێگە تەقلیدییەکەی پشتی پێ ببەستێت، بەڵام هاوکات ئەوەش دەڵێن، کە بەتیری ئەو پۆستە ناتوانێ ئەو دوو نیشانەیە بپێکێت . یوسف گۆران، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و جێگری بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان پێیوایە"ئەگەر د.بەرهەم ئەو پۆستە وەربگرێت، بێگومان ئەو داکشانە مەعنەویەش قەرەبوو دەکاتەوە".

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی لەو بڕوایەشدایە، کە ناکرێ یەکێتی تەنها بەوە دڵخۆش بێت و دەڵێ " یەکێتی و بارودۆخی نێوخۆیی یەکێتی چارەسەری دەوێت ". ئەو گوتیشی " یەکێتی پێویستی بەفۆرماتکردنی حیزبی هەیە و کێشەکە لەوە گەورەترە تەنها بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت چارەسەربێت". ئەوەشی ڕەتکردەوە کە یەکێتی لەسلێمانیدا بە تەنها بەهۆی خراپی ئیدارەکەیەوە کەوتبێت و گوتی "لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە بارودۆخی نێوخۆیی یەکێتییەوەش هەن".

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، پێداگیری لەسەر ئامادەکارییەکانی بە خۆداچوونەوەو چاکسازی لەنێو یەکێتیدا دەکات و دەڵێ لەنێو تەواوی ئۆرگانەکاندا پێداچوونەوە دەکرێت و گوتیشی "ئەو حەوت لیژنەیەی چەندان مانگە دامەزراون، جارێکی دیکە دەست بەکاردەبنەوە بۆ درێژەدان بەچاکسازییە نێوخۆییەکانی یەکێتی".

بەر لە دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانیش، ئاماژەکانی دڵشکانی جەماوەری یەکێتی بەسلێمانییەوە دیاربوو، بەتایبەت لەو کاتانەی کە پرسی ئیدارەو خزمەتگوزاری و بەراوردکردنی سلێمانی بە هەولێر دەهاتە ئاراوە. لە دوای هەڵبژاردنەکانیشەوە بەرپرسانی یەکێتی ڕایانگەیاند، کە لە سلێمانیدا ئیدارە بەدەست ئەوانەوە نەبووەو بەدەست گۆڕانەوە بووە. سەعدی ئەحمەد پیرە لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕاگەیاند و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش لەتازەترین دیمانەیدا گوتی "بەشەرەفێکی گەورەی دەزانم کە لەگەڵ لیستی گۆڕانم".

جوتیار نوری، جێگری لەسەر کار لادراوی پارێزگاری سلێمانی، کە ناکۆکی لەگەڵ دانا ئەحمەدی پارێزگار هەیە کە لەسەر لیستی گۆڕان حساب دەکرێ، گوتی "دەرکەوت کە ئەوان کاریان بۆلیستێکی جیاواز لەلیستی یەکێتی کردووە". بە ئاماژەدان بۆ پارێزگاری سلێمانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا گوتی" لەهەموو دونیادا نەبووە تۆ کاندیدی لیستێک بیت لە پۆستێکی گەورەی ئیداری و لە ژێرەوە لەگەڵ لیستێکی دیکەدابیت".

بەبڕوای جوتیار نوری، وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت لەلایەن یەکێتییەوە لەدوولاوە گرنگە "دوای ئەوەی خەڵک و بەشێک لەکادیرانی خۆی لەیەکێتی زویر بوون، ئەو پۆستە کاریگەری زۆری دەبێ لە ئاشتکردنەوەیان و سلێمانیش زیاتر لەئێستا دەبووژێتەوە".

بریکاری وەزارەتی ناوخۆش لەسلێمانی هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێ " نەک هەر لەکاتی وەرگرتنی ئەو پۆستەدا، بەڵکو لە هەموو حاڵەتێکدا یەکێتی سلێمانی لەژێر دەستی گۆڕان دەردەهێنێتەوە". جەلالی شێخ کەریم گوتیشی" گۆڕان ئەگەر لەژێر سێبەری یەکێتی نەبووایە، ئەو هەموو دەنگەی نەدەهێنا".

### سلێمانی دەبەینەوە دۆخەکەی جاران

بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی

### دەموچاو هیچ لەدۆخەکە ناگۆڕێت

محەممەد تۆفیق ڕەحیم

### پێویستە یەکێتی خۆی فۆرمات بکاتەوە

مامۆستایەکی زانکۆ

## ڕیپۆرتاژ

### مووچەی خانەنشینانی کوردستان زیاد دەکرێ



ڕووداو-هەولێر

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژە یاسایەکی ڕەوانەی پەرلەمان کردووە بۆ زیادکردنی مووچەی خانەنشینی، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا پشووی پەرلەمانە و لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانیشەوە داوای دانیشتنی تایبەتی بۆ نەکراوە، لە مانگی 9ی ئەمساڵدا بڕیاری لەبارەوە دەدرێت".ڕوونیشیکردەوە بەپێی ئەو پرۆژەیە هەموو خانەنشینێک 70 هەزار دەچێتە سەر مووچەکەی و هیچ خانەنشینێکیش مووچەکەی لە 220 هەزار دینار کەمتر نابێ. گوتیشی "بەدڵنیاییەوە بە خانەنشینانی کوردستان دەڵێم ئەم زیادکردنە ئەوانیش دەگرێتەوە".

## عوسمان بانیمارانی:

# نەوشیروان مستەفا نایێتە پەرلەمان

**عوسمان بانیمارانی،ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمان، کە ئەمجارەش لەسەر لیستی گۆڕان بە ئەندامی پەرلەمان دەرچووەتەوە، تاوەکو ئێستا یەکێتی نەمانی ئەندامێتی ئەوی وەک چەند ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی کە چوونەتە پاڵ لیستی گۆڕان لە کۆمیتەی سەرکردایەتییەکەیدا ڕانەگەیاندووە، بەڵکو ئەوانیش وەک (کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان-باڵی ڕیفۆرم) پێش هەڵبژاردنەکان خۆیان وەک باڵ و یەکێتی ڕاستەقینە بە بەیاننامەیەک ڕاگەیاند. هەفتەی ڕابردوو کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی ڕۆژانەی یەکێتی دەستیکردووە بە نیشاندانی موڵک و ماڵی عوسمان بانیمارانی و باسی ڕابردووەکەی دەکات.**

**بانیمارانی لەو هەڤپەیڤینەیدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەوە دەکات کە داوای بەشی خۆیان لە سەرمایە و پرۆژە سەرمایەگوزارییەکانی یەکێتی دا دەکەن و دەڵێ ئەوان ئێستاش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتین.**

**هەڤپەیڤین: عەلی حەمە ساڵح**

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا وەک پەرلەمانتار دەمێنێتەوە؟**

**عوسمان بانیمارانی:** نەخێر کاک نەوشیروان نابێتە ئەندامی پەرلەمان و دەکشێتەوە.

**ڕووداو: قسەیەک هەبوو ئەگەر نەوشیروان**

> **یەکێتی چەندین پرۆژەی سەرمایەگوزاری و ئابووری هەیە و بەپێی یاسا ئێمەش شەریکین و داوای بەشی خۆمان دەکەین**

**مستەفا بکرابووایە سەرۆکی پەرلەمان ئامادەبوو بمێنێتەوە؟**

**عوسمان بانیمارانی:** شتێکی وا بڵاوبووەوە کە نەوشیروان مستەفا دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام من گوتم دوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەوە قبوڵ ناکەن، بەڵام ئەگەر قبوڵی بکەن ڕەنگە قسەی لەبارەوە بکرێ و ئاساییە.

**ڕووداو: محەممەد تۆفیق ڕەحیم و تۆش لەپەرلەماندا دەمێننەوە؟**

**عوسمان بانیمارانی:** مەرج نییە بمێنینەوە، بەڵام تەنیا ئەوەی کاک نەوشیروان یەکلایی بووەتەوە کە نایێتە پەرلەمان، بەڵام من و کاک حەمە تۆفیق تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبووینەتەوە.

**ڕووداو: چارەنووسی باڵی ڕیفۆرمی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی، پاش ئەم هەڵبژاردنە چی بەسەردێ؟**

**عوسمان بانیمارانی:** باڵی ڕیفۆرم ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە، هیچ بڕیارێکیش نییە بۆ دامەزراندنی حیزب، بزووتنەوەی گۆڕانیش وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**ڕووداو: پەیوەندی کۆمیتەی سەرکردایەتی-باڵی ڕیفۆرم ئێستا بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە چییە؟**

**عوسمان بانیمارانی:** باڵی ڕیفۆرم لەژێر چەتری بزووتنەوەی گۆڕاندایەو پشتگیری بزووتنەوەی گۆڕان دەکات.

**ڕووداو: دەتانەوێ وەک باڵی ڕیفۆرم یەکێتی وەربگرنەوە؟**

**عوسمان بانیمارانی:** ئەوە تاوەکو ئێستا



**سەرۆکایەتی نەوشیروان جێی گفتوگۆ بوو:** بانیمارانی دەڵێ ئەگەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار قبوڵ بکەن نەوشیروان ببێتە سەرۆکی پەرلەمان، ڕەنگە قسە لەبارەی ئەو مەسەلەوە بکرێ .

وەک خۆیەتی، ئێستا بۆ چالاککردنی پەیوەندییەکانی لیستی گۆڕان لەگەڵ لایەنەکانی حکومەت و حیزبی و کۆبوونەوەی پەرلەمان و ئارامکردنەوەی ڕەوشەکە کار دەکەین. پاشان بەرنامەمان دەبێ بۆ ئەو کارەو بەپێی بەرنامە داوای مافەکانی خۆمان دەکەین وەک سەرکردایەتی باڵی ڕیفۆرم.

**ڕووداو: ئەو مافانە چین کە دەتانەوێ وەریبگرنەوە؟**

**عوسمان بانیمارانی:** دوای ئەو مافانە دەکەین کە لەلایەن باڵی خەتی گشتییەوە لێمان زەوتکراون، کە باڵی دەسەڵاتدار بووە لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دا.

**ڕووداو: ئەو مافانە چین؟**

**عوسمان بانیمارانی:** وردەکارییەکانی زۆرن، ئەوانەی هاوسۆزن لەگەڵ ئێمەو لە پۆستەکانیان دەرکراون و مووچەکانیان بڕدراوە دەبێ مافەکانیان بدرێتەوە، هەروەها یەکێتی چەندین پرۆژەی گرنگ و سەرمایەی ئابووری هەیە، ئێمە شەریکین و بەپێی یاسا داوای مافی خۆمان دەکەین، بەدڵنیاییەوە حەقی ئەوەمان هەیە شەریک بین لەو سەرمایانەدا، ئەوان دەڵێن ئەوانە شەریک بوون لە یەکێتی، ڕاست دەکەن ئێمە لە ڕابردووی یەکێتی شەریکین و ئەگەر شەریکین دەبێ پشکی خۆمان بدەنێ.

**ڕووداو: محەممەد تۆفیق ڕەحیم، دەڵێ ئێمە یەکێتی نین و ئێوەش داوای خاوەندارێتی یەکێتی دەکەن، ئەم دوو بیرکردنەوە جیاوازە چییە، لەناو لیستی گۆڕاندا؟**

**عوسمان بانیمارانی:** ئێمە وەک باڵی ڕیفۆرم باسی ئەوە دەکەین، ئێمە کۆمەڵێک کەسین لە سەرکردایەتی یەکێتی ماوین و تاوەکو ئێستا دەستمان لە کار نەکێشاوەتەوە، بەڵام هەندێک کەس دەستیان لە کارکێشاوەتەوەو لەناو یەکێتی دا، ئەم دوو حاڵەتە جیاوازە.

**ڕووداو: واتە ئەوانەی داوای ئەو خاوەندارێتییە دەکەن، چوار ئەندامەکەی**

> **ئێمە تائێستا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتین و دەستمان لە کار نەکێشاوەتەوە**

**مەکتەبی سیاسی و شەش ئەندامەکەی سەرکردایەتین؟**

**عوسمان بانیمارانی:** بەڵێ، ئەو 10 کەسە وەکو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەستمان لەکار نەکێشاوەتەوە، وەکو باڵی ریفۆرمی یەکێتی خۆمان ئیعلان کردووەو بەپێی یاسا داوای ئەو مافانەی خۆمان دەکەین کە کەوتووەتە لای باڵی خەتی گشتی و بەپێی یاسا باڵی ریفۆرم بۆی هەیە داوای ناوی یەکێتیش بکات.

**ڕووداو: بەڵام ئەوان کۆنگرەی خۆیان دەکەن و ئێوە بانگ ناکەن، پێتوانییە کۆنگرە دوا ویستگەی ئێوەیە لە یەکێتی دا؟**

**عوسمان بانیمارانی:** ئەگەر ئەوان کۆنگرە بکەن، ئێمەش تەنیا یاسامان بەدەستەوەیە، دەتوانن کۆنگرە بکەن و بانگی ئێمەش نەکەن، وەک ئەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی ئێستا کۆدەبێتەوە بەبێ بانگ کردنی ئێمە، لێرەشدا شەرعییەت و ناشەرعییەتی کۆنگرە دەمێنێتەوە، ئایا کۆنگرە بەو شێوە شەرعییە لە حیزبێکی سۆشیال دیموکراتدا؟ ئێمەش ئەوکات پەنا بۆ یاسا دەبەین و یاسا ئەوە یەکلایی دەکاتەوە.

# ئەوانەی نەگەیشتنە پەرلەمان دەڵێن خۆمان نوێ دەکەینەوە

**عیسا عەبدولقەهار**
**ڕووداو- هەولێر**

هەندێک لەو حیزبانەی کە نەیانتوانی هیچ کورسیەک لە پەرلەمان بەدەست بێنن دەڵێن کە "یەکناگرینەوە"، بەڵام ئاماژە بەوە دەکەن، کە پێویستە بەرنامەی حیزبیەکانیان نوێ بکەنەوە و باشتر کار بکەن، ئەندامێکی حیزبی زەحمەتکێشانیش دەڵێ"پێویستە حیزبە بچووکەکان بچنە نێو ئەو حیزبە گەورانەی بۆچوونیان لە یەکتر نزیکە".

جگە لە دوو لیستی هاوپەیمان و حیزبێکی ئیسلامی و لیستی گۆڕان، هیچ حیزبێکی دیکەی کوردی، کە بارەگای زۆربەیان لە هەولێرە، نەیانتوانی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەی کوردستان بچنە پەرلەمان، بۆیە هەندێک لەو حیزبانە دەڵێن پێویستە بەرنامەی حیزبەکانیان نوێ بکرێتەوە و باشتر لە جاران کار بکەن. سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەڵێ "پێویستە چاو بە بەرنامە و کاری ڕێکخستنی حیزبەکەماندا بخشێنینەوە، بەرنامەیەک بۆ کارو خەباتی داهاتوویان دابنێین، بەڵام مەرج نییە حیزبەکانیش یەکبگرنەوە".

حیزبەکەی غەفوور مەخموری، کە لە هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان لە چوارچێوەی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی کردبوو، کورسییەکی بەر کەوتبوو، بەڵام ئەمجارە بە تەنیا دابەزی و نەیتوانی بگاتە پەرلەمان. غەفور مەخمووری دەڵێ "ئێمە خۆمان بە سەرکەوتوودەزانین، چونکە هیچ ئیمتیازێکمان نەبووە، هیچ پشتیوانییەکی دەرەکیشمان نەبووە، بۆیە نەگەیشتینە پەرلەمان".

"بەشێکی سەرنەکەوتنمان پەیوەندی بە خودی خۆمانەوە هەیە، بەڵێن دەدەین بەردەوام دەبین لەکارەکانمان بە شێوەیەکی گونجاو" د.هادی مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان وایگوت. حیزبی شیوعی لەو هاوپەیمانەدا بوو، کە 7 حیزبی چەپ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان بەناوی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی پێکیانهێنا بوو، تەنها یەک کورسیان هێنا، هەرچەندە پێشتر ئەو حیزبە بە تەنیا 3 ئەندامی لە پەرلەمان هەبوو.

د.هادی بۆ (ڕووداو) گوتی " ئێمە بە کاردانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان ناکەین، هیچ پرۆژەیەکمان لەبەر دەست نییە کە لەگەڵ لایەنێکی دیکە تێکەڵ ببین، بەڵام بەردەوام دەبین لە کاری هاوبەش لەگەڵ هەموو هێزە چەپەکانی کوردستان"، هەروەها گوتیشی "ئێمە بەرنامەی واقیعی و مەنتیقیمان خستۆتەڕوو، بەڵام دەنگ بە بەرنامەیەکی عەقڵانی نەدراوە".

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دوای جیابوونەوەی لە حیزبی سۆسیالیست لە ساڵی1985 دروستبوو، لە هەڵبژاردنی ڕابردوو کورسییەکیان لەپەرلەمان هەبوو. بەڵام بەر لە هەڵبژاردن حیزبەکە لەتبوو. باڵێکیان لەگەڵ حیزبە چەپەکانی کوردستان کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی کرد، قادر عەزیزیش بەنێوی قەوارەی ئایندە لە چوار چێوەی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی (چوار حیزبەکە) بەشداری هەڵبژاردنی کردو کورسییەکی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

سەعد خالید، ئەندامی مەکتەبی حیزبی زەحمەتکێشان دەڵێ "ئێمە خەریکی کێشەکانی خۆمان بووین وەکو حیزبی زەحمەتکێشان، چونکە داوو دەزگاکانمان تارادەیەک پەکیان کەوتبوو، بۆیە نەمانتوانی بگەینە پەرلەمان، بەڵام لە هەڵبژاردنێکی دیکە باشتر خۆمان ئامادە دەکەین".

سەعد خالید پێیوایە کە پێویستە چەپەکانی کوردستان خۆیان کۆکردبووایەوە، چونکە وەک ئەو دەڵێت، لاوازبوونی پێگەی چەپەکان بەهۆی پەرش و بڵاوی چەپەکانە لە کوردستان، بۆ ئەو کارەش ماوەیەکە کاری بۆ دەکەن " دەبوایە لە دوای ڕاپەڕین ئەو ئاراستەیە خۆی کۆ بکردایەتەوە، لاوازبوونی پێگەی چەپەکانیش لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پەرش و بڵاوی هێزە چەپەکان".

سەعد خالید بە (ڕووداو)ی گوت" هەرچەندە ئێمە حیزبێکی زۆر گەورە نین، بەڵام هەندێک حیزب هەیە، حیزبی زۆر محەلی و بچووکە و تەنها لە شارێک هەیە، تەنها لە چەند شوێنێک چەند کادیرێکی هەیە، بە بڕوای من باشتر بوو دوای 18 ساڵ، ئەو حیزبانەی کە نەیانتوانی کورسیەک بێنن، بچێتە ناو ئەو حیزبەی کە لە ڕووی فکری و سیاسیەوە لێی نزیکە".

پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، کە 14 ساڵە دامەزراوە، بەڵام یەکەمین جاری بوو، بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بکات و ڕێژەی 0.4%ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، سکرتێری ئەو حیزبە دەڵێت "ئیمکاناتی ئێمە کەم بوو، یەکەمینجاریش بوو کە بەشداری هەڵبژاردن بکەین، بۆیە نەمانتوانی هیچ کورسیەک بێنین". باپیر کامەلا، گوتیشی "پێمانوایە کە پێویستە دووبارە بە خۆماندا بچینەوە بۆ زیاتر باشترکردنی داو و دەزگاکانی حیزبەکەمان، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجامێکی باش بەدەست بێنین".

## د. سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان:

# بۆ کورد لە بەغدا یەکدەنگی لە یەک لیستی گرنگترە



> **هەر لایەنێکی سیاسی دان بە مافەکانی کورد دابنێت، هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەکەین بۆ هەڵبژاردن**

> **کورد سوورە لەسەر وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق**

**فریاد محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند "هەر لایەنێکی سیاسی لە عێراق دان بە مافەکانی نەتەوەی کورد دابنێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق هاوپەیمانی لەگەڵ دەکەین".

د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بەلایەوە گرنگ نییە کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق بە یەک لیست بەشدار دەبن یان لیستی جیا، بەڵکو دەڵێ "گرنگ ئەوەیە لە بەغدا یەک گوتاری سیاسیمان هەیە".

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کە بڕیارە لە 2009/1/16 ئەنجامبدرێ، لایەنە سیاسییەکان کەوتوونەتە جموجۆڵ بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لەنێوانیان، هاوپەیمانی کوردستانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر لایەنێک دان بە ماف و دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد لەعێراق بنێ و لەگەڵ مافەکانی بێت، هاوپەیمانی لەگەڵ دەکات.

د.سەعدی بەرزنجی لەو بارەیەوە دەڵێ"هاوپەیمانی کوردستانی باوەڕی بە دیموکراسی لەعێراق هەیەو ئەو مافانەی لە دەستووری هەمشەیی چەسپاوە دەبێ جێبەجێ بکرێن، هەر لایەنێکی عێراقی بە بێ هیچ مەرج ڕەزامەند بێت لەسەر ئەو بۆچوونانەی ئێمە، ئامادەین هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستین".

بەشێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوە ئاماژە بە بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی کوردستانی دەکەن، بەرزنجیش ئاماژە بە نزیکبوونەوەی بۆچوونەکانی نێوان هەردوولا دەکات و دەڵێت "بێگومان هاوپەیمانی کوردستانی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر یەک لە ئەنجوومەنی باڵاو حیزبی دەعوەو حیزبی ئیسلامی عێراقی هەیە، هەروەها لەگەڵ لیستی عێراقیە دانوستاندنمان هەیە، ڕێگەش لە هیچ لایەنێک ناگرین هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ ببەستێت".

جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، لە هەڤپەیڤینێکدا کە لە ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو)دا بڵاوکرایەوە، گوتی ئەگەر کورد بە یەک لیستی و بەکارکردنی زۆرەوە بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بکات دەتوانێ 65 کورسی بەدەستبێنێ. سەبارەت بە هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان گوتی، بۆ هەڵبژاردن تەنیا لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان دەبن، بەڵام دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانێتیان لەگەڵ دروستدەکەن.

پارتی و یەکێتی بڕیاریانداوە ئەمجارەش بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکەن، بەڵام چەند لایەنێکی دیکەی کوردیش بڕیاریانداوە بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بکەن. هەندێک لەچاودێرانی سیاسی ئەم دابەشبوونە بە مەترسی دەزانن بۆ کورد لە عێراق. بەڵام سەعدی بەرزنجی بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێ " گرنگ نییە بە یەک لیست یاخود لیستی جیاواز بەشدار بین، گرنگ ئەوەیە هەر لیستێک دەگاتە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە یەک دەنگ و گرووپ و ئامانج داکۆکیکاری مافەکانی نەتەوەکەمان بێت، ئەگەر نا کورد زەرەرمەند دەبێت".

شرۆڤەو شیکارییە سیاسییەکانی بارودۆخی عێراق ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب لە عێراق بۆمبێکە لە لێواری تەقینەوەدایە، سەرەڕای ئەوەی هاوپەیمانی کوردستانی جەخت لەسەر بوونی کێشەو گرفت دەکاتەوە. د.سەعدی دەڵێت "ئەم بۆچوونە هەندێک زێدەڕۆیی تێدایە، بەڵام لە هەندێک ناوچە توندوتیژی هەیە".

بەرزنجی هۆکاری ئەو توندوتیژیانەشی گەڕاندنەوە بۆ گەڕاندنەوەی هەندێک لە کۆنە بەعسییەکان بۆ نێو ڕیزەکانی پۆلیس و سوپا "ئەوانە هەڵسوکەوتی نەخوازراو ئەنجامدەدەن بە تایبەتیش لەناوچەی جەلەولا، لەو ناوچانە کورد ناچار دەکەن دەست لەماڵ و موڵکیان هەڵبگرن و بەرەو شوێنی دیکە بچن". بۆیە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات "کەسانێک بهێنێتە ڕیزی سوپا کە هەناسەیەکی عێراقیان هەبێ".

دوای بەشدارییکردنیان لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لایەنە سوننەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەبێ لە هەڵبژاردنی ئەمجارە پۆستی سەرۆک کۆمارییان پێبدرێت، کوردیش جەخت لەسەر وەرگرتنەوەی ئەم پۆستە دەکاتەوە، بەرزنجی دەڵێ "ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە باس لە پۆستی سەرۆک کۆمار بکەین، بەڵام لیستی هاوپەیمانی کوردستانی سوورە لەسەر ئەوەی کە سەرۆک کۆمار کورد بێت".

ئێستا لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هاوپەیمانی کوردستانی بە 53 کورسی و یەکگرتووی ئیسلامی بە 5 کورسییان هەیە. هەندێک لەچاودێرانی سیاسی لەعێراق دەڵێن لەهەڵبژاردنی ئەمجارە کورد کەمتر لەو ڕێژەی ئێستای بەدەست دەهێنێ، د.سەعدی گوتی "ژمارەی ئەو کورسییانەی بەدەستیدەهێنین دەوەستێتە سەر بەشداریکردنی هاووڵاتیانی کورد"، گوتیشی "ململانێی ناوخۆ و کەموکوریەکانی کوردستان نابێ لە دەنگدانمان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەنگبداتەوە، چونکە ئەمە مەترسییەکی زۆری دەبێت، لەبەر ئەوە کورد چەند کورسی پتری هەبێت پێگەی بەهێزتر دەبێت".

## بۆیەکەمجار 4 حیزبی رۆژهەڵات کۆبوونەوە

رووداو-کۆیە

هەفتەی رابردوو چوار حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادی کوردستان)، دوای بەشداریکردن لە مێزگردێکی تەلەڤزیۆنی (کورد کەناڵ)دا، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا و بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە. مادح ئەحمەدی، بەڕێوەبەری ئەو مێزگردە لە لێدوانێکدا بۆ(رووداو) گوتی" هێزە سیاسییەکانی کورد دوای 30 ساڵ ناکۆکی و دوورکەوتنەوە لەیەکتر، لەو بەرنامەیەدا لە دەوری مێزێک کۆبوونەوە".

### بە غەزال غەزال و هەڵەبجە و شیعرەکانی خانی

# ئەردۆغان رای گشتی تورکیا بەرەو چارەسەری کێشەی کورد دەجووڵێنێ



هێمن خۆشناو
heminxoshnaw@yahoo.com

**رووداو - هەولێر**

هەموو نیگاکانی تورکیا، لەسەر پرۆسەی "کرانەوە بەڕووی کێشەی کورد"ە، کە ئەردۆغان دوای دیتنی ئەحمەد تورک رایگەیاندووە. هەفتەی رابردوو بۆ ئەم مەبەستە ئەردۆغان کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بۆ کابینەی حکوومەتەکەی سازکرد و لە ئاهەنگێکی یادی دامەزراندنی حیزبەکەیدا لە رۆژی 2009/8/14دا گوتی " کاتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد هاتووەو ئەنجامەکان هەر چۆنێک بن لە هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پاشگەزنابینەوە".

رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی پارتی دادو گەشەپێدان و سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ فراکسیۆنی حیزبەکەی لە پەرلەمانی تورکیادا، کە زۆرینەی پەرلەمان پێکدێنێ، وتارێکی زۆر سەرنج راکێش و هەست بزوێنی خوێندەوە، کە جێگرەکەی و زۆر لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە دەستیان بە گریان کرد.

دوای ئەوەی ئەردۆغان ئەو پرۆسەی کە نێوی لێناوە"کرانەوە بەرووی پرسی کورد" راگەیاند، بەرپرسانی ئەو پارتە لەناو حکوومەت و لە دەرەوەش هەوڵدەدەن رای گشتی بۆ پشتیوانیکردن لەو هەوڵە بەلای خۆیاندا رابکێشن.

ئۆزدەم سانبێرک، راوێژکاری پێشوو لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەردۆغان بەم قسانەی توانی رای گشتی تورکیا نەرم بکات و، پشتگیری ئەوان لە پرۆسەی کرانەوە بەرەو رووی کێشەی کورد بەدەستبێنێ".

سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەکاتی کۆبوونەوەی گرووپی پارتەکەی لە پەرلەمان دا، گوتی "پێویستە کولتوورێکی گشتیی هاوبەش لە تورکیا دروست بکەین تا ببێتە سیمبولی هەموو ئەو پێکهاتانەی لە تورکیادا دەژین دوور لە جیاکاری رەگەزی و، ئێمە سوورین لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد". قسەکانی عەبدوڵڵا گیولیش لە هەفتەی رابردوودا کە گوتی راستە هاووڵاتیانی کورد و تورک لەتورکیا لە مافدا یەکسان نین، ئەزەنگێکی دیکەی بەو ئاراستەیەدا.

ئەردۆغان لەدرێژەی قسەکانیدا گوتیشی "کاتێک گوێمان لە سروودی نیشتیمانیی تورکیا دەبێ ترپەی دڵی هەموومان بەرز دەبێتەوە، بە هەمانشێوە هەست بە هەژانێک دەکەین کە گوێمان لە شیعری ئەحمەدی خانی دەبێ و داماندەگرێت و، کاتێک گوێمان لە گۆرانیی غەزال غەزال و هەڵەبجەی شڤان پەروەر دەبێت دنیامان لەبەر چاو تاریک دەبێ، لێرەشەوە دەڵێم کەس ناتوانێ بمانکاتە دوژمنی یەکتر، کەسیش ناتوانێ لافی نیشتیمان پەروەریمان بەسەردا لێبدات پرۆژەکەی منیش پرۆژەیەکە بۆ یەکێتیی نیشتیمان".

چەندین ساڵە دەزگاکانی دەوڵەت، رای گشتی تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داواکانی کورد هاندەدەن، بۆیە بەبێ گۆرینی بۆچوونی رای گشتی مەحاڵە بتوانرێ کێشەی کورد بەرەو چارەسەری ببرێت. لە ماوەی ئەم شەش ساڵەی دەسەڵاتیدا، AKP چەندین جار کێشەی کوردی وروژاندوە،

> **حکومەت نیازی چارەسەری ئەو کێشەیەی هەیە، بەڵام نەبوونی پرۆژەیەکی دیاریکراو دەمانخاتە گومانەوە**
> سەلاحەددین دەمیرتاش، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی DTP

بەڵام هیچ هەنگاوێکی وەک ئەم رۆژانەی دوایی بۆ نەهاویشتووە. بۆیە بەڕای چاودێران ئەو گوتارەی ئەردۆغان بۆ فراکسیۆنی پارتەکەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رای گشتی کردووە. هەرچەندە ئەو حیزبە تاوەکو ئێستا هیچ پرۆژەیەکی پێشکێش نەکردووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد.

ئیلتەر توران، پسپۆری سیاسی و مامۆستا لە زانکۆی بیلگی BİLİ، جەخت لەسەر رۆڵی گرنگی رای گشتی تورکیا دەکاتەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە مەسەلەیەکی هەستیاری وەکو کێشەی کورد و دەڵێ "کاتێک سەیری کاردانەوەکان دەکەم کاردانەوەی باشن، جگە لە هەڵوێستی نارازیانەی پارتی بزووتنەوەی میللی MHP و بێ هەڵوێستی پارتی گەلی کۆماریی CHP، رای گشتی تورکیا سوورە لەسەر پشتگیریکردنی پرۆسەی کرانەوە بەرەو رووی کێشەی کورد". سەبارەت بە وتارە

> **ئەوەی دەستپێکراوە، تەنیا قسەیەکە دەسەڵات دەیکات**
> مستەفا گازاڵجی، پەرلەمانتاری CHP

سۆزاوییەکەی ئەردۆغان بەرامبەر فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمان توران بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم مەسەلەیە تەنیا پەیوەندی بە عەقڵی تاکەکانەوە نییە، لەماوەی رابردوودا تورکیا رووبەڕووی چەندان کردەوەی تیرۆریستانە بووەتەوە، ئەو رووداوانەش کاریان لە سۆزو هەستی هاووڵاتیانی تورکیا کردووە،لەبەر ئەوە کاتێک هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەدرێ، پێویستە قسەکانت ئاراستەی هەست و سۆزی هاووڵاتیان بکەی، تا بتوانی بەرەو چارەسەری ئەو کێشە رایانبکێشی".

ئەردۆغان لەبەشی زۆری قسەکانیدا ئاماژەی ب هاوبەشییە کولتووری و مێژووییەکانی نێوان کوردو تورک کرد. جەختی لەوە کردەوە کە ئەمانە مایەی دەوڵەمەندی تورکیایەو چارەسەریش لەسەر ئەم بنەمایە دێتەدی. ئەمەش بۆ یەکێتی

> **پرۆسەی کرانەوە بەرەو رووی کێشەی کورد، تا گەیشتن بەچارەسەریەکی هەمیشەیی درێژەی دەبێت**
> محەممەد دولگەر، بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی تورکیا

خاکی تورکیا نابێتە مایەی هەڕەشە.

ئیلتەر تورانیش دەڵێ "تیرۆر نەیتوانی زەفەر بە یەکێتی کۆمەڵگای تورکیا ببات". راوێژکاری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش لەوبارەوە بۆچوونی وایە کە "ئەو رەهەندە هاوبەشانەی سەرۆک وەزیر ئاماژەی پێکردن، دەبنە زەمینەی چارەسەری". پێش دەسەڵاتداریتی AKP، چەندین جار هەوڵدراوە کێشەی کورد چارەسەر بکرێ، کە دیارترینیان لە سەردەمی سەرۆک کۆماری کۆچکردوو تورگوت ئۆزال دا بوو لە ساڵی 1993، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵانە بەهۆی گوشارەکانی ناوەوە، سەریاننەگرت بە تایبەتیش بەهۆی سوپا و دەوڵەتی قووڵەوە. بەڵام شکستی هێرشی زستانی رابردووی سوپای تورکیا لەشەڕی زاپ دا، ئەو بۆچوونەی حکومەتی ئەردۆغان و سەرۆک کۆمار عەبدوڵڵا گیولیان سەرخست کە

> **ئەردۆغان بەم قسانەی توانی رای گشتی تورکیا نەرم بکات**
> ئۆزدەم سانبێرک، راوێژکاری پێشووی

ئەو کێشەیە بەشەڕ چارەسەر نابێت، هەروەها حکومەتی ئەردۆغان بە پشتیوانی سەرۆک کۆمار گەورەترین رایەڵەی "حکومەتی قوڵ" کە بریتیبوو لە تۆری نهێنی ئەرگەنەکۆن، هەڵتەکاند.

بەڵام ئێستاش پارتێکی نەتەوەپەرستی وەکو MHP، بە لە بەرچاوگرتنی سەرنەگرتنی هەوڵەکانی رابردوو، پێیوایە ئەردۆغان و حکوومەتەکەی گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکەن. بەڵام ئەردۆغان رۆژی هەینی رابردوو، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پارتەکەی گوتی " ئەنجامەکان هەر چۆنێک بن، لەهەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پاشگەز نابینەوە".

محەممەد دولگەر، بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی تورکیا، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند AKP سوورە لەسەر چارەسەری کێشەی کورد "پرۆسەی کرانەوە بەرەو رووی کێشەی کورد، تا گەیشتن بەچارەسەریەکی هەمیشەیی کە دەبێتە مایەی سەقامگیری تورکیا درێژەی دەبێت". گوتیشی "گرنگە هەموو لایەنەکان بەشداری چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن".

بەڵام مستەفا گازاڵجی، پەرلەمانتاری CHP، بۆ (رووداو) دەڵێ" ئەوەی دەستپێکراوە، تەنیا قسەیەکە دەسەڵات دەیکات و هیچ هەنگاوێکی بەرچاو روون دیار نییە. بۆیە ئێمە وەک CHP ناتوانین بچینە ناو ئەو پرۆسە نارۆشنەوە".

ئیلتەر توران، پێیوایە"MHP لە هەڵوێستەکەی پاشگەز نابێتەوە، بەڵام نازانم CHP چ دەکات، ئەگەر درێژە بەم هەڵوێستەی ئێستای بدات، ئەوا دەرفەتی بوونە خاوەن قسەی لەم کێشەیە بەرەو کەمی دەڕوات". لە چوارچێوەی پرۆسەی "کرانەوە بەڕووی کێشەی کورد"، بەشیر ئەتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا، لەلایەن ئەردۆغانەوە دیاریکرا لە دوایین کۆبوونەوەی حکومەت دا، بۆ دانوستاندن لەبارەی ئەو پرۆسەیە لەگەڵ پارتە سیاسییەکان و دەزگا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆ ئەو مەبەستەش رۆژی 2009/8/13 سەردانی DTP کردو بۆ ماوەی یەک کاژێر لەگەڵ ئەحمەد تورک هاوسەرۆکی DTP و سەلاحەددین دەمیرتاش جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی DTP لە پەرلەمان،کۆبووەوە. کۆبووەوە. عەبدولڕەحمان کورد پەرلەمانتاری AKPی ئامەد، لە لێدوانێکی بۆ (رووداو) جەختی لەگرنگی کۆبوونەوەی وەزیری ناوخۆ لەگەڵ DTP کردەوە "بۆ چارەسەری کێشەی کورد DTP خاوەن گرنگییەکی گەورەیە و رۆڵی ئەو پارتە لەچارەسەری کێشەی کورد چارەنووسسازە".

سەلاحەددین دەمیرتاش، دەربارەی کەشوهەوای کۆبوونەوەکە بە (رووداو)ی راگەیاند"کۆبوونەوەکە زۆر بە راشکاوانە بەڕێوەچوو، ئێمە پێمانوایە حکوومەت نیازی چارەسەری ئەو کێشەیەی هەیە". بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی "نەبوونی پرۆژەیەکی دیاریکراو و ئاشکرا دەمانخاتە گومانەوە. نیاز پاکی بە تەنیا نابێتە هۆی بەرقەرارکردنی چارەسەری. هەروەها نەبوونی پرۆژەیەک مەترسی لەباربردنی ئەو کەشوهەوایە دێنێتە کایەوە".

بەڵام عەبدولڕەحمان کورد پێیوایە "دانووستاندنی حکوومەت لەگەڵ دەزگا و پارتە سیاسییەکان هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە پرۆژەیەکی تێروتەسەل بۆ رازیکردنی هەموو لایەنەکان".



**ئەنجامەکان هەر چۆنێک بن، لەهەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پاشگەز نابینەوە**
رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا

# بەرەی یەکگرتووی کورد لە تاران درزی تێکەوت

## وتەبێژی بەرەی یەکگرتووی کورد: کورد بەدرێژایی مێژوو لەسەر ئەوە ساخ نەبووەتەوە بە چ مکانیزمێک کێشەکانی چارەسەر بکات

سابیر قادری
رووداو-تاران

دواجار ئەو بەرەیەی کە تاکە ئاواتی کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، تائێستا بە یەکگرتوویی مابووەوە، بە دەردی هێزەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان چوو و دووچاری دووبەرەکی و ململانێ بوو. محەممەد ساڵح نیکبەخت، کە پارێزەرێکی نێوداری ئێرانەو یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری بەرەی یەکگرتووی کورد و ئێستا وازی لە بەرە هێناوە، هۆکاری وازهێنانەکەی بۆ نەمانی پێکهاتە و بەڕێوەبردنی بەرە گەڕاندەوەو لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ئێمە سەرەتا بڕیارماندابوو خۆمان بۆ هیچ پۆست و پلەیەکی حکومی نەپاڵێوین، بەڵام دواتر رەوتەکە بە ئاقارێکی دیکەدا چوو، بە تایبەت دوای کۆچی دوایی بەهائەدین ئەدەب، ئیتر بەرە ئەو چالاکی و قورسایەی رابردووی نەما، بە تایبەت لەڕووی ئیدارییەوە".

بەرەی یەکگرتووی کورد، لە ساڵی 2005 لەلایەن کەسایەتی و سەرمایەداری کۆچکردووی کورد بەهائەددین ئەدەب لە تارانی پایتەختی ئێران دامەزرا. دامەزرێنەری ئەو بەرەیە، کە ساڵی رابردوو کۆچی دواییکرد، پێشتر سەرۆکی فراکسیۆنی کورد بوو لە پەرلەمانی ئێران، ناوبراو لە دیمانەیەکی رۆژنامەڤانیدا لەبارەی دامەزراندنی بەرەی کوردەوە دەڵێت "بەهۆی ئەوەی دامەزراندنی حیزب مۆڵەتی دەوێ و بەرە پێویستی بە مۆڵەت نییە، بۆیە ئەو بەرەیەمان دامەزراند".

شورای ناوەندی بەرە لە 25 ئەندام پێکدێت، کە هەر پێنج ئەندام نوێنەرایەتی ئوستان (پارێزگا)یەک دەکەن، کە ئوستانەکانیش بریتین لە ئازەربایجانی رۆژئاوا، کوردستان، کرماشان، ئیلام و تاران. شورای ئوستانەکانیش لە 15 ئەندام پێکدێن و پێنج کەسیش سەرکردایەتی بەرەی یەکگرتوو دەکەن.

دامەزراندنی ئەو بەرەیە، هەنگاوێکی گرنگ بوو لە بواری کاری سیاسی مەدەنی لە مێژووی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵام بەرەی ناوبراو دوای چوار ساڵ کار کردن و لە پاش کۆچی دوایی سەرۆکی بەرە، دووچاری جۆرێک ململانێ بووەتەوەو بەشێک لە ئەندامانی ئەو بەرەیە دەستیان لە کار کێشاوەتەوە.

محەممەد ساڵح نیکبەخت، باسی هۆکارە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی کورد دەکات و دەڵێ "دوای بە بنبەست گەیشتنی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران و پەرتەوازەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کورد گەلێکی ئاشتیخوازە و دەکرێ لە رێگەی دیالۆگ و دانوستان کێشەی کورد چارەسەر بکرێ، بەرەمان دامەزراند".

> **رازی نابم لەبەرەیەکدا کاربکەم کەسانی رابردوو ناخاوێنی تێدابێ**
> حاسلی داسا، نوێنەری سەردەشت و پیرانشارە لە بەرە

حاسڵی داسا، کە پێشتر ئەندامی پەرلەمان بووەو نوێنەری خەڵکی سەردەشت و پیرانشارە لە بەرەی یەکگرتووی کورد، هۆکاری پەرتەوازەبوونی ئەو بەرەیەی گەڕاندەوە بۆ سیستەمی کارکردنی بەرە و گوتی "کێشەی سەرەکیی ئەوەبوو هەموو کەسێک دەیتوانی ببێتە ئەندامی بەرە، ئەوەش رێگەی بۆ کەسانێکی رابردوو ناخاوێن خۆشکرد بخزێنە نێو بەرە، من بەش بە حاڵی خۆم رازی نابم لەبەرەیەکی لەوجۆرەدا کار بکەم". داسا لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی لەو باوەڕەدایە کێشەکانی نێو بەرە کێشەی شەخسی نین "بەڵکو بەرە کێشەی بەڕێوەبردنی هەیە".

د.رەحیم فەرەهمەند، وتەبێژی فەرمی بەرەی یەکگرتووی کورد، سەبارەت بە کێشەکانی نێو بەرەی یەکگرتووی کورد بۆ (رووداو) گوتی "بوونی بیری جیاواز، دیاردەیەکی سروشتییە و ئەوە نابێ ببێتە هۆکاری لێک دوورکەوتنەوە و پارچەبوون، بەڵام ئەوەی لە نێو کورددا بە درێژایی مێژوو بینراوە ئەوەیە کە کورد لە نێوخۆیدا لەسەر ئەوە ساخ نەبووەتەوە کە بە چ مکانیزمێک کێشە سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر بکات".

بەشێک لە دامەزرێنەرانی ئەو بەرەیە باس لە ناچالاکبوونی ئەو بەرەیە دەکەن، بەڵام فەرەهمەند دەڵێت ئەوان لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی دامەزراندنیاندا کاری باشیان کردووە بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد، ناوبراو داننان بە کێشەی کورد لە لەلایەن پاڵێواراوانی خولی دەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران لەکاتی بانگەشەکانیاندا بە دەستکەوتی بەرە دەزانێ و دەڵێ "دەسکەوتێکی دیکەمان ئەوەیە کە ئێمە توانیمان جۆرێک لە هاودەنگی و هاوکاری لە نێوان هێزەکانی نێوخۆ و دەرەوەدا پێکبێنین".

بایەزید مەردۆخی، کە یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری بەرەی یەکگرتووی کورد و ئێستا لە کاری بەرە سارد بووەتەوە، ئامادە نەبوو لێدوان لەسەر ناکۆکییەکانی نێو بەرە بدات و تەنیا گوتی " کێشەی بەڕێوەبردن لەنێو بەرەدا هەیە".

> **دوای کۆچی دوایی بەهائەدین ئەدەب بەرە چالاکی و قورسایی رابردووی نەما**
> محەممەد ساڵح نیکبەخت، یەکێک لە دامەزرێنەرانی بەرە



چالاکییەک بۆ رێزگرتن لە یادی کۆچی دوایی بەهائەدین ئەدەب، یەکەمین سەرۆکی بەرەی یەکگرتووی کورد

# کاروباری سیاسی

**800 هەزار کەس لەکەرکووک مافی دەنگدانیان هەیە**



ڕووداو-سەباح

فەرهاد تاڵەبانی، بەڕێوەبەری نووسینگەی کەرکووکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی لە پارێزگەی کەرکووک مافی دەنگدانیان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق هەیە 764 هەزارو 799 کەسە کە بە سەر 43 بنکەی هەڵبژاردندا دابەشکراون . تاڵەبانی گوتیشی کە ڕۆژی 2009/8/22 بنکەکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران لە پارێزگاکە دەکرێنەوە.

## توێژەری ئەمریکی دانیال سێروار:

# ئەنجامەکانی هەڵبژاردن گوشارێکی زۆر بۆ ریفۆرمکردن دروستدەکەن



**دانیاڵ پی. سـێروار، جێگری بەڕێوەبەری (پەیمانگەی ئەمریکی بۆ ئاشتی) کە تایبەتە بە چەسپاندنی سەقامگیری لەو وڵاتانەی شەڕیان تێدا بووە، ناوبراو سەرپەرشتیاری کارەکانی ئەو پەیمانگایە دەکات لە وڵاتانی عێراق، ئەفغانستان و وڵاتانی باڵکان.**

**سـێروار لە کۆتایی ساڵەکانی 1990 ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووەو، وەکو توێژەرەیش لە لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی ئەمریکا و سەرپەرشتیاری گشتیی لیژنەی بەیکەر-هاملتن بووە و شـارەزاییەکی زۆری لە بارودۆخی سیاسـی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە.**

**هەڤپەیڤین: هاوار عەبدولڕەزاق**

**ڕووداو: هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕابردووی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**دانیـاڵ سـێروار:** بـەلای چاودێـرە نێودەوڵەتییەکانـەوە زۆر بـاش بـوو، بەشێوەیەکی گشـتیی ئازاد و دادپەروەرانە

> **سەرەڕای زۆری سکاڵاکان هەڵبژاردنی کوردستان ئازاد و دادپەروەرانە بوو**

بوو، سـەرەڕای تۆمارکردنی ژمارەیەکی زۆر سکاڵا.

**ڕووداو: ئایا بەدەستهێنانی ئەو ڕێژە دەنگە لەلایەن لیستی گۆڕانەوە چاوەڕوانکراو بوو؟**

**دانیاڵ سـێروار:** ئەوە شتێکی تازەو نوێ بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی موفاجەئەو چاوەڕوان نەکراو نەبوو. پێش هەڵبژاردنەکان چەند هێمایەک هەبوون کە گۆڕان ئاستێکی بـەرز بەدەسـتدێنێ لـە هەڵبژاردنەکان، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی.

**ڕووداو: ئایا ئـەوان دەتوانـن ریفۆرم لـە سیسـتەمی سیاسـی کوردسـتاندا ئەنجامبدەن؟**

**دانیاڵ سێروار:** بەدڵنیاییەوە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن گوشـارێکی زۆر بۆ ریفۆرمکردن دروستدەکات، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە ئەوان ناتوانن زیاتر لە ئەرکی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن کار بکەن.

**ڕووداو: پێتوایە ئەمە سـەرەتای کۆتایی هاتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت؟**

**دانیاڵ سێروار:** زۆر خەڵک ئەو بۆچوونەیان هەیە، بەڵام بەپێی شـارەزایی خۆم، ئەوە بەنـدە بەوەی یەکێتی چۆن هەڵسـوکەوت لەگەڵ ئـەو ئەنجامانە دەکات، زۆربەی کات ریفۆرم لەنێو پارتەکانەوە دەست پێدەکات.

**ڕووداو: بۆچـی پارتـە ئیسـلامییەکان بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی 2005، ئەوەندە دەنگیان بەدەست نەهێنا؟**

**دانیاڵ سـێروار:** ڕەنگە ئەو خەڵکەی لە ڕابردوودا دەنگیانداوەتە پارتە ئیسلامییەکان، ئەمجارە پەیامی لیستی گۆڕان بۆ ریفۆرمکردن سـەرنجی ڕاکێشـابن، بەمانایەکی دیکە، دەنگی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنی ڕابردوو بەشێک بووە لە دەنگدان دژی گەندەڵی و بۆ بەرژەوەندی حکوومەتێکی پاکتر.

**ڕووداو: زۆر لـە خەڵک پێیانوایە بەهۆی پۆستی سەرۆک وەزیرانەوە، ئاڵۆزی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دروست دەبێ، پێتوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا هیچ کێشیەک لەنێوان ئەو دوو لایەندا دروست ببێت؟**

**دانیاڵ سـێروار:** پێموابێـت گفتوگۆ و دانوستاندنێکی زەحمەت لە نێوان هەردوولادا دەکرێ، بەپێی ئەنجامـی هەڵبژاردنەکان، ڕەنگە پارتی هەسـت بەوە نەکات قەرزاری یەکێتییە لەبارەی پۆستی سەرۆک وەزیران.

**ڕووداو: پێتوایە لە داهاتوودا هاوپەیمانێتی لە نێوان یەکێتی و لیستی گۆڕان ڕوویدات؟**

**دانیاڵ سێروار:** بەدڵنیاییەوە ئەوە بە دوور نازانرێت.

**ڕووداو: لەم ماوەیـەی دواییدا گرژییەکی زۆر لەنێـوان مالیکی و حکوومەتی هەرێمی کوردسـتاندا هەبوو، پێتوایـە ئەوان بتوانن ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن؟**

**دانیال سـێروار:** مالیکی لەم دواییەدا لە پەیمانگەی ئەمریکی بۆ ئاشـتی ڕایگەیاند کە ناکۆکییەکان بە ئاشـتیانە چارەسـەر دەکرێـن، ئەمەش گرنگە و پێموایە دەتوانن چارەسەری بکەن، بەڵام ڕەنگە نەتوانن پێش هەڵبژاردنـەکان ئەوە بکەن. بـەڵام ئەگەر مالیکـی بیەوێت ببێتەوە سـەرۆک وەزیران پێویستی بە هەندێ یارمەتی کورد هەیە.

> **مالیکی بۆ بوونەوە بە سەرۆک وەزیران پێویستی بە یارمەتی کوردە**

**ڕووداو: پێتوایە ناکۆکی نێوان حکوومەتی بەغـدا و حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، سەرەتایە بۆ دورستبوونی شەڕێکی خوێناوی ناوخۆ؟**

**دانیاڵ سـێروار:** شـەڕی ناوخـۆ تەنها ئەوکاتـە ڕوودەدات ئەگەر هەردوو لا عاقڵانە ڕەفتاریـان نەکرد. هەروەکـو ڕاپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتـووەکان ئامـاژەی پێدەدات بوارێکـی زۆر هەیـە بۆ گفتوگـۆ کردن و ڕێککەوتن لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

**ڕووداو: ڕۆڵی واشـنتن لەم مەسەلەیەدا چۆن دەبینی؟**

**دانیاڵ سێروار:** لەوباوەڕەدام دواجار واشنتن دەبێ هێزی سیاسی خۆی بخاتە گەڕ ئەگەر دەیەوێت هەندێ چارەسـەر بۆ ناکۆکییەکان بدۆزێتەوە، کە پێویستە ئەنجامبدرێن پێش ئەوەی سوپای ئەمریکا بکشێتەوە.

> **بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان گفتوگۆیەکی زەحمەت لە نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر سەرۆکایەتی حکومەت دێتەکایەوە**

**ڕووداو: هەسـتێک لەنێو خەڵکی کورد و سـەرکردایەتی کورد هەیە کە ئۆباما زیاتر گرنگی بە حکوومەتی مالیکی دەدات و تەنیا ئەوکاتە گرنگی بە کورد دەدا کە پێویسـتی پێ بێت، ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**دانیاڵ سێروار:** واشنتن هەمیشە عێراقێکی یەکگرتوو ویستووە، کە کوردستان هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی بێت تێیدا نەک سـەربەخۆ. ئەم سیاسـەتەش نەگـۆڕاوە. هەندێک کەس لە واشـنتن هەن هەسـتدەکەن هەندێ کورد هەن تەنیا ئـەو کاتە لەگەڵ ئەمریکادان کە پێویستی پێی بێ.

**ڕووداو: ئایا بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما جیدییە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک؟**

**دانیاڵ سێروار:** هیوادارم وابێ، زۆر زەحمەتە بۆ ئەمریکا پێش ئەو ماوەیەی لەلایەن سەرۆک ئۆباما دانراوە، سوپاکەی بکشێنێتەوە، ئەگەر دەست بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک نەکات.



ئارام قادر*

# ئایا ئیسلامییەکان بەخۆیاندا دەچنەوە؟

لـە هەڵبژاردنەکانـی 25 /2009/7دا، ئەو پێشـبینییەی کە خۆمـان و زۆر لە ناوەندە سیاسـی و ڕۆشنبیرییەکان هەیان بوو سەبارەت بە لیسـتی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی، نەهاتە دی و نەمانتوانی بگەینە ئەو ئاست و هیوایەی خۆمـان و لایەنگران و دۆسـتەکانمان چاوەڕێی بووین، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕێژەی کورسییەکانی هەردوو لیستی یەکگرتوو کۆمەڵ ڕووی لە کەمی کرد و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو نەگەیشتینە ئەو ئاسـتەی کـە جەماوەری کوردسـتان دڵخۆش بکەین و بارودۆخە چەقبەستووەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو چاکسازیی و گۆڕانکاریی ئاراستە بکەین.

پـاش ڕاگەیاندنـی دەرئەنجامـی هەڵبژاردنەکان، زۆر لە ئەندامان و کادیران و سەکردایەتییەکان بیر لە بەخۆداچوونەوەیەکی جیدی دەکەنەوە بۆ ناوخۆی هەردوو لایەن، بۆ ڕاستکردنەوەو نەهێشتنی ئەو کەموکورتی و کەلێنانـەی لە پەیکەری حیزبیدا هەبووە، یـان لەڕووی فیکـری و گوتار و شـێوەی ڕێکخستن و مامەڵەی حیزب لەگەڵ دەوروبەر و جەمـاوەر، کـە زۆرینە واهەسـتدەکەن کەموکورتـی حیـزب بووەتـە هـۆی ئەم دەرئەنجامـە، ئەمـەش خـۆی گەورەترین دەسـتکەوتە لەم هەڵبژاردنانـەدا و دەبێتە وەرچەرخانێکی گەورە بۆ داهاتوویەکی نزیک، بە مەرجێک بزانین چۆن بەخۆداچوونەوە ساز دەکەین و چی دەگۆڕین و حاڵەتی ئیسلامی چ ئاراستەیەک وەردەگرێ؟ زۆرجار لە لایەن کادیر و ڕۆشنبیرانی هەردوو حیزبەوە باس لە ڕەخنە لەخۆگرتن و چاکسـازیی ناوخۆیی و گۆڕین و گۆڕان کراوە، بەڵام لەوکاتەدا تەنها لەڕووی تیۆریی و گفتوگۆ و لێکدانەوەوە باس لە زەرورەت و پێویسـتیی بەخۆداچوونەوە دەکرا، کە لەو کاتانەدا هێشتا زۆر لە ئەندامان و کادیران ئەو بیرۆکەیان بۆ قوت نەدەچوو، یان تەفسیری هەڵەی بۆ دەکرا، یان وا بیریان دەکـردەوە کە بەخۆداچوونەوە واتە گۆڕینی چەند ئەندامێکی سـەرکردایەتی، یان چەند دەزگایەک لابرێـن و دووقاتی ئەو ژمارەیە دەزگا و ئـۆرگان زیاد بکرێـن، یان وا بیری لێدەکرایەوە کە مەسەلەی گۆڕانکاریی ئەوەیە ژمارەی مەڵبەندەکان زیاد بکرێن و بارەگاکان زۆر بکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکانە هیچیان گۆڕانکاریی و چاکسازی نین، بەڵکو گۆڕانکاریی واتە وازهێنان لە هەموو شێوە و شێوازە کلاسیکییەکان لەڕووی کار و پەیکەر و پلەبەندیی و کاری ڕێکخراوەیی، گۆڕانکاریی واتە گۆڕانکاری نوێ بۆ پێکهێنانی پێکهاتەی حیزب و کاری سیاسـی و داهێنانێکی نوێ لە کاری سیاسـی، نەک خۆبچووکردنەوە و خۆ قەتیسـکردن لە چوارچێوەی حیزبیدا، گۆڕین واتە گۆڕینی بنەما فیکری و گوتار و تیۆرەکانی کاری ئیسلامی کە لە چوارچێوەی کاری حیزبی و ڕێکخستنەوە بێینە دەرەوە و خۆمان بە نوێنەری تەنیا توێژێکی جەماوەر نەزانین، کە ئـەم بیرۆکانەش هەر یەکەیان میکانیزمی خـۆی و بنەمای خـۆی هەیە، ئەم توێژینەوەو گفتوگۆیانە دەبێ لە ڕێگەی سازکردنی کۆنفرانس و کۆبوونەوەی گشتی و خولەکاندا واڵا بکرێن، چونکە گۆڕانکاریی دەبێ لە چوارچێوەی بابەت و وتار و تێبینیی میدیاکانـدا دەرباز ببێـت و ببێتە پرۆژە و میکانیزم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

زۆربەمان لە سـەرەتای سەرکەوتنەکانی حیزبی داد و گەشـەپێدان لـە تورکیا، زۆر سەرسام بووین بە توانا و پرۆژەکانیان، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا لە قۆناخی سەرسامیدا ماوینەتەوەو نەمانتوانی ئەزموونی نزیکترین وڵات لـە خۆمانـەوە وەربگریـن. بێگومان مەبەست لە وەرگرتنی ئەزموون بە جیاوازیی بارودۆخ و ئاسـتی ڕۆشنبیریی و هۆشیاریی هاووڵاتیان و کاری سیاسی هەردوو وڵات.

لە کۆتاییدا هیوادارم خوێندنەوەمان بۆ ئەم هەڵبژاردنانەی پەرلەمانی کوردستان نەبێتەوە بە خوێندنەوەمان بۆ سەرکەوتنەکانی ئەوپارتە و تەنیا لە قۆناخی وتار و خۆ خاڵیکردنەوە و خەفەت و بیرکردنەوەدا بمێنێتەوە، بەڵکو پێوستە بڕوینە قۆناخێکی کردەیی بۆ ئەوەی ئـەم بارودۆخە چاوەڕواننەکـراوە، دووبارە نەبێتەوە بە وێنایەکی خراپ و مەترسیدارتر.

*** ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.**

## ئێرنستۆ برام، جێگری باڵیۆزی هۆڵەندا لە عێراق:

# پەیوەندییەکی کۆن لەنێوان هۆڵەندا و کوردستان هەیە

**ولادیمێر ڤان ویلخنبێرخ**
**ڕووداو-هەولێر**

جێگری باڵیـۆزی هۆڵەندا لە عێراق ئێرنستۆ برام، هەر تەنها دیپلۆمات نییە بەڵکو مرۆڤناس و نترۆپۆلۆجیستیشە، ئەو دەڵێ پسـپۆڕییەکەی یارمەتیدەری بووە بۆ پۆستە دیپلۆماسییەکەی " من دیپلوماتێکارێک نیـم تەنها لە ئۆفیس

> **لە ڕۆژی هەڵبژاردندا 8 بنکەی دەنگدانم بەسەرکردنەوە**

کاربکەم " . ئێرنسـتۆ ئێستا خەریکی ئامادەکردنـی دکتۆرانامەکەیەکەتـی و سەرپەرشـتیاری تێزەکەشـی کوردۆلۆجیسـتی هۆڵەندی بەنێوبانگ مارتن فان بروینسن بووە.

هۆڵەنـدا لە بەغـدا باڵیۆزخانە و لە کوردستانیش کونسوڵی فەخری هەیە، کە کوردێکی هەرێمی کوردستانە بەنێوی سـەلاح عەولا خۆشـناو. ئیشـوکاری کونسوڵی فەخری بەهێزکردنی پەیوەندی ئابووری هۆڵەندایە لەگەڵ کوردسـتان، بەڵام باڵیۆزخانە سـەرقاڵی پەیوەندی سیاسـییە لەگەڵ بەغدا . باڵیۆزخانەی هۆڵەندا یارمەتی کۆمپانیای شێل دەدات کـە کۆمپانیایەکی نەوتـی هۆڵەندیـ بەریتانییە بۆ ئەوەی کۆنتراکتی زیاتری لەلایەن عێراق و کوردستانەوە پێبدرێت.

جێگری باڵیـۆزی هۆڵەندا لە عێراق دەربارەی پەیوەندی نێوان کوردستان لە گەڵ وڵاتەکەی دەڵێ "پەیوەندییەکە زۆر کۆنە و بیریشت نەچێت کە ڕەوەندێکی گـەورەی کوردی لە هۆڵەنـدا دەژین و زۆریشـیان گەڕاونەتەوە کوردسـتان و کۆمپانیایـان لێرە دامەزرانـدووە". لە کوردسـتاندا چەنـد هوتێلێک هەن کە بەنێوی شـارەکانی هۆڵەنـدا ناونراون، وەک هوتێلی ئەمسـتەردام لە هەولێر و هۆتێلی ڕۆتردام لە سلێمانی.

بڕیارە لە 2009/11/13-6 شاندێکی ئەنجوومەنی بازرگانی هۆڵەندی و وەزارەتی کاروبـاری ئابـووری هۆڵەنـدی بگەنە کوردستان و مەبەستیان گفتوگۆکردنە لە سـەر پرۆژەی کشـتوکاڵی، نەوت و گاز، ژێرخـان و ئاو. بـرام لەوبارەیەوە دەڵێ " لە دوای 2003 ئەوە گەورەترین شاندی بازرگانی هۆڵەندییە دێتە عێراق، شاندەکە سـەردانی هەموو پارێزگاکانی کوردستان دەکات و چەندین کۆمپانیاش لە باشووری عێراق و بەغداوە بانگێشت کراون بۆ کوردستان و بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکان".

جێگری باڵیـۆزی هۆڵەندا لە عێراق

> **شاندێکی گەورەی بازرگانی هۆڵەندی لە مانگی 11ی داهاتوو سەردانی کوردستان دەکات**

خۆشـحاڵە کـە هاوڕێیەکـی خـۆی بووەتـە نوێنـەری تازەی سـکرتێری نەتـەوە یەکگرتووەکان لـە عێراق، کە دیپلوماتـکاری هۆڵەندی ئـاد ملکرت Ad Melkertە، کـە بڕیارە ئەم مانگە دەسـت بەکاربێت " من زۆر خۆشحاڵم کە کەسـێکی هولەندی بۆ ئەو پۆستە گرنگـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لە عێراق دەستنیشان کراوە، ئەو بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ ئێمە هەیە".

هۆڵەنـدا وەک بەشـێک لـە تیمی یەکێتی ئەوروپـا کە پێکهاتبوو لە 45 چاودێـر، چاودێـری هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردسـتانی کرد. برام کە بەر لـە ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان ئەو هەڤپەیڤینـەی لەگەڵ کـراوە، دەڵێ " ئێمە تیمەکەمان بەسـەر پارێزگاکانی کوردستان دابەشکرد و من وکونسوڵی هولەندا سەلاح لە شار و شارۆچکەکانی سلێمانی بووین" .جێگری باڵیۆزی هۆڵەندا هیوای خواست کە هەڵبژاردنەکە ئازاد و دادوەرانە بێـت و ئامادەش نەبوو هیچ قسەیەک لەبارەی ئەوە بکات کە هەندێ لایەن دەڵێن ساختەکاری لە هەڵبژاردن کراوەو گوتی دەبـێ چاوەڕێی ڕاپۆرتی یەکێتی ئەوروپا بکەین " من لە کاژێرێکدا 8 بنکەی دەنگدانم بەسـەرکردەوە بۆ ئـەوەی بزانیـن ڕێوشـوێنەکان ڕوون و ئاشـکران و دەنگدانەکـە ئازادانەیە و بەپێـی ڕێنماییەکانی کۆمسـیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانـی عێراقـە یان نـا". نوێنەرانـی یەکێتـی ئەوروپـا بـۆ چاودێریکردنـی هەڵبژاردنەکانی کوردسـتان لە ڕاگەیێنراوێکدا ستایشی هەڵبژاردنەکانیان کرد و ئاماژەیان بەوەدا کە "بەشێوەیەکی دیموکراسییانەو ڕوون بەڕێوەچوون ".

> **سەردانی دەروێشەکانی ئاکرێم کردووەو دەمەوێ بچمە لالش**

جیا لەکارە دیپلۆماتییەکەی، جێگری باڵیۆزی هۆڵەندا لە عێراق سـەرقاڵی تێزی دکتۆراکەشـیەتی کە دەربارەی ئایینە لە باشـووری ئاسیا کە لەلایەن کوردۆلۆجیستی ناسراوی هۆڵەندی مارتن فان برۆینیسن سەرپەرشتی دەکرێ کە کوردییەکی زۆر بـاش دەزانێ و پێش چوونیشـی بۆ بەغدا، مارتـن زانیاری پێویستی بە جێگری باڵیۆزی هۆڵەندا داوە . ئێرنستۆ برام زۆر بایەخ بە بابەتی بەریەککەوتنی نێوان موسڵمانە کراوەکان و موسـڵمانە توونـدڕەوەکان دەدات و دەیەوێ ئەزموونی خۆی لە کوردستان و عێراق بۆ مەبەستی نووسینەوەی نامەی دکتۆراکەی بەکاربێنێت .

جێگری باڵیۆزی هۆڵەندا لە عێراق، وەک ئەنترۆپۆلۆجیسـت و مرۆڤناسێک سەردانی شاری ئاکرێی کردووەو بەنیازە سەردانی لالش و ئێزدییەکانیش بکات، ئەو دەڵـێ " بەپێی تەریقەتی خۆیان، نابێ دەروێشەکانی ئاکرێ سەما بکەن، بەڵام ئەوان گوێی پێنادەن و دەیکەن". دەشـڵێ ئەو بەدواداچوونـەی ئەو زۆر گرنگە بۆ کارەکـەی وەک دیپلوماتکار کە پێویستە شارەزایی هەبێت دەربارەی هەمـوو چیـن و توێژەکانـی عێراق و کوردستان .



ئێرنستۆ برام (فۆتۆ: ڕووداو)

## لەکەرکووکیش بەیەکگرتوویی نامێنێتەوە

# کورد بە 5 لیست بەشداری هەڵبژاردنی کەرکووک دەکات

**ئاکۆ شوانی**
**ڕووداو-کەرکووک**

بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، کورد پێنج لیستیان دەبێ و ئەمەش وەک مەترسییەک بۆ سەر هێزی کورد لە ئەنجوومەنی داهاتووی پارێزگای کەرکووک دا تەماشا دەکرێ، چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کاری بەرپرسانی کورد لە کەرکووک خراپە و ئەگەر چاک نەکرێ "کارەسات"ێک ڕوودەدات.

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراقیش ژمارەی لیستە کوردییەکان لە پێنج لیست نزیک دەبێتەوە، لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنی پێشووتردا کورد لەگەڵ چەند لایەن و کەسایەتییەکی عەرەب و تورکماندا تەنیا لیستی برایەتی کەرکووکیان هەبوو، بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک.

### چوار حیزبەکە لەکەرکووک لەت دەبن

چوار حیزبەکە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کەرکووک بۆچوونیان لەیەکتر جیاوازە، بەشێوەیەک باڵی قادرعەزیزی زەحمەتکێشان و سۆسیالیست لەگەڵ ئەوەدان لەلیستی برایەتی کەرکووک بن و یەکگرتوو کۆمەڵیش پێیان باشە لیستی جیاوازیان هەبێت.

شوان محەممەد، بەرپرسی لقی کەرکوکی زەحمەتکێشانی باڵی قادر عەزیز، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"2008/4/4 لە بارەگای لقی 3 ی پارتی لە کەرکووک، 19 حیزبی کوردی و تورکمانی، کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا بۆ بەشداریکردن لە لیستی برایەتی کەرکووک، هەرچەندە برادەرانی کۆمەل و یەکگرتوو بەشداری کۆبوونەوەکە نەبوون، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو لیستێکی کوردی بەهێز هەبێت، بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە بچینە هەڵبژاردنەوە".

شوان، بوونی لیستێک بۆ هەموو کورد لە کەرکووک بەباش دەزانێ "کەرکووک تەحەمولی ئەو پارچە پارچە بوونە ناکات".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، تاوەکو ئێستا یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ، بڕیاری کۆتاییان نەداوە لەگەڵ لیستی برایەتیدا دابەزن یان نا، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو دوو حیزبە پێیانوایە ئەگەر بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک خۆیان لیستیان نەبێت، ئەوا لەو ناوچانەدا بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقیش وندەبن و دەنگ ناهێنن.

هەرچەندە، یەکگرتوو لەکۆبوونەوەی حیزبە کوردییەکانی کەرکووکدا ئامادەنەبوو، بەڵام ڕێبوار سەید گوڵ، بەرپرسی مەڵبەندی 6ی یەکگرتوی ئیسلامی لە کەرکووک، ئاماژە بەوە دەکات کە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، پێشنیازیان بۆ هەموو حیزب و لایەنەکان کردووە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش ئەنجامبدەن"مەبەستمان بوو ئەوە باس بکرێ کە کەرکووک پێویستی بە یەکگرتویی هەیەو ناکرێ بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا بەجیا دابەزین، ئەوە بۆ لیستی گۆڕانیش هەروایە، چونکە ئێستا عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک سورن لەسەر هاوپەیمانێتی و لەکۆبوونەوەی بەردەوامدان".

ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو پێداگیری لەوەش دەکات کە ئەوان جیزبی خۆیان و وەک چوار حیزبەکەش هیچ پرۆژەیەکیان نییە بۆ لیست دروستکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک.

بەڵام لیستی گۆڕان، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش لیستی تایبەتی خۆی هەیە، محەممەد تۆفیق ڕەحیم، کەسایەتی دووەمی لیستی گۆڕان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لیستی گۆڕان بۆ هەموو هەڵبژاردنەکان بەکەرکووکیشەوە لیستی خۆی هەیەو هیچ کام لەو لیستانەی ئێستا کە باس دەکرێ هی ئێمە نییە".

جگە لە لیستی گۆڕان، دوو لیستی دیکەی کوردی لە کەرکووک خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئامادە دەکەن کە سەر بەهیچ حیزبێکی کوردی نین.

عەلی ساڵەیی، کە 25 ساڵ لە ئەمریکا ژیاوەو ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکەو ئێستاش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراق لیستێکی بەناوی لیستی سەربەخۆکان لە کەرکووک دروستکردووە.

عەلی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" ئێمە بڕیاری کۆتایی خۆمان داوە، بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، وەکو لیستێکی کوردی بەشداربین لەو پرۆسەیەدا، ئێستاش قسە هەیە لەگەڵ چەند لیستێک بۆ هاوپەیمانێتی کار بکەین، بەڵام ئەوە نەچووەتە واری کردارییەوە، بەڵا جارێ بڕیاری خۆمان داوەو کار بۆ ئەوەش دەکەین وەکو لیستی سەربەخۆکان بەشدار بین".

لیستی قەڵا، لیستێکی دیکەی کوردییە، کە لەلایەن چەند کەسێکەوە دروستکراوەو لە ڕابردوودا بەرپرسیارێتییان لەناو یەکێتیدا هەبووە. شێرزاد عبدولڕەحمان، کە سەرۆکی لیستەکەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بێگومان بەشدار دەبین، چونکە پێمانوایە هەبوونی لیستی جیاواز پرۆسەکە دیموکراسیتر دەکات، بڕیاری ئێمە بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنە شتێکی ئیجابی دەبێت بۆ کەرکووک و بۆ هاوپەیمانێتی کردنیش لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا، تاوەکو ئێستا لەگەڵ هیچ لایەک بڕیارمان نەداوەو پێناچێت بچینە هیچ هاوپەیمانێتییەکەوە، بەڵکو ئێمە دوا بڕیارمان ئەوەیە بەجیا بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بکەین".

چاودێران، ئاماژە بۆ خراپی ڕەوشی کورد و پێگەی لایەن و حیزبە سیاسییەکان دەکەن لەکەرکووک دا و ئەمەش لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەرهاویشەی دەبێت.

عارف قوربانی، وەک چاودێرێکی سیاسی، کە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە نزیکە، پێیوایە ئەو کێشانەی لەبەردەم کەرکووکدان، پڕ مەترسین بۆ کورد، کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و مەسەلەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی مادەی 140 و بەرەو بەهێزبوون چوونی دەسەڵاتی ناوەند لە عێراق، وا دەخوازێت کورد یەکدەست و یەک هەڵوێست بێت.

عارف، ئەوە دەخاتەڕوو کە گرفتی بنەڕەتی بەرپرسانی حیزبین" هەڵسوکەوتی بەرپرسانی یەکێتی و پارتی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، ئەوەندە نامەدەنی و ناشارستانیانە بووە وایکردووە خەڵکی ئەو ناوچانە ساردببنەوە لە هەڵبژاردن، ئەو دەموچاوانەی ئەو دوو حیزبە بوونەتە مایەی دوورخستنەوەی خەڵک".

عارف قوربانی، کە وەک خەمخۆرێکی کەرکووک خۆی نیشاندەدات، دەڵێ "ئێستا کەرکووکییەکان زۆر دڵشکاون لەو دەموچاوانەی ئێستای یەکێتی و پارتی لە کەرکووک، ئەگەر یەکێتی و پارتی بەسیاسەتێکی حەکیمانە مامەڵە نەکەن و کۆمەڵێک دەموچاوی باش نەهێننە پێشەوە، ئەوا مەترسییەکی گەورە چاوەڕوانی ئایندەی ئەو شارە دەکات".



عەرەب و تورکمان هەوڵی هاوپەیمانی دەدەن، بەڵام کورد بەرەو لەتبوون دەچێت لە کەرکووک (فۆتۆ:AFP)

---

## شێخە عەرەبەکان:

# ئەگەر کەرکووک بکەوێتە دەست کورد لەسەر نەخشە نایهێڵین

**ئەنتۆنی شدید**
**قەرەقوش- عێراق**

لویز خنۆ ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانییەکە کە شارەکەی لەسەرووی کۆنترۆڵی ئەوەوەیە. شەقامە گیراوەکانی پڕی میلیشیای چەکدارە کە شەپقەیان لەسەرە و پانتۆڵی جینزیان لەبەرە و کلاشینکۆفێکیشیان بەدەستەوەیە. ئەوان گوێ لەیەکێکی دیکە دەگرن . بەڕێوەبەرانی هێزەکانی پۆلیس لایەنگیری نەتەوەی خۆیان دەکەن، جا کورد بێت یاعەرەب . پیاوانی ئایینی لایەنگیری کوردن و خنۆ و هاوکارانیشی لایەنگیری عەرەب دەکەن. لەمبارەوە خنۆ گوتی" هەرچەندە ئێمە لە ناکۆکییەکەوە دوورین، بەڵام کەوتووینەتە ناوجەرگەی ناکۆکییەکەی نێوان کورد و عەرەب، ئێستا ئێمە لە نێوەڕاستدا گیرمان خواردووە".

خنۆ ئەو شارۆچکەیەی ناونا "هێڵی ڕووبەڕووبوونەوە"، کە هەنگاوێک لە بەرەی باکووری عێراقەوە دوورەو ناکۆکییەکە بەهۆی ڕکابەرایەتی مێژوو، جوگرافیا و دەسەڵات دروستبووە. ئەو هێڵە هەرێمی کوردستانی عێراق لە بەشەکانی دیکەی ئەو وڵاتە جیادەکاتەوە، ئەمڕۆش ئەو بەرەیە، مەترسیدارترین هێڵی نێو عێراقە، هەر لەوێ و لەنزیک گردەکانی کە بەکێڵگەی گەنم داپۆشراون، مانگی ڕابردوو هێزەکانی کورد و عەرەب ئەوەندەی نەمابوو ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە.

بەرپرسانی کورد پێیانوایە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکە ئەوەندە دوور نییە، چونکە گفتوگۆکان چەقیون و کاربەدەستە ئەمریکییەکانیش دانیان بەوە دانا کە تەنیا هاتنە ناوەوەی ئەوان ڕێگر بووە لە دروستبوونی گۆماوی خوێن.

لە ساڵی 2003وە کاتێک هێزەکانی ئەمریکا خۆیان خزاندە بەغداوە، سەدام حوسێنیان ڕووخاند و شیعەکانیان بەرز کردەوە و سوپای چەکداری سوونەیان هەڵوەشاندەوە، بەشێوەیەکی گشتیی شەڕێکی تایفەرگەری سەریهەڵدا لەنێوان شیعە و سوونەی عەرەب، بەڵام ئەو شەڕە ئێستا کز بووە، سەرەڕای ئەوەی تاڵی لەنێوانیان هەر ماوە.

چەندین مانگ مەترسی ئەوە هەبوو شەڕی تایفەرگەری سەرهەڵداتەوە، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەمڕۆ ئەو مەترسییە دوورکەوتووەتەوە و بەرپرسانی ئەمریکی دەڵێن گەورەترین مەترسی بۆ چەند ساڵی داهاتوو شەڕی نەتەوایەتییە، کوردانی باکوور دژی عەرەبن کە حکومەتی بەغدایان کۆنترۆڵکردووە کە کێشەکان هەر بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم.

ئەو ناکۆکییە بووەتە هۆی دروستکردنی هاوپەیمانییەتێک کە سەرۆک وەزیرانێکی شیعەی هێناوەتە نێو باوەشی شێخە سوننییە بەهێزەکانی پارێزگای ئەنبار کە وەختی خۆی خاڵی بەهێزی یاخیبوون بوو. ئەوەش مەترسییە کۆنەکەی کوردی نوێ کردووەتەوە بەوەی هاتنە سەرکاری حکوومەتێک لە بەغدا کە ئامانجی لاوازکردنی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمە، کە لە 7/25 هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمان و سەرۆکێکی نوێ ئەنجامدا و شارۆچکەکانی سەرسنووری وەک قەرەقووشی خستووەتە بارودۆخێکی ناهەموارەوە کە هەندێ مەترسی ئەوەیان هەیە شەڕ و پێکدادان دروست ببێت.

ئەسیل نوجێفی، کە پارێزگاری نەینەوایە و عەرەبێکی سوننەیە لەمبارەیەوە گوتی" ڕەنگە شەڕ دروست نەبێت، چونکە ئێمە بەدەست شەڕەوە بێزاربووین، بەڵام بەدڵنیاییەوە لێرەو لەوێ پێکدادان دروست دەبێت".

### توندوتیژی لە ئەنباری سوننە

ماوەیەکی کورت لەمەوبەر لە پارێزگای ئەنبار کە پارێزگایەکی فراوانە و کەوتووەتە ڕۆژئاوای بەغداوە، دەنگوباس هەر دەربارەی کوشتنی ئەمریکییەکان، لێدانی کافران و دەرکردنی سیاسەتمەدارە شیعەکان و ئێرانییە پاڵپشتیکارانیان لە بەغدا بوو، بەڵام ئێستا شتی دیکە جێی قسەوباسە . ڕەعد عەلوانی کە شێخێکی ڕومادییە ڕاشکاوانە قسە دەکات، گوتی" کورد لە هەمووان مەترسیداترن، لەبەرئەوەی ئەوان وەک هاووڵاتی عێراقی لەنێوان ئێمەدا دەژین. پێویستە ئەوان ئەوەیان لەبیربێت کە ڕۆژێک دادێت حکوومەتی بەغدا بەهێز دەبێتەوە".

هەروەها خالید عەبدوڵڵا فەهدی ئامۆزاشی کە بەدەم جگەرە کێشانەوە چایشی دەخواردەوە لەوبارەوە گوتی" وەختی خۆی یەک پۆلیس بە شەق هەموو کوردەکانیان دەردەکرد". ئامۆزایەکی دیکەشی بەناوی ئەسکەندەر حوسێن محەممەد خۆی تێهەڵقورتاند و گوتی" ئەگەر خۆشمان نەمانتوانی، ئەوا منداڵەکانمان بەشەق دەریان دەکەن ".

نوری مالیکی سەرۆک وەزیران سوودی لەو ناکۆکیانە وەرگرتووە بۆ ئەوەی خۆی بکاتە سەرکردەیەکی نیشتمانی. ئەو ناسنامەیەکی بۆ خۆی دروستکردووە کە بەرگریکاری یەکگرتوویی عێراق و ناسنامە عەرەبییەکەیەتی. ناوبراو پێداگیری کردووە لەسەر بەهێزبوونی حکوومەتی ناوەندی و گۆڕانکاری لە دەستووردا کە کورد حەز بەم کارە ناکەن و پێیانوایە ئەو دۆکیۆمێنتە شورەی ئەوانە دژی خواستەکانی بەغدا. لە ساڵی ڕابردووەوە مالیکی سوپای عێراقی ڕەوانەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کردووە کە زۆربەی ناوچەکە پڕی نەوت و غازی یەدەگە.

لە ئەنبار، مالیکی کە پێشنیازی هاوپەیمانیێتی کردووە لەگەڵ ئەحمەد ئەبوڕیشە، کە بەهێزترین شێخی سوننەی ئەو پارێزگایەیە و براکەشی سەرۆکایەتی شەڕی دژی ڕێکخراوی قاعیدەی کرد لە عێراق، هەتا لە ئەیلولی 2007 تیرۆر کرا. ئەبوڕیشە دەربارەی سەرۆک وەزیران گوتی" مالیکی یەکگرتوویی عێراقی دەوێت، بۆیە بیروڕا و بۆچوونمان زۆر لەیەکەوە نزیکە".

ئەگەر بڵێی سیاسەتی عێراق ئاشکراو ڕوونە، وەکو ئەوە وایە بڵێی سەعاتە ڕۆڵێکسەکەی ئەبوڕیشە تەقلیدە، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە و یاریەکەی ئەم دواییەی بەغدا، وردبینی پاڵنەرە ڕاستەقینەکەی مالیکی پیشاندەدات . ئایا مالیکی ئەو کەسە بەهێزە نیشتمانییەیە کە زۆر کەس لێرە پێی سەرسامن، چونکە سوورە لەسەر بەرگریکردن لە یەکپارچەیی عێراق لە دژی ئامانجەکانی کورد؟ یاخود ئەو بە نهێنی جوداخوازێکی تایفەگەرە و هەوڵدەدات مەترسییەکانی عەرەب گەورە بکات بۆ ئەوەی سەرقاڵیان بکات، بێ ئەوەی ئاگایان لە فراوانبوونی دەسەڵاتی شیعە لە بەغدا نەمێنێت؟

لە پارێزگای ئەنبار عەلوانی دووپاتیکردەوە کە سیاسەتە توندەکانی مالیکی بەرامبەر بە کورد پیلانێکە بۆ ڕاکێشانی دەنگدەری عەرەب بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو. شێخێکی دیکە بەناوی حەمید هایس، ستایشی مالیکی کرد لەسەر هەڵوێستەکەی بەرامبەر کورد، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە توندتر بێت .

لەگەڵ سەرلەقاندنی شێخە عەشایەرەکانی دیکە، هایس پێشنیازی خۆی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکووک خستەڕوو، کە شارێکە لەلایەن کورد، عەرەب و تورکمانەوە ڕکابەرایەتی لەسەر دەکرێت و گوتی" ئەگەر ئەوان ویستیان دەستی بەسەردا بگرن، ئەوا ئێمە لەسەر نەخشە نایهێڵین".

### گومان لەنێو کورددا

لەسەردەمی بەریتانییەکانەوە زۆربەی گفتوگۆکانی کورد لە گەڵ بەغدا شەڕی بەدواداهاتووە، کە دواترینیان کومەڵکوژییەکەی سەدام حوسێن بوو دژی کورد لە کۆتایی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لەساڵی 1988 .

فەلاح مستەفا بەکر، وەزیری کورد پرسیاری کرد " ئایا سیاسەتێک هەیە بۆ دواخستنی ئەو کێشانە هەتا ئەو کاتەی عەرەبەکان بەهێز دەبن و خواستەکانیان بەسەرماندا دەسەپێنن؟".

مالیکی هەتا ئێستا دوو شاندی ڕەوانەی هەولێر کردووە، بەمەبەستی ئەوەی ئەو گیرخواردنەی نێوان حکوومەتی بەغدا و حکوومەتی کوردی بشکێنن، بەڵام مالیکی بۆ ماوەی ساڵێکە قسەی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەکردووە، کە ئەمەش هێمایەکە بۆلاوازبوونی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی وەختی خۆی هەیان بوو. هەروەکو بەرپرسێکیش ئاماژەی بە خراپی پەیوەندییەکاندا و گوتی" ژهرێکی زۆر لەئارادایە".

بەرپرسانی ئەمریکی دانیان بەوە دانا کە مەسەلەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بووەتە مەسەلەیەکی یەکجار هەستیار لە نێو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی عێراق کە بریتییە لە ئاشتەوایی نیشتمانی و یاسای نەوت، دابەشکردنی داهات و بەڕێوەبردنی نەوتی یەدەگی عێراق کە ڕێژەیەکی زۆرە.

بۆ چەند مانگێکیشە ئەمریکا، ڕۆڵی سەرەکی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، داوە بە نەتەوەیەکگرتووەکان، کە هەتا ئێستا زۆر شتی بەدەست نەهێناوە . لەگەڵ ئەوەشدا کاتەکە زۆر نەگونجاوە، چونکە کورد ئێستا سەرقاڵی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانن کە پارتە ئۆپۆسزیۆنەکان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئاستێکی باشیان پیشاندا و پێکهێنانی حکوومەتیش ڕەنگە هەتا مانگی ئەیلول بخایێنێت و لەگەڵ ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی نیشتمانیش مانگی تیشرینی دووەم دەست پێدەکات، بۆیە ئەوەندە کات بۆ گفتوگۆکردن نەماوە .

بەهەمان شێوەی عەرەبی عێراق، هەندێ کوردیش گومانیان لە ئالۆزبوونی ئەو ناکۆکییە هەیە، محەممەد تۆفیق سیاسەتکاری ئۆپۆسزیۆنی کورد گوتی" ئەوە بۆ بەکارهێنان وئیستیهلاکی ناوخۆییە"، بەپێی قسەی ئەو پەرەسەندنی ئەو ناکۆکییە بەمەبەستی سەرقاڵکردنی خەڵک و دوورخستنەوەیانە لە هەبوونی گەندەڵی و شکستی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی ئەو هەرێمە پارتی و یەکێتی، لەو بارەیەوە ناوبراو گوتی" بۆ ئەوان بیرە نەوتییەکان زۆر گرنگترن لە شنگار و خانەقین".

مانگی ڕابردوو لەبەر هێزەکانی ئەمریکا نەبووایە لە مەخموور شەڕ لەنێوان کورد وسوپای عێراق ڕوویدەدا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان پرسیار دەکات " کەی جارێکیتر ئەوە ڕوودەداتەوە؟" هەروەها گوتیشی " ئێستا بە لۆجیکی کێ بەهێزەو کێ لاوازە ڕەفتار دەکرێت".

### شارۆچکەیەکی فرە لایەنگیری

یەکەم پرسیار لە خاڵی پشکنینی ئەم شارۆچکە کریستییان نیشینە کە نزیکی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە، لەلایەن چەکدارێکەوە کە جلوبەرگی سەربازی لەبەردابوو کرا"لەکوێوە هاتوویت؟".

بەڵام پرسیارەکانی دواتر ئەوە نەبوون " تۆ مەسیحیت؟"، "تۆ کوردیت؟" "تۆ عەرەبیت؟".

ئێستا لە قەرەقوش ئەو پرسیارانە گرنگن.

پێدەچێ دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیە، نەیانەوێت شارۆچکەکەیان بە هەرێمی کوردستانەوە بلکێنرێ. زۆربەی مەسیحییەکانی ئێرە شانازی بەوە دەکەن کە سەر بە کۆمەڵگەی کۆنی میزیۆپۆتامیان. هەندێکیش بەرامبەر بە دەستتێوەردانی هێزی ئاسایشی کوردی نیگەرانن کە دانیشتووانەکانی ئەو شارۆچکەیە ئاشکرایان کرد لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین خەڵکیان دەستگیرکردووە و ڕەوانەی زیندانیان کردوون لە هەولێر و ئاکرێ.

یەکێک لە سیاسەتکارەکان گوتی" کاتێک ئەو زیندانییانە ئازاد دەکرێن دەبێ دەمیان دابخەن".

زمانی جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو شارۆچکەیە کوردییەو، ڕەخنەگرانی پێیانوایە کە لایەنگری کوردە . بەڕێوەبەرەکەی بە عەرەبی قسە دەکات . ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا لایەنگری نوجێفی دەکەن کە هەندێک ئاو و کارەبا بۆ قەرەقوش دابین دەکات.

بەڵام ئەوەی زیاتر هاوکاریان دەکات سەرکیس ئاغا جانە کە دەوڵەمەندێکی مەسیحییە و وەختی خۆی وەزیری دارایی کوردستان بوو. ناوبراو پاسی بۆ قوتابیان دابین کردووە، سەنتەری چاودێریکردنی منداڵی بێ دایک و باوک داناوە و کڵێسەکانی نۆژەنکردووەتەوە، هەروەها مۆلیدەی کارەبای دابین کردووە بۆیان. هەروەها بەرپرسان ئەوەشیان درکاند کە ناوبراو لەپشت چەکدارەکانی ئەو ناوچەیەشەوە کە ژمارەیان دەگاتە 1200 چەکدار.

قەدیر سەلیم کە یەکێکە لە فەرماندەکان گوتی" ئێمە لەلایەن دەوڵەتەوە فەرمانمان پێدەگات"، کە پرسیاریشی لێکرا، کە ئەو مەبەستی بەغدایە؟، وەڵامی دایەوە و گوتی" نەخێر، کوردستان".

**لە ڕۆژنامەی Washington post وە**



ئەدمیرال مایک موولەر فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق تەوقە لەگەڵ شێخێکی عەرەب لە کەرکووک دەکات (فۆتۆ:AFP)

> **ئێستا بە لۆجیکی کێ بەهێزەو کێ لاوازە ڕەفتار دەکرێت**
> نێچیرڤان بارزانی

> **پێویستە کورد ئەوەیان لەبیر بێت کە ڕۆژێک دادێت حکومەتی بەغدا بەهێز دەبێتەوە**
> شێخ ڕەعد عەلوانی

> **ئەگەر خۆشمان نەمانتوانی، ئەوا منداڵەکانمان بەشەق کورد دەر دەکەن**
> شێخ ئەسکەندەر حوسێن

> **بۆ پارتی ویەکێتی بیرە نەوتەکان زۆر گرنگترن لە شنگار و خانەقین**
> محەممەد تۆفیق ڕەحیم



**مالیکی دەیەوێ سوونەکان بەکێشە لەگەڵ کورد سەرقاڵ بکات بۆ ئەوەی ئاگایان لە فراوانبوونی دەسەڵاتی شیعە لە بەغدا نەمێنێت**

## ئابووری



### شەمەندەفەرەکانی عێراق دەچنە ئەورووپا

**ڕووداو-بەغدا**

وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ڕایگەیاند لە چەند مانگی داهاتوودا شەمەندەفەری بار و نەفەرهەڵگرەکانی عێراق بەرەو تورکیا دەست بە گەشت دەکەن و لەوێشەوە بەرەو ئەورووپا دەچن. سەرچاوەیەکی بەرپرس لەو وەزارەتە ڕایگەیاند کە 90%ی هێڵی ئاسنی نێوان پارێزگاکان کۆتایی هاتووە. گوتیشی "ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا کراوە بۆ بەگەڕخستنی شەمەندەفەر لە نێوان هەردوو وڵاتدا، پاشان لەوێشەو شەمەندەفەرەکانی عێراق بەرەو ئەورووپا دەرباز دەبن".

| 1 تەن | | دینار | |
|---|---|---|---|
| $ 540 | | 118600 | $ 100 |
| $ 120 | | 175000 | € 100 |



### لە5 ترلیۆنەکەی بودجەی تەواوکاری عێراقدا

# تەنیا 6 % بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە

**ڕووداو-بەغدا**

ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیێنێت کە لە پڕۆژە یاسای بودجەی تەواوکاریدا ڕێژەی 6%ی بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە نەک 17%.

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پڕۆژە یاسایەکی بۆ پەسەندکردنی بودجەی تەواوکاری، کە هەمووی بۆ بواری وەبەرهێنان دیاریکراوە، ڕەوانەی پەرلەمانی عێراقی کردووە، ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانیش پێیوایە ئەو پڕۆژەیە فێڵێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقە.

سامی ئەترۆشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق لەو بارەوە لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " هەر کە تەماشای پڕۆژە یاسای بودجەی تەواوکاری دەکەی بۆت دەردەکەوێ کە حکومەت دەیەوێ فێڵ لە پەرلەمان بکات، چونکە پەرلەمان لە یاسای بودجەی 2009 دا بڕی 5 ترلیۆن دیناری لە بودجەی گشتی عێراق کەمکردەوە، ئێستا حکومەت لە ڕێگەی پڕۆژە یاسای بودجەی تەواوکارییەوە داوای 5 ترلیۆن دیناری کردووەتەوە، کە هیچ ئاماژەیەکی بە کورتهێنانی دارایی نەکردووە، جگە لە پارەیەکی کەمی باجی هاووڵاتیان نەبێت کە هاتووەتە سەر بودجەکە".

ئەو پەرلەمانتارە، داوا لە حکومەتی عێراق دەکات پڕۆژەی بودجەی تەواوکاری لە پەرلەمان بکشێنێتەوە" باشترە خۆی بە پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی 2010ەوە خەریک بکات، کە پێویستە لە مانگی 10ی ئەمساڵدا بگاتە پەرلەمان".

ساڵی ڕابردوو لە 21 ترلیۆن دیناری بودجەی تەواوکاری، 3 ترلیۆن بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکرا، بەڵام بۆ ئەمساڵ پشکی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکراوەتەوە لە پرۆژەی بودجەی تەواوکاریدا. ئەو پەرلەمانتارە کوردە کە سەر بە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامییە لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە پەرلەمانتارانی کورد دەبێ هەڵوێستیان هەبێت"پێویستە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی یەکگرتووی ئیسلامی ئەو پڕۆژەیە ڕەتبکەنەوە، چونکە لەو پرۆژە یاسایەی بودجەی تەواوکاری کە لەلایەن حکومەتەوە نێردراوەتە پەرلەمان ڕێژەی 6.9%ی بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، ئەویش زیاتر بۆ بودجەی سیادییەو بۆ پارێزگاکان هیچ دیاری نەکراوە".

ئەترۆشی زانیاری زیاتر دەدات لەبارەی ئەوەی کە حکومەتی عێراقی چ مەبەستێکی هەیە لەپەسەندکردنی بودجەی تەواوکاری و دەڵێ " ئەو پارەیەی پەرلەمان لە سێکتەرێکەوە گواستییەوە بۆ سێکتەرێکی دیکە، هاتوون لەم بودجەی تەواوکارییەدا جارێکی دیکە پارەکەیان بۆ زیادکردوونەتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوکارەی پەرلەمان، ئەوەش فێڵ کردنە لە پەرلەمان".

# چیتر زبڵی هەولێر بەفیڕۆ نادرێ

### ڕۆژانە زیاتر لە 1200 تۆن لە پاشماوەی هەولێر پاک دەکرێتەوە



**عیسا عەبدولقهار**
hisagahar@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیای جەنائین لە ڕێگەی دوو کارگەوە پاشماوەکانی شاری هەولێر، کە ڕۆژانە زیاتر لە 1200 تۆنە، بە زیاتر لە 7 ملیۆن دۆلار لێک جیا دەکاتەوەو پاکیدەکاتەوە، بۆ ئەوەی دووبارە سوود لەو پاشماوەیە وەربگیرێتەوە وەک کەرەستەی خاو. بەڕێوەبەری پڕۆژەکانی کۆمپانیای ناوبراویش دەڵێ " ئەمە یەکەمین پڕۆژەی لەوجۆرەیە لە کوردستان و عێراق".

ماوەی زیاتر لە 18 مانگە، کۆمپانیای جەنائین بەپێی کۆنتراکتێک شاری هەولێر پاک دەکاتەوە. ئەو کۆمپانیایە دەیەوێ سوود لە زبڵی هەولێر وەربگرێ، بۆ ئەو مەبەستەش هەفتەی ڕابردوو پڕۆژەیەکی دەستپێکردووە. بەڕێوبەری پڕۆژەکانی کۆمپانیای جەنائین لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە قۆناخی یەکەم پلاستیک و کارتۆنەکانی نێو پاشماوەکان لێک جیاکردوونەتەوە و سوودمان لێوەرگرتوون و، دەمانەوێ سوود لە زۆربەی پاشماوەکە وەربگرین".

لە ئەورووپا کۆمپانیاکانی پاککردنەوەی شارەکان، زبڵدانەکانیان لێک جیاکردوونەتەوە، لەسەریان نووسراوەو خەڵکیش مادە شووشەییەکان دەخەنە زبڵدانە تایبەتەکان و ئەوانی دیکەش هەروا.

ئەو پڕۆژەی کۆمپانیای جەنائین، کە هەفتەی ڕابردوو دەستپێکراوە، بڕیارە لە قۆناخی دووەم، چەند کارگەیەکی دیکەش بۆ وردکردن و جیا کردنەوەو پاککردنەوەی پاشماوەکان بهێنێت "لە قۆناخی دووەم، کارگەی شووشەو فافۆن و خواردنەکان دێت، بەڵام ئێمە تا ئێستا سەرەکیترین کارمان کردووە، کە بریتییە لە جیاکرنەوە و وردکرن و پاککردنەوەی پاشماوەکان".

وەک ئەزموونی ئەو کۆمپانیایە، بەشێکی پلاستیکەکانی نێو پاشماوەکانی هەولێر، لەنێو قووتویەکی بچووک لەسەر مێزی بەڕێوەبەری پڕۆژەکانی کۆمپانیای جەنائین دەبینران، کە لەو نایلۆن و پلاستیکەکانی نێو زبڵی هەولێر دروستکراونەتەوە، بەڵام زەحمەتە کەسێکی دانیشتووی هەولێر، بڕوا بەوە بکات کە سوود لەو پاشماوەیە بینراوە، لە کاتێکدا تائێستا زبڵ و پاشماوەی خاشاکی هەولێر لە کۆمەڵگەی کانی قرژاڵەی نزیک هەولێر فرێدەدرا. خالید داود، بەڕێوەبەری پڕۆژەکانی کۆمپانیای جەنائین دەڵێ" ئەوە یەکەمین پڕۆژەیە، کە لە هەموو عێراقدا ئەنجامبدرێت، ئێمە ئەو پلاستیکانەمان داوەتە چەند کۆمپانیایەکی ناوخۆ، ئەوانیش دەڵێن سوودێکی باشی دەبێت، کەواتە ئێمە سەرکەوتووبووین لەو پڕۆژەیەدا".

کۆمپانیای جەنائین دوای دەستکردن بەو کارە، تاوەکو ئێستا کەرەستەی خاوی پلاستیکی فرۆشتووەتە چەند کۆمپانیا و کارگەیەک، بەڵام ناوی نەهێنان.

بەڕێوەبەری پڕۆژەکان دەڵێ تائێستا کاری سەرەکی پڕۆژەکەیان کراوە، بەڵام ناتوانن پاشماوەی نەخۆشخانەکان پاک بکەنەوەو سوودی لێ ببینن"چونکە مەترسی پیسبوونی لێ دەکەین، پاشماوەی نەخۆشخانەکانیش ڕۆژانە نزیکەی 12 تۆن دەبێت".

تائێستا کارەکانی جیاکردنەوەو پاککردنەوەی پاشماوەکان لە ڕێگەی دوو کارگەی کۆمپانیای جەنائینەوە ئەنجامدەدرێ، کە نزیکەی 7 ملیۆن دۆلاری تێچووە بۆ کاری جیاکردنەوە و پاککردنەوە، بڕیارە چەند کارگەیەکی دیکەش بۆ ئەو مەبەستە دابنرێن "بۆ جیاکردنەوەو سوود ببینین لە شووشەو هەموو پاشماوەکانی دیکە، ئێستا ڕۆژانە نزیکەی 1200 تۆن لەپاشماوەی هەولێر دوای وردکردنی پاک دەکرێتەوە".

لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا زیاتر لە 15 کاژێر کار لەو پڕۆژەیەدا دەکرێت، بەڕێوەبەری پڕۆژەکان دەڵێ تا کارەکانیان بەباشی بەڕێوەبچێت " ئێمە بە شێوەیەکی باش و خێرا کار دەکەین، کە دەگاتە زیاتر لە 15 کاژێر کارکردن لە شەو و ڕۆژێکدا، چونکە ڕۆژانە پاشماوەیەکی زۆری شاری هەولێر دێتە کانی قرژاڵە".





کارگەی لێک جیاکردنەوەی زبڵ لە هەولێر، بۆ ئەوەی دووبارە سوود لە پاشماوەکان وەربگیرێتەوە وەک کەرستەی خاو

# هەنگوینی هاوردە هەنگوینی خۆماڵی دەخوات



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
rawaebdalla@yahoo.com

**ڕووداو - هەولێر**

ماوەی 18 ساڵە، ئەسعەد، خەریکی بەخێوکردنی هەنگە، بەڵام بەهۆی هاوردەکردنی هەنگوینی لەدەرەوە و فرۆشتنی بەنرخێکی هەرزان، تائێستا نەیتوانیوە بەخێوکردنی هەنگ بکاتە پیشەی سەرەکی خۆی.

ئەسعەد ناسح، 45 ساڵ، یەکێکە لە هەنگەوانەکانی قەزای شەقڵاوە، ئەو ئێستا 250 پورە هەنگی هەیە، ساڵانە بەهۆیانەوە نزیکەی 1500 کیلۆ هەنگوین بەرهەمدێنێت، بەڵام بەهۆی هەرزانی نرخی هەنگوینی دەرەکی هیچ سوودێکی ئەوتۆ لەپیشەکەی نابێنێ. ئەسعەد دەڵێ "هەرزانی نرخی هەنگوینی هاوردە کاریگەری زۆری لە فرۆشی ئێمە کردووە، چونکە خەڵک وەک پێویست بەرهەمی ناوخۆ ناکڕێت".

بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ کە لە کۆتایی ساڵی 2008 ئامادەکراوە، ژمارەی هەنگەوانانی کوردستان نزیکەی 9900 هەنگەوان دەبێت، کە سەرجەمیان 151 هەزار شانەی هەنگیان هەیە، کە 77 هەزار شانەی خۆماڵی و 74 هەزاریشیان شانەی هاوچەرخن کە ساڵانە تێکڕایی بەرهەمیان دەگاتە 628 تا 700 تەن هەنگوین. ئەمەش لەکاتێکدا وەزارەتی کشتوکاڵ لەهەوڵی ئەوەدایە ئەم برە بەرز بکاتەوە بۆ 1200 تەن لەساڵێکدا، بۆ ئەم مەبەستەش بڕی 23 ملیۆن و 100هەزار دۆلاری لە پلانی ستراتیژی 5 ساڵەی وەزارەت بۆ تەخانکردووە.

ئەبوبەکر سابیر، بەڕێوەبەری پاراستنی ڕووەک لە دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە وەزارتی کشتوکاڵ بۆ ساڵی 2009 نزیکەی 3ملیۆن و600 هەزار دۆلاری تەرخانکردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکانی هەنگ و دابینکردنی شەمێ و پێداویستییەکانی دیکەی بەخێوکردنی هەنگ و کردنەوەی خولی ڕاهێنان و ڕێنمایی بۆ هەنگەوانانی کوردستان. ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوان هەوڵیانداوە لەکاتی خۆی پێداویستییەکان دابەشبکەن و هەموو ئەو هەنگاوانانەی مۆڵەتی بەخێوکردنی هەنگیان هەبووە لە وەزارەت بەپێی ژمارەی هەنگەکانیان بنەشەمێ و دەرمانی قرکەری نەخۆشییەکان و سندوقی بەخێوکردنی هەنگیان پێداون بە 75% کەمتر لە نرخی بازاڕ. هەروەها گوتیشی "هەر هەنگەوانێک 10 شانە هەنگی هەبێت مۆڵەتمان پێداوە، ئەو هەنگەوانەش کە لە 30 هەنگ زیاتری هەبێت، دەتوانێ بۆ دروستکردنی خانوو و کڕینی پێداویستییەکانی هەنگ ڕێژەی 50% بۆ تێچووی پرۆژەکە سوود لە قەرزی بانکی کشتوکاڵی وەربگرێ بەبێ خستنەسەر بۆ ماوەی 5 ساڵ".

تەها عەبدوڵڵا، 54 ساڵ، ماوەی 6 ساڵە لەگوندی دەریاسۆری سەربەناحیەی سیدەکان، خەریکی بەخێوکردنی هەنگە و ئێستا زیاتر لە 100 پورە هەنگی هەیە و ساڵانە نزیکەی 1200 کیلۆ هەنگوین بەرهەمەکەیەتی، بەڵام تا ئێستا هیچ یارمەتییەکی وەزارەتی کشتوکاڵی بەدەست نەگەیشتووە، تەها بۆ (ڕووداو) گوتی "یارمەتییەکانی وەزارەت ناگاتە لای ئێمە، بۆیە ناچارین ساڵانە پێداویستییەکانمان لە هەنگەوانەکانی تورکیا بکڕین، ئەوانیش بە نرخێکی گران بۆمان دێنن". ئەو هەنگەوانە پێیوایە ئەگەر بازاڕێک بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ نەدۆزرێتەوە و سنوورێک بۆ هاوردەکردنی هەنگوینی دەرەکی دانەنرێ، ئەوا هەوڵەکانی حکومەت بێ ئاکام دەبێ.

ئەبوبەکر سابیر، ئاماژە بەوە دەدات کە وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەوڵی دانانی کارگەیەکە لە شەقڵاوە بۆ دابینکردن و دروستکردنی پێداویستی هەنگەوانان بە بڕی 189 ملیۆن و810 هەزار دینار، گوتیشی"لەوانەیە حکومەت لەگەڵ تەواوبوونی کارگەکە، ساڵانە بە نرخێکی دیاریکراو هەنگوین لە جووتیاران وەربگرێت".

بۆ ڕێکخستنی کاری هەنگەوانان لەکوردستاندا، پێشتردووکۆمەڵەی هەنگەوانان لە هەولێر و سلێمانی هەبوون، بەڵام لەساڵی 2006 هەردوو کۆمەڵەکە یەکیانگرت و (تۆڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی هەرێمی کوردستان)یان پێکهێنا، بەگوێرە ئامارەکانی ئەو تۆڕە ژمارە هەنگەوانەکانی هەرێمی کوردستان نزیکەی 15 هەزارە، بەڵام تا ئێستا 10600 هەنگەوان ئەندامی ئەو تۆڕەن.

عارف عەبدوڵڵا، سەرۆکی تۆڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوە دەدات کە تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیا و ئێران زیانی زۆری بە هەنگەوانان و بەخێوکردن هەنگ گەیاندووە، هەنگەوانەکان بەهۆی نالەباری باردۆخی ناوچە سنوورییەکان ناتوانن بچنە کوێستانەکان، گوتیشی " گرفتێکی دیکەمان ئەوەیە بەشێک لە هەنگاوانەکان وەک پێویست ڕێنماییەکانی بەخێوکردنی هەنگ جێبەجێ ناکەن".

> **تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان زیانێکی زۆری بەبەخێوکردنی هەنگ گەیاندووە**
> سەرۆکی تۆڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی هەرێمی کوردستان

عەبدولڕەحیم عومەر، پسپۆڕ لە بەخێوکردنی هەنگ و وانەبێژ لەکۆلێژی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەری پاراستنی ڕووەک لە وەزارەتی کشتوکاڵ، پێیوایە تائێستا بەخێوکردنی هەنگ لە کوردستان لەلایەن هەنگەوانان بە شێوەیەکی زانستی و پیشەیی وەرنەگیراوە "80%ی هەنگەوانەکان بەخێوکردنی هەنگ وەک پیشەی دووەم سەیر دەکەن و زۆر گرنگی بە بەکارهێنانی زانستی سەردەم نادەن". ئەو پسپۆڕە گوتیشی "پێویستە بەر لە هەر شتێک وەزارەت هەوڵی ئەوە بدات وا لە هەنگەوانەکان بکات، پشت بە زانستی نوێ ببەستن و ڕێنماییەکانی بەخێوکردنی هەنگ پەیڕەو بکەن، چونکە ئەگەر ئەو گرفتە چارسەر نەکرێ، هەرگیز بەرهەم زیاد نابێ و بەخێوکردنی هەنگ پێشناکەوێت".

محەممەد سەعید، 45 ساڵ، ماوەی 9 ساڵە لەبازاڕی هەولێر خەریکی فرۆشتنی هەنگوینە. ئەو دوکاندارە ئاماژە بەوە دەکات کە هەنگوین لە وڵاتانی ئێران، تورکیاو پاکستان بۆ کوردستان دێت " بەڵام هیچیان ناگەنە هەنگوینی کوردستان"، محەممەد سەعید کە هەنگوین بە کۆ (جملە) دەفرۆشێ گوتی "خەڵک زیاتر حەز لە هەنگوینی خۆماڵی دەکەن نەک هەنگوینی هاوردە، بەڵام ئەو کەسانەی لەباش و خراپی هەنگوین نازانن، لەبەر هەرزانی هەنگوینی هاوردە دەکڕن".

### هەنگوینی کوردستان باشترە

**زانیارییەکان**

- 9900 هەنگەوان لە کوردستان هەن کە 151 هەزار شانەیان هەیە.
- تێکرای بەرهەمی ساڵانەی هەنگی کوردستان نزیکەی 700 تەنە.
- هەنگوینی دەرەکی لە ئێران، تورکیا و پاکستانەوە دێتە کوردستان.



**یارمەتییەکانی حکومەت بۆ هەنگەوانان**

هەر هەنگەوانێک زیاتر لە 30 هەنگی هەبێت دەتوانێ قەرزی پێنج ساڵە بێ سوود لە بانکی کشتوکاڵی وەربگرێ.

ئەمساڵ 3600 هەزار دۆلار بۆکۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکانی هەنگ و پێداویستییەکانی بەخێوکردنی تەرخانکراوە.



**هەنگوین فرۆشێک:** هەنگوینی ئەو وڵاتانە ناگاتە هەنگوینی کوردستان



**پسپۆڕێکی بەخێوکردنی هەنگ:** 80%ی هەنگەوانانی کوردستان بایەخ بەزاست نادەن بۆ بەخێوکردنی هەنگ

**کارگەی شەقڵاوە**

وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێ لە هەوڵی دانانی کارگەیەکدایە لە شەقڵاوە بۆ دابینکردن، دروستکردنی پێداویستی هەنگەوانان بە بڕی 189 ملیۆن و 810 هەزار دینار. کە دوای تەواوبوونی ساڵانە بە نرخێکی دیاریکراو هەنگوین لە جوتیاران وەردەگرێت.



**هەنگەوانێک:** یارمەتییەکانی حکومەت ناگەنە ئێمە

## موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK:

# دەبێ دەوڵەتی تورکیا داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات



28 ساڵە ئورفام نەبینیوە : قەرەیلان دەڵێ حەزدەکات بگەڕێتەوە ئورفای زێدی خۆی، بەڵام بۆ یەکێکی وەکو ئەو شاخ و ڕووبارەکان زێدی ئەون (فۆتۆ:کریستۆف پتیت تیسۆن)

**بۆ دووەمین جار، لەو مانگەدا چووینە قەندیل، ئەمجارەیان لەگەڵ چەند هاوکارێکی کورد و فەرەنسی. ئەمجارە چاومان بە سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان، موراد قەرەیلان کەوت و دوو کاژێر و نیو گفتوگۆمان کرد.**

**ئەو حەزدەکات بگەڕێتەوە شارەکەی ئورفا، بەڵام پێیوایە چارەسەری بەبێ گفتوگۆکردنی تورکیا لەگەڵ حیزبەکەی ئەو دروست نابێت. ئەو داخی ئەوە دەخوات کە لەگەڵ تەقاندنی یەکەم گوللەی شەڕی چەکداری لە 1984/8/15 لە نەخۆشخانە بوو لەسووریا نەک لە چیاکانی کوردستان، ئەو دەڵێ ئەوان بەو شەڕە گەلەکەیان لە لەنێوچوون پاراست و، ئێستا گەیاندوویانەتە قۆناخی چارەسەری.**

**ولادیمێر فان ولخنبێرخ**
**ڕووداو-قەندیل**

**ڕووداو: دەمەوێ هەندێک پرسیار شەخسیتان لێ بکەم لە 15ی ئابی 1984 لەکوێ بوون و چیتان دەکرد؟**

**قەرەیلان:** بەداخەوە من ئەوکات نەخۆش بووم و لە سوریا لە نەخۆشخانە بووم.

**ڕووداو: خەڵکی کوێی تورکیان؟**

**قەرەیلان:** خەڵکی ئورفام.

**ڕووداو: کەواتە ئێوەش وەک عەبدوڵڵا ئۆجەلان خەڵکی ئورفان. چەند ساڵ دەبێ ئەوێتان نەبینیوە؟**

**قەرەیلان:** 28 ساڵە ئەوێم نەدیوە.

**ڕووداو: ئایا حەز دەکەی بگەڕێیەوە زێدی خۆت؟**

**قەرەیلان:** هەموو کەس پێیخۆشە بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بەڵام بۆ یەکێکی وەکو من ئیتر هەموو شوێنێکی وڵاتەکەی لە شاخ و ڕووبارەکان وەکو ئورفا زێدی ئەون، نیشتمانی منن . لەکۆتاییدا من خەڵکی کوردستانم.

**ڕووداو:بەڵام لە شاخ ماسی نییە وەکو ئەو ماسییانەی لە ئورفا هەن؟**

**قەرەیلان:** ڕاستە، بەڵام ئێمە لەوێش ماسییەکان ناخۆین، لە سۆنگەی بیروباوەڕێکەوە تەنها سەیریان دەکەین.

**ڕووداو: چۆن پەیوەندیت بە خەباتەوە کرد، ئایا هۆکارەکەی کودەتای سەربازیی 1980 بوو؟**

**قەرەیلان:** نەخێر، ئەوکاتەی لە قۆناخی ئامادەیی بووم، لە 1976 پەیوەندیم بە بزووتنەوەکەوە

**قسەی دایکی شەهیدانی کورد و تورک زۆر کاریان لە من کرد**

هەبوو، برادەرێکمان هەبوو ناوی (کەمال پیر)بوو، لە زیندانی دیاربەکر دوای مانگرتن لە خواردن شەهیدبوو. دواتر هەم بەردەوامبووم لە خوێندن و هەمیش پەیوەندیم هەبوو. لە 1979ەوە بوومە ئەندام، دوایی پەیمانگەی میکانیکم تەواو کرد و لە کارگەیەک دامەزرام و شەش مانگ بوومە فەرمانبەر، دوای ئەوە جانتاکەمم هەڵگرت و لە 1980ڕاستەوخۆ چوومە چیا، مانگی حوزەیران بوو، هێشتا کەس نەهاتبوو.

**ڕووداو: لە تەلەفزیۆنەکان نیشانیدا کە دایکی گەریلا کوژراوەکان و سەربازە کوژراوەکان لە دیاربەکر کۆبوونەتەوە بۆ ئاشتی، ڕای ئێوە چییە لەوبارەوە؟**

**قەرەیلان:** ئەوە شتێکی جوانە، هەم گەلی کورد و هەم گەلی تورک لەگەڵ ئەوەدان ئەو کێشەیە بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێ. ئەو قسانەی ئەوان کردیان، زۆر کاریگەر و هەژێنەر بوون. من وەکو تاکە کەس قسەکانیان زۆر کاریان تێکردم. سەرۆک وەزیرانیش لە پەرلەمان گوتی با چیدیکە دایکانمان نەگرین و ڕۆڵەکانمان نەبنە قوربانی. پێموایە ئەویش کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو کۆبوونەوەیەی لە نێوان دایکی شەهیدانی هەردوولا ئەنجامدرا.

ئێمە ئەو کارانە بە باش دەزانین، چونکە لایەنگری ئاشتین. چونکە چارەسەری ئاشتیانە لە قازانجی هەردوولایە. ئێمە دەمانەوێ ئەوە لە دەوڵەتی تورکیا بگەیێنین کە ئەگەر کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێ ئەوە زیاتر لە قازانجی تورکیادایە. بەڵام زمانی نکوڵی لێکردن لە نێو دەوڵەتی تورکیا لەمپەرە لەبەردەم چارەسەری کێشەی کورد. بۆ چارەسەری کێشەکە ئیرادەیەکی سیاسی پێویستە چونکە، MHP و بەشێکیCHPش دژی چارەسەرین.

**ڕووداو: ئایا باوەڕت بە AKP هەیە؟**

**قەرەیلان:** نەخێر، خۆزگە باوەڕمان پێبوایە، AKPئێستا لەسەر دەسەڵاتە، کێشەکەی هێناوەتە بەرباس و گفتوگۆ، بەڵام تائێستا هەنگاوێکی وای نەهاویشتووە کە ببێتە هۆی ئەوەی ئێمە متمانەی پێ بکەین. کێشەی بنەڕەتی لە نێوانماندا ئەوەیە کە هەنگاوی وا نییە کە متمانەی پێ بکەین. بەڵام ئەوەش هەیە کە ئێمە پێمانوایە کە ئەم لالێکردنەوەیە دەتوانرێ بگەیێندرێتە چارەسەرێکی ئاشتیانە. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە کێشەی کورد بە دیموکراتی چارەسەر دەکرێ و زەمینەی نێودەوڵەتیشی هەیە. ئێمە ئامادەین، بەڵام عەقلیەتی دەوڵەتی تورک ڕێگرە.

**ڕووداو: کێشەی کورد لە تورکیا گەیشتووەتە کوێ؟**

**قەرەیلان:** 25 ساڵ بەر لە ئێستا لە کوردستان زمانی کوردی قەدەخەبوو، ئەگەر گوتبات من کوردم ئەوە گەورەترین تاوانت ئەنجامدابوو، ماڵەکانی کورد بەشەوان لەلایەن سیخوڕەکان چاودێری توونديان دەخرایە سەر بۆ ئەوەی بزانن ئەرێ لەو ماڵەدا ژن و مێرد و منداڵەکانیان بەیەکەوە بە کوردی قسە دەکەن یان نا؟ واتە لە کوردستان جینۆسایدێکی کولتوری هەبوو. لەو کاتەدا وەک بزووتنەوەیەکی لاو بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین ئێمەش مرۆڤین، خاوەنی کەرامەتین، تاکە ڕێگەی بەردەممان ئەوەبوو کە پەنا بەرینە بەر بەرخۆدانی چەکداری و ئێمە وەکو بزووتنەوەیەک ئەو غیرەتەمان دایە بەر خۆمان . ئێستا لە بارودۆخێکی جیاوازداین . ئێمە بەچەک بەرەورووی جینۆساید بووینەوە، هەر بۆیەش ئەمڕۆ زۆرینەی خەڵکی کورد لەگەڵ ئێمەدایە و پشتیوانیمان لێدەکات. بۆیەش دەستەواژەی تیرۆریست کە لە ئەوروپا دژی ئێمە بەکاردێت، سەفسەتەیە و ناهەقییەکی گەورەیە. کورد یەکێکە لە کۆنترین میللەتانی ناوچەکە، ئێمە ڕووبەڕووی جینۆسایدی کولتوری و فیزیکی ئەو گەلە بووینەوە. ئەمڕۆ ئێمە وەک PKKکێمان لە پشتە؟ ئایا هیچ دەوڵەتێک پشتیوانی لە ئێمە دەکات؟ لە ئەمریکاوە بگرە تا ناتۆ، هەر هەموویان بۆ لەنێوبردنی ئێمە و ئابڵوقەدانمان هاوکاریی تورکیا دەکەن، باشە دەبینن سەرەڕای ئەوانە ئێمە هێشتا ماوین و خەبات دەکەین. ئەمە چەند هۆکارێکی هەیە:یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە ڕێگایەکی ڕاستمان هەڵبژاردووە، دووەمیان ئەوەیە کە کێشەکەمان ڕەوایە و سێیەمیشیان ئەوەیە کە گەلی کورد پشتیوانیمان لێدەکات . خەباتی ئێمە وایکرد کە کێشەی کورد بگاتە قۆناخی چارەسەری، دەوڵەتی تورکیا لە تیۆری تورکی شاخاوییەوە گەیشتە ئەو قۆناخەی بڵێ کورد هەیە و دان بە کورد دابنێت. ئینجا گەیشتە ئەوەی بڵێ کێشەی کوردیش هەیە، پێشتر دەیگووت کورد هەیە، بەڵام ئەوە سێ مانگ دەبێت دەڵێ کێشەی کوردیش هەیە. پێموایە ئەو خەباتەی ئێمە لە ساڵی 1984ەوە دەستمان پێکردو لە 1993 گەیشتە ئامانج واتە دوای 9 ساڵ ئێمە ئامانجمان پێکابوو. ئێمە لە 1993 بەو لاوە واتە 16 ساڵە لە هەوڵی ئەوەداین کە کێشەی کورد بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکەین. ئەوە شەشەم جارە ئێمە ئاگربەست ڕادەگەیێنین. بەڵام تورکیا ئەو ئاگربەستانەی قەبوڵ نەدەکرد و ئەوەی بە دەرفەتێک دەزانی بۆ ئەوەی ئێمەی پێ لاواز بکات. لە 1998/9/1 ڕێبەرمان ئاپۆ، ئاگربەستی ڕاگەیاند، بەڵام دەوڵەتی تورکیا بە هاوکاری ئەمریکا لە گەلەکۆمەییەکدا ڕێبەر ئاپۆی لە 15ی شوباتی 1999 دەستگیرکرد. ئەوکات ڕایانگەیاند کە PKK کۆتایی پێهاتووە. دەستگیرکردنی ڕێبەرمان تەنها بە هاوکاریی ئەمریکا نەبووە و بگرە هەندێک وڵاتی ئەورووپیش دەستیان لەو مەسەلەیەدا هەبوو. لەو 11 ساڵەدا لەهەموو لایەکەوە گوشارمان لەسەر بوو، بەڵام ئێمە بەرخۆدانمان نواند. ئامانجی ئەوان لەنێوبردنی ئەو ئایدۆلۆژیایە بوو کە ڕێبەرایەتیمان دایهێنابوو. بە تایبەتیش لەم پێنج ساڵەی دواییدا ئێمە هەم گەورە بووین و هەم پەرەمان بە ئایدۆلۆژیای خۆمان دا. ئێمە ئێستا لە بەهێزترین پێگەی خۆماندایین . ئەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کێشەی کوردی گەیاندووەتە ئێرە، هۆکاری دووەمیش پەیوەستە بەو فۆڕمە نوێیەی کە بە هۆی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دێتە کایەوە. وا دەبینرێ کە لەم فۆرم و سەرلەنوێ بنیادنانەوەیەدا ڕۆڵی تورکیا لە بەرامبەر ئەورووپادا پەرەدەستێنێ. هەم تورکیا و هەم کوردستان، وردە وردە وا دەبن بە کۆریدۆرێکی گرنگی وزە. بۆ نموونە پرۆژەی نابوکۆ یەکێکە لەوانە. بۆیە پێموایە چارەسەری کێشەی کورد ئێتر بووەتە زەروورەت، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لەسەر ئاستی نێوخۆیی. چونکە ڕۆژئاوا بەرژەوەندی لە سەقامگیریی ناوچەکەدایە، سەقامگیریش بە دوو ڕێگە دێتە دی، یان ئەوەتا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەنێو ببات، ئەو کارەیان زۆر ئەنجامدا و بۆیان نەچووەسەر، خۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد تەنها بریتی نییە لە PKK، بۆ نمونە لە باشوور ئێستا زۆر دەستکەوت هەن و کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوونەتە یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکان. بۆیە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوانە ئیتر نەک بە ئاراستەی لەنێوبردن، بگرە بە ئاراستەی چارەسەرکردن هەنگاو دەهاوێژرێن.

**ڕووداو:هەنگاوەکانی دەوڵەتی تورکیا چۆن دەبینن؟**

**قەرەیلان:** لەو چوراچێوەیەدا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بە ئاراستەی چارەسەری کێشەی کورد هەنگاو هەن. ئەو هەنگاوە لەژێر ناوی کرانەوە بەڕووی کورد دا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە هەیە. چ لێدوانەکانی وەزیری ناوخۆ و چ لێدوانەکانی سەرۆک وەزیران ئاماژە بەوە دەکەن کە بە دوای چارەسەریەوەن، بەڵام لە مەسەلەی چارەسەریدا کەموکوڕی و هەڵە هەیە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک،وەک لە هەموو دونیادا هەر وایە، پێویستە لایەنی بەرامبەری کێشەکە گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت، کەچی حکومەت دەیەوێ پشتگوێیان بخات. وەزیری ناوخۆی تورکیا دەڵێ ئێمە چاو لە هیچ مۆدێلێکی چارەسەری ناکەین کە لە دنیادا هەیە و مۆدێلی ئێمە مۆدێلێکی تازەیە کە دەبێتە نموونە، ئێمەش ئێستا سەرمان سوڕماوە

**تورکیا و کوردستان، وردە وردە دەبنە کۆریدۆرێکی گرنگی وزە، پرۆژەی نابوکۆ یەکێکە لەوانە. بۆیە چارەسەری کێشەی کورد ئێتر بووەتە زەروورەت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی**

کە داخۆ چۆنە. دیارە سەنعەتێکی تورکییەو هێشتا ڕاyانەگەیاندووە چۆن چارەسەری دەکەن. ئێستا وەزیری ناوخۆ دەگەڕێ و ناڵێ چی دەکەن، تەنها باسی ئەوشتانە دەکات کە نایانکەن. بۆ نموونە پێش هەموو شتێک هێڵە سوورەکان دەکێشێت. دەڵێ: ئۆتۆنۆمی نابێت، خوێندن بە زمانی دایک نابێت و ئۆجەلان ئازاد ناکرێت. کە ئەوانە نەبن، چی دەبێ؟ بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکانی میللەتێک نەتوانن بە زمانی دایک بخوێنن ئەوە چ کرانەوەیەکی کولتورییە. بۆیە لێرەوە تێدەگەین کە ئەو کرانەوەیەی دەوڵەتی تورکیا ناتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکات. بە واتایەکی دیکە پرۆژەی دەوڵەتی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە دیالۆگ خەسڵەتەکانی چارەسەری تێدا نییە. زیاتر وەک مانۆڕێک بۆ خەڵەتاندنی دەرەوە و ناوخۆ دێتە پێش چاو. ئێستا لەلایەن ئەمریکا و ئەورووپاوە هەندێک پەیام هەن کە دەبێ کێشەی کورد چارەسەر بکرێ، ئەوانیش لە ڕاستیدا هەندێک ماف دەدەنە کورد، بەڵام وا پێناچێ بیانەوێ لە بنەڕەتەوە چارەسەری کێشەکە بکەن . ئێستا یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو جموجۆڵانەی تورکیاش ئەوەیە کە ئۆجەلان نەخشەی ڕێگایەک ڕادەگەیێنێت. نایانەوێ ڕاگەیاندنەکەشی بکەوێتە ڕۆژی 15ی تەباخ. هەوڵی تورکیا ئەوەیە کە نایەوێ بکەوێتە ژێر سێبەری ڕێبەرایەتیمان و دەیەوێ بڵێ خۆم چارەسەری دەکەم. ڕێبەرایەتی ئێمە نزیکەی سێ مانگە بۆ دەسنیشانکردنی نەخشە ڕێگا لەڕێگەی پارێزەرەکانییەوە بیروبۆچوونی چین و توێژەکان وەردەگرێ. ئەو نەخشە ڕێگایە تەنها تێڕوانینی ئۆجەلان نییە و بیروبۆچوونی بەشێکی زۆری ئەوانەیە کە دەیانەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکرێ. ئەو نەخشە ڕێگایە بۆ هەموو لایەکە هەم بۆ تورکیا و هەم بۆ ئێمە. ئەو نەخشەیە پشت بە یەکەم دەستووری کۆماری تورکیا دەبەستێت ئەوەی ساڵی 1921، کە پتر ڕەنگدانەوەی گەلانی تورکیا بوو. دەستووری 1921 ناڵێ هەر کەسێک کە لە تورکیا بژیت تورکە، دەڵێ هەمووان هاووڵاتی کۆماری تورکیان. کورد لە پەرلەمانیش بە کوردی قسەیان کرد، جلی کوردییان لەبەر دەکرد و ئەو کاتە تواندنەوەو ئاسیمیلاسیۆن نەبوو. ئێمە چارەسەری لە دەستووری 1921 دا دەبینین و دەڵێین ئەگەر ئەو دەستوورە بە چوارچێوە و مەرجەع وەربگیرێت کێشەکە چارەسەر دەکرێ.

**ڕووداو: لەگەڵ کرانەوەی دۆسیەی کورد لە تورکیا مەسەلەی کەمپی مەخموور و ئەوانەی لەلایەن حکومەتەوە بەناوی پارێزەرانی گوندەکانەوە مووچە وەردەگرن خراوەتە بەر باس، ئایا ئەوانە پێشمەرجن بۆ چارەسەری و ئاشتی؟**

**قەرەیلان:** ئەمە هیچ پەیوەندی بە مەسەلەکەوە نییە. تورکیا خۆی بە شتی لاوەکییەوە خەریک کردووە، کێشە کەمپی مەخموور نییە، کێشەی کورد چارەسەر بکرێت ئەوانە بۆ خۆیان دەڕژێنەوە، خۆ خەریککردن بە کەمپی مەخموورەوە، خۆ دزینەوە لە کێشەکە. کێشەی کورد لە کەمپی مەخموور نییە، ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکی پەنابەر و بێدەرەتانن و لەوێن.

**ڕووداو: ئەی سەبارەت بە نەهێشتنی هێزەکانی گوندپارێز و لێبووردن بۆ گەریلا؟**

**قەرەیلان:** ئێمە پێمانوایە کە دەبێ پرۆژەیەک هەبێت. دەبێ چی تێدا بێت؟ دانانی بە کورد و مافەکانی کورد. ئێمە پێویستیمان بە پرۆژەیەکی لێکتێگەیشتنی کۆمەڵایەتی هەیە. واتە کێ لە کێ دەبوورێت، ئایا ئەوان لە ئێمە دەبوورن! ئەی باشە کێ لە بکوژی 17 هەزار هاووڵاتی مەدەنی خۆش دەبێت کە قاتیلەکانیان دیار نین؟! من باسی کوژرانی ئەو گەریلایانە ناکەم کە لە چیا کوژراون، مەبەستم لە 17 هەزار کەس ئەو کەسانەن کە لە دیاربەکر و ئورفا و ئیستەنبوڵ لە سەرمایەدار، دکتۆر، پەرلەمانتار و ئەندازیار کە بەدەستی بکوژی نادیار کوژراون، کێ لەو تاوانانە خۆش دەبێ و کێ دەبێ لە کێ ببوورێت؟ ئێمە دەڵێین دەبێ لەیەکتربووورین هەبێ، لە پێشدا دەبێ داوای لێبووردن لە کورد بکرێت، ئەگەر لێبووردنێک هەبێ دەبێ بەرامبەر بێت.

**ڕووداو: مەبەستت ئەرگەنەکۆنە؟**

**قەرەیلان:** هەوڵەکان ئەوەیە کە لە کەیسی ئەرگەنەکۆن باسی ڕۆژهەڵاتی تورکیاش بکرێت، کەچی نایێڵن. ئەگەر ڕێگە بدەن بگاتە ئەوێ، دەبێ ئەوکاتە سلێمان دەمیرەڵ، تانسو چیللەر و تێکڕای کاربەدەستانی تورک بخەنە زیندانەوە. بۆیە پێمانوایە کە کێشەی ئێمە بە ئەرگەنەکۆن چارەسەر نابێت، ئێمە دەڵێین با ئاشتی و لێکتێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە. لە دنیادا لەوبارەیەوە نموونە هەیە، بۆ نموونە لە ئەفریقای باشوور ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر کرا؟ لەوێ چەند کۆمیسیۆنێک بۆ بەدواداچوونی ڕاستییەکان، لێکتێگەیشتن و عەدالەت دامەزرێندرا و بەم شێوەیە چارەسەر کرا. ئێمەش پێشنیازی کۆمیسیۆنێکی ئاوا دەکەین و بڕیارمان لێداوە کە کۆمیسیۆنی بەدواداچوونی ڕاستییەکان و عەدالەت دابمەزرێندرێ.

**ڕووداو: ئەم کۆمیسیۆنە بەشێکە لە نەخشەی ڕێگا؟**

**قەرەیلان:** بەڵێ، ئێمە دەڵێین لە هەردوولامان ئەگەر تاوانێکمان کردبێ ئاشکرا بکرێ. تورکیاش خەڵکی کوشتووە.

**ڕووداو: پێشتر گوتتان قەد بەقەدەر ئێستا لە ڕووی سەربازییەوە بە هێز نەبوون، ژمارەی گەریلاکانتان چەندە و چەند لەو گەریلایانە لە باشوور و چەندیان لە باکوورن؟**

**قەرەیلان:** من دەمەوێ بە پرسیار وەڵام بدەمەوە، بەڕای ئێوە چەمکی بەهێزی تەنها بە چەندێتی هێزی سەربازی دەپێورێت؟ تورکیا دەڵێ پێنج شەش هەزار گەریلامان هەیە، ئەمە ڕاست نییە، ژمارەی هێزەکانی ئێمە 7 تا 8 هەزار گەریلایە کە ئەگەر حەزمان لێبێت ژمارەکەیان زیاد دەکەین، بەڵام نامانەوێ. لە خەباتی چەکداری دا ستراتیژ و شێوازی کلاسیک پەیڕەو ناکەین، ئێمە لە پێگەی بەرگریکردنی ڕەوادایین کە قاچە بە هێزەکەی ئەم ستراتیژییەتە بریتییە لە خەباتی سیاسی، خەباتی ئێمەش پتر سیاسییە.

**ڕووداو: گوتتان 7 تا 8 هەزار کەسن لەوانە چەندیان لەناو عێراق و چەندیان لەناو تورکیادان؟**

**قەرەیلان:** نیوە بە نیوە، بەڵام ڕەنگبێ ژمارەی ئەوانەی ناو عێراق کەمێک زیاتر بێ لەوانەی ناو تورکیا.

**ڕووداو: گوتت ئەمریکا پشتیوانی لە تورکیا کردووە بۆ لەنێوبردنی ئێوە، کەچی لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا ڕێگە بە DTP دەدا لە واشنتن نووسینگە بکاتەوە و پشتیوانی لە کورد دەکات، ئایا هاودژییەک نابینن لەوەدا؟**

**قەرەیلان:** ئەگەر وەکو تۆ لێی تێگەیشتی وابێ بەڵێ هاودژی هەیە. ئەمریکا لەسەرەتاوە پشتیوانی لە تورکیا کرد لە دژی بزووتنەوەی کوردی . تەنانەت ڕێبەری ئێمەشی گرت و تەسلیمی تورکیای کرد. بەڵام کە ئەمریکا ئەوەی کرد، داوای لە تورکیاش کرد کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەندێک هەنگاو بهاوێژێت، بەڵام تورکیا هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشت. بەرامبەر بە ئێمە سیاسەتێکی وا هەیە، هەم چارەسەری و هەمیش تەسفیەکردن، ئەوە هاودژییە. ئێمە داوای چارەسەری دەکەین، چارەسەرییەک کەPKK پێی ڕازی بێت، بەڵام ئەوان PKKیەکی لاوازیان دەوێت کە بە هەموو جۆرە چارەسەرییەک ڕازی بێت. ئێستا لەوەدا ئێمە لەوبۆچوونەدایین کە ڕەنگبێ ئەمریکا بە نیاز بێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەتایبەتیش دوای هاتنی ئۆباما سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە مەسەلەی کورد چۆنە، مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێشە و من دەمەوێ لێی تێبگەم. بەڕای من ئەمریکا وڵاتێکی پراگماتییە. من پێمانوانییە ئەمریکا وەک تورکیا بیر بکاتەوە و پێیوابێت کە بە هێزی سەربازی دەتوانێ PKK لە نێوببات. تورکیا وا بیر دەکاتەوە. تا کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر نەبێت لە ناوچەکە سەقامگیری نایێتەدی. تورکیا هەر دەڵێ کۆتایی بە PKK دێنم، بەڵام پێی نەکرا. بۆیە ئەمریکا لەو ڕوانگەیەوە ڕەنگبێ لەگەڵ چارەسەریدا بێت. لەم مەسەلەیەدا سیاسەتی فەرەنسا جیاوازە، سیاسەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا ئاوایە، ئەوان تورکیایان لەناو یەکێتی ئەورووپا ناوێت

**لێدوانەکانی ئەردۆغان ئاماژە بەوە دەکەن کە بە دوای چارەسەریەوەن بەڵام لە مەسەلەی چارەسەریدا هەڵە هەیە**

و بۆیەش بەگەرمی سەیری چارەسەری کێشەی کورد ناکەن. تا شەڕ و پێکدادان لەنێو تورکیادا هەبێ، بە ئاسانی دەتوانن ڕێگە نەدەن تورکیا بچێتە نێو یەکێتی ئەورووپا. بەڵام ناچارن تورکیایەک کە کێشەی کوردی چارەسەر کردبێ داخیلی یەکێتی ئەورووپا بکەن.

**ڕووداو: کەواتە ئێوە پشتیوانی لە ئەندامێتیی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا دەکەن؟**

**قەرەیلان:** ئێمە پشتیوانیمان لێدەکرد، لەسەر بناخەی چارەسەری کێشەی کورد. دیسان لەبارەی هەڵوێستی فەرەنساوە لەوەتەی سارکۆزی هاتووەتە سەر حوکم هەڵوێستی فەرەنسا لەبارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد گۆڕاوە. بۆ نموونە تائێستا 26 سیاسەتمەداری کورد لە فەرەنسا زیندانین، هیچ تاوانێکیان نییە، ماڵەکانیان پشکێندراوە و چەقویەکیشیان تێدا نەدۆزیونەتەوە و هیچیشیان بەکاری تیرۆریستی هەڵنەستاون و تەنانەت بەشدارییان لە هیچ پلانێکیشدا نەکردووە. تاوانی ئەوانە چییە؟ دواکاری گشتیی چ تۆمەتێکی داونەتە پاڵ؟ تاوانەکەیان ئەوەیە کە ئەوانە پارەیان بۆ PKK کۆکردووەتەوە. فەرەنسا بەو کارە دەیەوێ بە تورکیا بڵێ، کوڵ مەدە و لەگەڵ PKK درێژە بەشەڕ بدە، ئێمە سەرچاوە داراییەکانی PKKمان بڕیوە! بۆ نموونە لە قۆناخێکدا کە ئێمە ئاگربەستمان ڕاگەیاندووە و لە تورکیا باسی چارەسەری دەکرێ، ئەم کردەوەیەی داواکاری گشتی لە فەرەنسا مانادارە و جێی گومانە. بەڕای ئێمە ئەم سیاسەتەی فەرەنسا دەستی شەڕخوازەکانی ناو تورکیا بەهێز دەکات. ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ هەموو کەس ئاشت بینەوە. وڵاتانی ئەورووپاش دەستیان لە خولقاندنی کێشەی کورددا هەیە. چارەسەری کێشەی کورد دەبێتە هۆی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زەمینە خۆشکەر دەبێ بۆ هاتنەکایەی دیموکراسی لە ناوچەکەدا. بۆیە ئێمە داوا لە وڵاتانی ئەوروپا، یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا دەکەین پشتیوانی لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد بکەن و پشتیوانی لە ڕێکارە توندوتیژەکان نەکەن. پێویستە فەرەنسا دەستگیرکراوەکانی ئێمە ئازاد بکات، چونکە ئەم کارەی بە دژایەتی گەلی کورد لێکدەدرێتەوە و پێویستە واز لە سیاسەتی دووانە بێنێت بەرامبەر بەگەلی کورد کە بریتییە لە کوردی باش و کوردی خراپ. ئێمە دوژمنی کەس نین، بەڵام ئەگەر سیاسەتی خۆیان بەرامبەر گەلی کورد نەگۆڕن ئێمەش ناچار دەبین بیری لێبکەینەوە.

ئێمە دەستمان بە پرۆسەیەکی ئاشتیانە کردووە، داوا لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا دەکەین پشتیوانی لەو پرۆسەیە بکەن و پشتگیری لە توندوتیژی و شێوازی سەربازیی تورکیا نەکەن .پێمانوایە کە لەم قۆناخەدا چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە قازانجی ڕۆژئاواشدایە. ئێمە وەکو PKK بۆ بێدەنگکردنی یەکجارەکی چەکەکان و چارەسەری دیموکراسی و ئاشتیانە دەستمان بە پرۆسەیەکی دیموکراسی کردووە،حکومەتی AKPش لە ڕوانگەی خۆی و بەپێی تێڕوانینی خۆی بۆ کێشەی کورد دەستی بە پرۆسەیەک کردووە، ئێمە پێمانوایە کە تێڕوانینی AKP بەس نییە و پێمانوانییە بتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام ئەگەر

**8 هەزار گەریلامان هەیە و بەخۆمان نامانەوێ ژمارەیان زیاد بکەین**

وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا قورسایی خۆیان وەک دینامیزمێکی دەرەکی بخەنەگەڕ، ئەوکاتە ڕەنگبێ چارەسەری ئاشتیانە بێتەدی.

**ڕووداو: ڕایەک هەیە کە دەڵێ ئەگەر PKK هێزی چەکداریی نەبێت، تورکیا هیچ بیانوویەکی نامێنێت بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد؟**

**قەرەیلان:** نەخێر شتی وانییە، تورکیا دیسانیش چارەسەری ناکات. بەڕای من ئەوانە لە عەقلیەتی دەوڵەتی تورکیا نەگەیشتوون. ئەگەر گەریلا نەمێنێت، تورکیا دەڵێ کێشەی کوردیش نییە. با وەبیرتان بێنمەوە لە ساڵی 2005 لە مۆسکۆ پرسیارێک لە سەرۆک وەزیرانی تورکیا کرا، لە وەڵامدا گوتی، ئەگەر بیری لێ نەکەنەوە شتێک بەناوی کێشەی کورد نییە.

## هونەر



### چاوەڕێی زەکەریا دەکەن

رووداو- هەولێر

بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەک، زۆر لە هۆگرانی موزیک و گۆرانی کوردی، چاوەڕێی بەرهەمی نوێی هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵلا دەکەن. لەڕاپرسییەکدا کە لەلایەن ماڵپەڕی (لێزان) ئەنجامدراوە، زۆربەی هۆگرانی موزیک و گۆرانی کوردی چاوەڕێی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی نوێی گۆرانیبێژ زەکەریا عەبدوڵلا دەکەن. بەپێی ئەو ڕاپرسییە کە 2660 کەس بەشداری تێدا کردووە و دەنگیان بە 20 گۆرانیبێژ داوە، بەپێی ئەنجامەکەی هاتووە: زەکەریا عەبدوڵلا 20%، چۆپی 19%، زیاد ئەسعەد 13%، باخان 8%، هەردی سەلاح 7%، عەدنان کەریم 7%، ڕۆژ کەریم 4% زیاترین دەنگیان هێناوە.

## هەڤال ئیبراهیم:

# هاریکاریکرنا هونەرمەندا نە کارێ حکومەتێ یە




**نەخۆشترین هەلویست** : حەزا وێنەگرتنا کچەکێ نەخۆشترین هەلویستە ب سەرێ هەڤالی هاتی

**عەبدوللا نهێلی**
**رووداو-دهۆک**

هونەرمەندێ گەنج هەڤال ئیبراهیم دهەڤپەیڤینەکێدا دگەل (رووداو) دیارکر کو یەکەم ستران بناڤێ ( ئەرێ دایێ) ل سالا 1999 تۆمارکریە و ب وێ سترانێ ل دەڤەرا بەهدینان بەرنیاس بوو، بەلێ ب سترانا (وەرە قوربان) ل هەمی دەڤەرێن باشوورێ کوردستانێ هات نیاسین.

هەڤال ئیبراهیم، زۆر زوو خۆ نائێخیتە بەردەم پرسیار و هەڤپەیڤینێن رۆژنامەڤانا. پشتی چەند تێلەفونان رازیبوو ئەم هەڤپەیڤینەکێ دگەل وی بکەین، بەلێ هەر کو ئەم گەهشتین دەف وی هەڤالی ئێکسەر گۆت "خۆ هین وێنەیێن من ناگرن، چونکە ئەز دناڤ کاریدا و یێ ب سەرو بەرم، ئەز دێ وێنەیەکی دەمە هەوە". بەلێ گۆت "هەر پرسیارەکا هەوە هەبیت کەرم کەن".

هەڤال دەرچۆیێ پەیمانگەها هونەرێن جوان 2003 ل دهۆکێ. ئەو دبێژی "من گەلەک حەز دکر باوەرنامەکا موسیقێ بینم، لەورا من پەیمانگەها هونەرێن جوان هەلبژارت، چونکە پەیمانگەه رێکا سەرکەفتنا هونەری بۆ مرۆڤی ڤە دکەت".

لێ هەڤال نەدگەل هندێ دایە کو خوەندنا پەیمانگەهێ و ئەکادیمیبوونا هونەرمەندی مەرجە بۆ سەرکەوتنا وی هونەرمەندێ سەرکەفتی و گوت"چونکە گەلەک ژمەزنترین هونەرمەندێن جیهانێ، نە دەرچۆییێن چ پەیمانگەهێن هونەرینە جوانن، بەلکو ب حەزکرن بووینە موزیکژەن و بەرنیاس بووینە".

هەڤال زۆر حەز ل عودێ دکەت" ئەز حەش ئامیرێ عودێ دکەم".

هوزانڤانێ سەرەکی یێ هەڤال ئیبراهیمی بەدرخان سندییە، ئەو دبێژیت"هوزانێن بەدرخان سندی گەلەک کاتێکرنێ لمن دکەن، پەیڤێن هوزانێن وی دسادەنە، بەلێ ب بهانە".

بو دەستنیشانکرنا هۆزانا پرسیارا هەڤالێن خۆ دکەت، بەلێ ئەو بریارێ ل سەر ددەت و دبێژی" گەلەک بابەت هەنە ئەز دەست نیشان دکەم و دبێژمە هۆزانڤانی هۆزانەکێ لسەر ڤی بابەتی دروست بکە".

هندەک هۆزانێن هەڤالی کرینە ستران گەلەک کاتێکرن ل وی کریە و دبێژی"سترانا (تە ژبیرناکەم، من چ کریە)

### گەلەک کەیفا من دهێت دەمێ وێنا دگەل من دگرن

گەلەک کاتێکرن لمن کریە".

هەڤال گوهداریا زۆربەی سترانبێژا دکەت وان دکە "بتایبەتی سترانبێژێن کەڤن وەک تەحسین تەها، ئەردەوان زاخۆیی، ئەیاز و تاهر تۆفیق". هەروەسا دبێژی وی پەیوەندیێن وی دگەل هەموو هونەرمەندێن کوردستانی "د

### ئەز حەز دکەم ل هەولێرێ بژیم

باشن"،

هەروەها "من پەیوەندی دگەل هونەرمەندێن باکوورێ کوردستانێ ژی هەنە".

ئەو دبێژی " هەمی هونەرمەندێن جیهانێ ل دەسپێکا خۆ هندەک سترانێن لاواز دبێژن". بەلێ ئەو ل گۆر وەختێ سترانێن خۆ "ئەز ل هەمی بەرهەمێن خوە یێ رازیمە".

گەلەک هونەرمەند دچنە تورکیا بۆ چێکرنا ئەلبووم و کلیپێن خوە، لێ هەڤال ب گەشبینی ڤە بەحسێ پێشڤەچۆنا تەکنیکا کوردستانێ کر و دبێژی"تەکنیکا کوردستانێ ژی باش بوویە، بەرهەمێ (خوزی) من ل کوردستانێ دروستکرو، گەلەک سەرکەفتن ئینا". ئەو نهاژی ل دهۆکێ مژوولی چێکرنا کلیپەکا تازەیە.

هەڤال دبێژی دەرئێخستانا یاسایەکێ بۆ پاراستنا مافێ هونەرمەندا و نەهێلانا کۆپیکرنێ کارێ حکومەتێ یە، لێ ئەو بەرۆڤاژی زۆر هونەرمەندێن کوردستانێ دبێژی " هاریکاری کرنا هونەرمەندا نە کارێ حکومەتێ یە، ئەو هونەرمەندێ نەشێت ب شیانێن خو یێن هونەری بژیت و بەرهەمان بۆ خو دروست بکەت، بلا هونەری بهێلیت".

هەڤالی گرێبەستەکە

دگەل VIN TV هەیە، بەلێ ئەو رازی نەبوو بەحسا ناڤەرۆکا گرێبەستا خۆ دگەل وێ تەلەڤزیۆنێ بکەت. ئەو نها مژوولی نەشێم زێدەتر بەحسێ جورێ گرێبەستێ و خالێن گرێبەستێ بکەم.

دئەلبووما نوویا هەڤالی دا 4 ژ ستران ب زاراڤێ سۆرانی گۆتینە، ئەو دبێژی " ئەز گەلەک حەز دکەم سترانێت

سۆرانێ

بێژم و دڤێ بەرهەمێ نوی ئەوێ هاتییە بەلافکرن، چار ژوان سترانا سۆرانینە".

هەڤال دناڤ گەنجێن هەموو شارێن کوردستانێ دا حەزکرێێن خوە هەنە، حەزکرنا وی ژی ل دهۆکێ تێدپەڕیت " ئەز گەلەک حەز ل شارێ هەولێرێ دکەم"، ژبەرکو هەروەکو وی گۆت خەلکێ هەولێرێ گەلەک حەز ژ وی دکەن و "ئەز حەز دکەم ل هەولێرێ بژیم".

د ماوێ چەند خولەکاندا د وەختێ هەڤپەیڤینا مەدا 18 تێلەفون بۆ هەڤالی هاتن، ئەو دبێژی"من دوو هێلێن تیلەفونێ هەنە، ئێک یا من یاتایبەتە، یادی گەلەک خەلک دزانن، لەورا پرانیا وەختێ ئەو هێلا خەلک دزانن یا داخراوە".

هەڤال رەخنە ژ رۆژنامەڤان و خەلکی دگری کو راستەوخۆ تێلەفونێ بۆ وی دکەن "مخابن هەتا نووکە خەلک چ ژ کاری نزانن، من رێڤەبەرێ کاروبارێن خو یێن هونەری هەیە، بەلێ هەرکەسێ کارەک هەبیت حەز دکەت راستەوخۆ دگەل من ب ئاخڤیت، ئەرێ بۆچی ب رێکا رێڤەبەرێ کاروبارێت من نەبیت؟".

هەڤال ئیبراهیم، ب رێز و خۆشی بەرێ خوە ددەتە دیاردا وێنەگرتنا خەلکی دگەل هونەرمەند و کەسێن بەرنیاس "گەلەک کەیفا من دهێت دەمێ وێنا دگەل من دگرن، چونکە مرۆڤ چاوا دزانیت مروڤ بەرنیاس بویە، دەمێ خەلک وێنا دگەل مرۆڤی دگرن، گەنج و کچ گەلەک حەز دکەن وێنا دگەل من بگرن". بەلێ جارەکێ روودانەکێ دڤی چارچۆڤەیدا دلی وی ئێشاندەیە و ئەو ڤێ روودانێ بۆ (رووداو) ڤەدگێڕی و دبێژی "جارەکێ ل شەهیانەکێ کچەک هات دا وێنەکێ دگەل من بگریت، کەسوکارێن وێ لپێش چاڤێن من ئاخفتنێن نەخۆش گوتنێ و ل وێرێ بر، ئەڤە نەخوشترین مەوقف بوو ب سەرێ من هاتی".

هەڤال هێشتا خێزان دروستنەکرییە لێ ئەو دبێژی " ئەز ئەڤیندارم و بێ ئەڤینی نەشێم بژیم،سەرکەفتنا ئەڤینێژی ئەوە مرۆڤ بگەهیتە مرادا خۆ".



## شەهرام عەلیدی:

# دڵم زۆر بریندارە بەڵام با بۆ کاتی خۆی بێت

**دەشتی سەباح**
**رووداو- هەولێر**

مام باڵدار، بە پرچ و ریش و سمێڵە درێژەکەیەوە دەردەکەوێت کە پۆستەچییەکی جیاوازە. چەندین ساڵ ناوبرا بەنێو گوندە شاخاوییەکانی باشووری کوردستاندا هاتووچۆی کردووە، لە ڕێگەی دەنگەوە پەیامی خەڵکەکەی تۆمارکردووە و بەدەستی گەیاندوون، ڕۆژێک فەرماندەیەکی پارتیزان داوای لێدەکات کە دەنگی گریانی منداڵی یەکەمی بۆ تۆمار بکات، پاشان مام بەرێدەکەویت بۆ گوندەکە، کاتێکیش دەگاتە گوندەکە خەڵکی پێی رادەگەیێنن کە منداڵەکانی ئەو ناوچەیە و خێزانە دووگیانەکەی فەرماندەکەش لەو گوندە دەرکراون و رەوانەی دۆڵێکی دوور کراون، مام باڵداریش دەستبەجێ بەرەو دۆڵەکە بەرێدەکەوێت، ئەمە چیرۆکی یەکەم فیلمی درێژی سینەماکاری کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان شەهرام عەلیدییە بەناوی (سرتە لەگەڵ با)، کە لە چوار خەڵاتی سەرەکی بەشی کێبرکێی هەفتەی رەخنەگرانی شەست و دووەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی (کان)ی 2009 لە وڵاتی فەرەنسا توانی سێ خەڵات بەدەستبێنێ.

فیلمەکەی عەلیدی سەرەتا ناوی (دەنگی ئەنفال) بوو، بەڵام کاتێک فیلمەکەی پێ دەگرێت ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ (سرتە لەگەڵ با). عەلیدی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی " هەقی خۆی بوو شتێک بکەم کە وەک گرەنتیەک بێت لەسەر ئەو گوشارەی لە مێژوودا هەبووە لەسەر کورد، لەکاتێکدا رەخنەگر و سینەماکاران لە کان نەیاندەزانی کورد جینۆساید کراوە".

عەلیدی لە ساڵی 1971 لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، بەمەبەستی خوێندنی زانکۆ لە تەمەنی 22 ساڵیدا دەچێتە تاران و بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تاران تەواو دەکات، دوای بەشداریکردن و بەدەستهێنانی خەڵات لە چەندین پێشبڕکێی شێوەکاری، لەهەمان کۆلێژ ماستەر لە سینەما بەدەستدێنێت و هەر لە تارانیش ژیان دەگوزەرێنێ، عەلیدی دەڵێ هەرگیز رۆژێک بیرم لەوە نەکردووەتەوە بچمە نێو بواری سینەما، بەڵام بەهۆی هونەری ئەنیمەیشن (وێنەی جوڵاو) عەشقی سینەما لای من دروستبوو، یەکەم بەرهەمیشم فیلمێکی دۆکیومێنتاری بوو لە ساڵی 1987 لەسەر ماملێ.

دوای خوێندنەوەی چەندین سەرچاوە و گوێگرتن لە شایەدحاڵەکانی کارەساتی ئەنفال و ئامادەکردنی 40 سیناریۆ لە ماوەی 5 ساڵدا، عەلیدی ئەو سیناریۆیە هەڵدەبژێرێت کە دواجار فیلمی (سرتە لەگەڵ با)ی لێدەکەوێتەوە، لێرەوەش عەلیدی ستایشی مامۆستا جەبار جەمال غەریب دەکات کە زۆر ماندوو بووە و دیالۆگی فیلمەکەی بۆ نووسیوە، عەلیدی دەڵێ "ناوی فیلمەکەش هەر لەسەر پێشنیازی مامۆستا جەبار بوو"، جگە لەو فیلمەش عەلیدی خاوەنی 11 کورتەفیلم و فیلمی دۆکیومێنتارییە، هاوکات لەگەڵ چەندین دەرهێنەری بەنێوبانگ کاری کردووە، بەرهەمە سینەماییەکانی دەرهێنەر تائێستا لە چەندین هۆڵی سینەمایی جیهانی و کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکانەوە نمایشکراوە.

هەرچەندە چیرۆکی فیلمەکەی عەلیدی لەسەر کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدی کوردە لە باشووری کوردستان، بەڵام ئەو توانیویەتی دوور لە پیشاندانی توندوتیژی و خوێن ڕشتن ئەو پەیامەی خۆی بگەیێنێت، ئاماژە بەوەش دەکات کە ترسی لەوە هەبووە لە فیلمێکی وا سەرکەوتوو بێت و دەڵێ "ئێستا فیلمی تراژیدی شکست دێنێت، خەڵکی دونیا ئێستا عاجز بوون لە بینینی وێنەی مردن، کوشتن، توندوتیژی، ئەوە کێشەیەک بوو من چارەسەرێکم بۆ دۆزییەوە، تۆ ئەگەر دەتەوێ جینۆساید و قڕکردن و کوشتنی میللەتێک پیشانبدەی، پێویستە نەک بە گوللە و مەرگ، بەڵکو بە ژیان پیشانی بدەی، بەراستی ئەوەش زۆر سەخت بوو"، عەلیدی گوتیشی "راستە ئێمە تراژیدیای زۆرمان بینیوە، بەڵام کورد وەڵامی ئەو تراژیدیایەی بە خەمۆکی نەداوەتەوە".

دەرهێنەر دەڵێ "لەو کاتەی سەرقاڵی نووسینەوەی ئەو خاڵانە بووم دەربارەی ئەوانەی کە چیدیکە لەگەڵمان نین، هەر بیرم دەکردەوە کە چۆن ژیانی گەورەبوونمان چەند دوورە لەژیانی منداڵی بەستەزمان، لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا کە بیرۆکەی ئەم فیلمەم لە مێشکدا بوو و دەستمکرد بە نووسینی سیناریۆکەی، هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە ژیانی مرۆڤ کورتە و گەورەترین نا دادپەروەریش ئەوەیە کە کورتری بکەیتەوە، بەتایبەتی لە ژیانی منداڵ دا". شەهرام عەلیدی دەڵێ کاتێک ستافی ئەو فیلمەی گۆڕیکی بە کۆمەڵیان لەبیابانێکدا بینی کە سەدام حوسێن قوربانییەکانی تێدا ناشتبوو " بیرم لەخەونی هەموو ئەو منداڵانە دەکردەوە کە لەژێر پێمانن و بە خۆرە گەرمەکەی بیابان بۆ هەمیشە نووسراونەتەوە".

ڕۆیشتن بەسەر فەرشی سووری کان دا، خەونی سەدان سینەماکاری جیهانە کە کار لەبواری سینەما و فیلمسازی دا دەکەن، دوای هەموو هەوڵەکانیش خەونی عەلیدی هاتەدی و لەگەڵ خێزانەکەی کە جلی کوردی پۆشیبوو لەبەردەم وێنەگر و فلاشی 5 هەزار کامیرای میدیاکاران چوونە سەر شانۆ و بەکوردی قسەی کرد "ئەو بڕیارەی لەگەڵ هاوسەرەکەم دامان هاتەجێ، هەم جلی کوردی هەبوو هەمیش زمانی کوردی". دوای

### رەخنەگر و سینەماکاران لە کان نەیاندەزانی کورد جینۆساید کراوە

کانیش عەلیدی ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە کە فیلمی داهاتووی لە شوێنێکی زۆر بەرز و دەنگێکی گەورەی هەبێت بۆ ساڵی داهاتوو.

بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی سینەمایی کان بۆ کوردێک جێگەی شانازییە، لەگەڵ ئەوەی عەلیدی ئاماژە بە چەندین حاڵەتی خۆشی و شادی دەکات لە فیستیڤاڵەکە، بەڵام ئەو بیرەوەرییە ناخۆشەش دەگێڕێتەوە کە"بەو هەموو خۆشیەوە بە چەند جانتایەکەوە کە پڕبوو لەخەڵات بۆ کوردستان، کە گەڕامەوە کەس نەهاتە پێشوازیم، تەنیا ئەندامانی خێزانەکەم هاتنە پێشوازیم لە فڕۆکەخانەی تاران، هەستم بەوەکرد هێشتا جیاوازییەک هەیە زێدی ئەو فیلمە شوێنێکە دیارە لەو فڕۆکەخانەیە دوورە، هەستم بە تەنیایی کرد، گوتم دەبێ بەزووترین کات بچمەوە بۆ هێلانەی ئەو فیلمە".

ئەو سینەماکارە گەنجە وەک هەمیشە لە قسەکردن دا هێمن و لەسەرخۆ راکانی خۆی دەدەبڕێ، زۆر ستایشی ستافی فیلمەکەی دەکات کە زۆر بەجیدی کاریان لەگەڵ کردووە، بەڵام زۆر شتی دیکە هەیە جارێ نایەوێ باسیان بکات "زۆر شت هەیە حەزدەکەم بیڵێم، بەڵام حەیف زمانم بەستراوە و جارێ نایڵێم، بەڵام حەزدەکەم لەداهاتوویەکی نزیکدا زۆر شت بڵێم، دڵم زۆر بریندارە، بەڵام بۆ کاتی خۆی، رۆحم زۆر زۆر خەسارەتی تێکەوتووە".



**کەس نەهات:** عەلیدی دەڵێ بەجانتای پڕ دیاری بۆ کوردستان هاتمەوە، بەڵام کەس نەهاتە پێشوازیم، دڵم زۆر بریندارە، بەڵام جارێ زمانم بەستراوە

# ڕەمەزانی ئەمساڵ بێ درامای کوردییە

**وریا بوداغی**
**رووداو-هەولێر**

کەناڵە تەلەڤزیۆنییە نێوخۆیی و ئاسمانییەکانی کوردستان بۆ ڕەمەزانی ئەمساڵ هیچ درامایەکی تازەیان نییە و هەندێکیان بە نیازن هەمان ئەو درامایانە پەخش بکەنەوە کە لە ساڵانی رابردوو نیشانیانداون.

لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان زۆربەی کەناڵە عەرەبی و فارسییەکان لە شەوانی ڕەمەزان دا درامای تازە پەخش دەکەن و تەلەڤزیۆنە کوردییەکانیش، کە بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیان 60 کەناڵە بە ئاسمانی و نێوخۆییەکانەوە، لە چەند ساڵی رابردوودا درامای تایبەت بە مانگی ڕەمەزانیان هەبوو، بەڵام ئەمساڵ هیچیان نییە.

کەناڵی ئاسمانی نەورۆز کە کەناڵی حکومەتە و پتر لە بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری کار دەکات، ڕەمەزانی رابردوو درامایەکی بەنێوی (پرس) پەخش دەکرد، بەڵام بۆ ڕەمەزانی ئەمساڵ هیچ درامایەکی نییە. محەممەد شەریف، بەڕێوەبەری بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی نەورۆز بەبێ ئەوەی هۆکارەکە روونبکاتەوە گوتی "بە نیازین هەر ئەو درامایانە پەخش بکەینەوە کە لە ساڵانی رابردوودا پەخشمان کردوون".

هاووڵاتییان ڕەمەزانی ئەمساڵ لە کەشوهەوایەکی گەرم و بێ دراما دا بەڕێدەکەن، لە کاتێکدا لەوانەیە هەریەکەیان بەخەیاڵی خۆی وەک ساڵانی رابردوو چاوەڕێی چەند درامایەکی کوردی تازە بووبێت. هاووڵاتی شەهاب سەعید لە بارەی دراما لە مانگی ڕەمەزاندا دەڵێ " مانگی ڕەمەزان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە تەلەڤزیۆنەکان لە مانگی ڕەمەزان دا درامایان هەبێ". هەروەها هاووڵاتی رەمزیە سەعید گوتی "حەز دەکەم لەو مانگەدا درامای کوردی ببینم".

ساڵی رابردوو تەلەڤزیۆنی خاک بە هەردوو درامای فەنتەلۆس و ژیلەمۆ، لە مانگی ڕەمەزان دا بووە میوانی بینەران، بەڵام ڕەمەزانی ئەمساڵ بەبێ دراما بەڕێدەکات. سۆران عوسمان بەرپرسی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی خاک، هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ کۆچی ناکاوی هونەرمەند حوسێن میسری و گوتی "کۆچی دوایی حوسێن میسری کێشەی زۆری خستە نێو کارەکانمانەوە".

حوسێن میسری لە ماوەی ساڵانی رابردوو لە زۆربەی ڕەمەزانەکاندا درامای تەلەڤزیۆنیی هەبوو لەوانەش: خۆرنەوازان، ڕەشەی پۆلیس و جومعە. ساڵی رابردووش بە نیاز بوو ئەو ڕێچکەیە بشکێنێ کە تەنیا لە مانگی ڕەمەزان درامای هەبێ و بەنیازبوو دوای مانگی ڕەمەزان کار لە درامای (رەزا و ڕەمەزان)دا بکات، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونی بە شانۆگەری (هارون) کارەکەی دوا کەوت و دواتریش بەسەردا کۆچی دوایی کردو رەزاو ڕەمەزانیشی لەدوای خۆی جێهێشت.

هەندێک لە کەناڵە کوردییەکان بەهۆی نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی پەنا بۆ بەرهەمی بیانی دەبەن و بۆ زمانی کوردی دۆبلاژیان دەکەن و لە مانگی ڕەمەزان دا پەخشیان دەکەن. عەبدولڕەحمان جەمیل، بەرپرسی بەشی بەرهەمهێنانی کەناڵی ناوخۆیی یەکگرتوو لە هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمساڵ بەرهەمی ناوخۆییمان نییە، بەڵام درامای دۆبلاژکراوی فارسی (پیاوی هەزار ڕوو-مرد هزار چهرە)مان هەیە و لە 15 ئەلقە پێکهاتووەو لە مانگی ڕەمەزاندا پەخشی دەکەین".

تەلەڤزیۆنی یەکگرتوو- کەناڵی هەولێر لە زۆربەی ڕەمەزانانەدا درامای تایبەت بەخۆی هەبووە، کە زۆربەی دراماکانی لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند ئوسامە جەمیل بووە، بەڵام ئەمساڵ هیچ بەرهەمێکی نییە. ئوسامە جەمیل هۆکاری ئەوەی بۆ کۆچی دوایی خێزانەکەی گەڕاندەوە کە چەند مانگێکە مردووە.



هەندێک کەناڵ خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیانن و ئامادە نین لە مانگی ڕەمەزاندا ئاراستەی کار کردنیان بگۆڕن و بەرنامە و درامای تایبەت بەو مانگەیان هەبێ.



کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان کە پتر کەناڵێکی هەواڵییە، هیچ درامایەکی بۆ مانگی ڕەمەزان نییە. کاروان شێخ عوسمان، بەڕێوەبەری بەرنامەکانی ئەم کەناڵە گوتی "گەلی کوردستان کەناڵێکی هەواڵییە، نەک بۆ مانگی ڕەمەزان بۆ هیچ بۆنەیەک ئاراستەی کارو بەرنامەکانی ناگۆڕێت".



کەناڵی ئاسمانی کوردستان ڕەمەزانی رابردوو درامایەکی خۆماڵی هەشت ئەلقەیی بەنێوی (ئارەزوو) و درامایەکی دۆبلاژکراوی کۆری بەنێوی (خۆشەویستەکەم سامسون) پەخش کرد. بەڵام بەپێی قسەی کامیل فەخرەدین بەڕێوەبەری بەرنامەکانی ئەو کەناڵە، ئەمساڵ هیچ درامایەکیان نییە "تایبەت بە ڕەمەزان هیچ درامایەکمان ئامادە نەکردووە، بەڵام بۆ جەژنی ڕەمەزان درامایەکی سێ ئەلقەییمان دەبێ بەنێوی (خەرەند)، کە باس لە کێشەی ژنان دەکات".



هەروەها ئالان محەمەد عارف بەڕێوەبەری بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس لەم بارەیەوە دەڵێ "کە درامای نوێمان نیە لەبەر ئەوەی سەرقاڵی بەرنامەی تر بوین بۆ ئەم مانگە، وەکوو:کامێرای شاراوە و پێشاندانی فیلم و هەندێ بەرنامەی تر، بەڵام درامای تۆ بلێی وابێت و بزر دوبارە دەکەینەوە".






## کوردانی ئێزدی خۆنیشاندان دەکەن

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

کوردانی ئێزدی ڕۆژئاوای کوردستان، ڕۆژی 2009/8/3 خۆنیشاندانێکیان لەشاری هانۆڤەری ئەڵمانیا ئەنجامدا. ئەو خۆنیشاندانە کە 200 کوردی ئێزدی و چەند کەسێکی ئەڵمان بەشدارییان تێداکرد، داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی نێوان هەردوو وەزیری نێوخۆی ئەڵمانیا و سوریایان کرد، کە سەبارەت بە ناردنەوەی پەناخوازانی سوری لەئەڵمانیاوە بۆ سووریا لەساڵی ڕابردوودا واژۆکراوە. کوردانی ئێزدی لە خۆنیشاندانەکەدا هاواریان دەکرد: "ئێزدیان بپارێزن" و" نا بۆ گەڕاندنەوەی پەناخوازان".

# چیرۆکی گەندەڵی بەرپرسانی کورد هەڵمەتی ناردنەوەی پەناخوازانی گەرم کرد



کاوە ئەمین
kawe35@yhotmail.com

**ڕووداو- سوێد**

دوای ئەوەی شەوی 11لەسەر 2009/8/12، پەنجا پۆلیسی دانیمارکی بە چەکەوە هەڵیانکوتایە سەر کڵێسای برورسۆن لە کۆپنهاگن کە ماوەی نزیکەی سێ مانگە چەندین پەناخوازی کورد و عێراقی لە ترسی بەزۆر ناردنەوەیان بۆ کوردستان و عێراق پەنایان بۆ بردووەو لە ئەنجامدا 18 کەسیان لێ دەستگیرکردن، دانیمارک لە هەموو لایەکەوە کەوتە بەر لێشاوی ڕەخنە، بەڵام پارتی گەلی دانیمارکی دەستخۆشی لەو هێرشە دەکات و بە "کارێکی گونجاو" لەقەڵەمی دەدا. ئێستا ئەو گیراوانە مانیان لە نانخواردن گرتووە. بەپێی هەواڵێکی ڕادیۆی دانیمارکی، لەو کاتەوە دەستگیرکراون هیچیان نەخواردووە.

### ڕۆژێکی خەمناک بۆ دانمارک

هاوکات ڕاگەیاندنی دانیمارکی باسی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی پۆلیس دژی ئەو هاووڵاتییە دانیمارکیانەش دەکات کە ویستوویانە ڕێگە لە گرتنی پەناخوازان بگرن. لە گفتوگۆیەکدا ئاری کوردستانی، کە برایەکی لە نێو گیراوەکاندایە، هەواڵی مانگرتنی پەناخوازانی بۆ ڕادیۆی دانیمارکی پشتڕاست کردەوە و دەڵێ"گیراوەکان بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکی دانیمارک و پشتیوانیکردنیان دەستیان بە مانگرتن کردووە و بڕیاریانداوە تا بتوانن درێژە بە مانگرتنەکەیان بدەن".

قەشەی کڵێسای برورسۆن، پێر ڕامسداڵ، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ( پۆلیتیکن)ی دانیمارکیدا دەڵێ"بەڕاستی ڕۆژێکی خەمناکە بۆ دانیمارک، ئەم کردەوەیە تاوانێکە دژی ئەو یاسا نەنووسراوانەی کە کڵێسا بە شوێنێکی پیرۆز دادەنێن. ئەوە یەکەمین جارە لە مێژووی دانیمارکدا پۆلیس هێرشێکی وا توندوتیژ بکاتە سەر کڵێسایەک لە دانیمارک".

بەڵام پۆلیسی دانیمارکی دەڵێن ئەوان ناچاربوون هێز بەکاربێنن بۆ گرتنی پەناخوازان دوای ئەوەی ماوەی دوو کاژێر لەگەڵیاندا دانوساندنیان کرد، بێ ئەوەی هیچی لێ شین ببێ.

### وەریاندەگرێتەوە

بەپێی ئەو ڕاپرسییەک کە ڕادیۆی دانیمارک ئەنجامیداوە، 54%ی هاووڵاتیانی دانیمارکی پێیانوایە کە پۆلیس بە "باشی" کاری خۆی ڕاپەڕاندووە.










پەناخوازە کورد و عێراقییەکان لە کاتی پەلاماری پۆلیس بۆ سەر کڵێسای برورسۆن

وەزیری کۆچ Brithe Horn Bech پشتیوانی ئەو هەڵمەتەی پۆلیسی کرد و گوتی"من دڵنیام ئەگەر ئەو پەنابەرە ڕەتکراوانە عیراقی بن، دەوڵەتی عێراق وەریاندەگرێتەوە". وەزیری دادی ئەو وڵاتەش هەمان هەڵوێستی هەبوو و ڕایگەیاند ئەو پەناخوازانە بە بەردەوامی ئاگادار کراونەتەوە کە دەبێ بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان بگەڕێنەوە و ئێستاش کاتی ناردنەوەیانە.

بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیانی دانیمارکی دژی هەڵکوتانە سەر کڵێسە و گرتن و بەزۆر ناردنەوەی پەناخوازانن، لەو پێوەندییەدا زیاتر لە 15 هەزار کەس کە 90% یان بە بنەچە دانیمارکی بوون، ئێوارەی 2009/8/14 بۆ پشتیوانی لەو پەناخوازانە خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخست. هەر لەو بارەوە سەرۆک وەزیری پێشووی دانیمارک، لە حیزبی سۆسیالدیموکرات پۆل ڕاسمسن گرتنی ئەو پەناخوازانەی شەرمەزارکردو گوتی"دانیمارک بێ نرخ بووە".

### سوێدیش تووڕە بوو

هەمان ڕۆژ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، نزیکەی 30 کەس بۆ ناڕەزایەتی دژی دانیمارک چوونە ناو باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە، بەڵام هەر زوو لەلایەن پۆلیسەوە کرانە دەرەوە، بەڵام لە بەردەم باڵیۆزخانەکەدا درێژەیان بە خۆپیشاندنەکەیان دا. ئێلۆف هێلستڕۆم، یەکێک لە بەشدرابوونی خۆنیشاندانەکە بە ڕۆژنامەی (ئاربێتەر)ی ڕاگەیاند"هەڵکوتانە سەر کڵێسا بە شەو، کارێکی هەتا بڵێی قێزەونە، بۆیە داوا دەکەین بە زووترین کات هەموو گیراوەکان ئازاد بکرێن".

لە لایەکی دیکەوە کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR ئەو هەڵوێستەی دانیمارکی بە توندی شەرمەزار کرد و داوا دەکا بەشێوەیەکی مرۆڤانە هەڵسوکەوت لەگەڵ پەناخوازاندا بکرێت. ئەو ڕێکخراوە و کۆمەڵێک ڕێکخراو دیکەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ داوایان لە دانیمارک کردووە کە بە هۆی ئەو ماوە زۆرەی ئەو پەناخوازانە لەو وڵاتەدا ماونەتەوە، بڕیارێکی تایبەتیان بۆ دەربکەن و وەک پەنابەر وەربگیرێن.

### دانیمارک سوورە لەسەر بەزۆر ناردنەوە

وڵاتانی ئەوروپا تا دێت سیاسەتێکی توندتر دژی ئەو پەناخوازانەی کە ڕوودەکەنە وڵاتەکانیان، پیادە دەکەن، ئەمەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو پەنابەراندا. زۆربەی ئەو پەناخوازانەی بۆ ژیانێکی باشتر ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و پەنا بۆ وڵاتانی ئەوروپا دێنن، خەڵکی ئەو شوێنانەن کە وڵاتەکەنیان دەیان ساڵە ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆ و داگیرکاری بوونەتەوە، وەکو عێراق، کوردستان، ئەفغانستان و سۆماڵیا. دانیمارک یەکێکە لەو وڵاتانەی کە سوورە لەسەر بەزۆر ناردنەوەی پەناخوازانی عێراقی و کوردستانی، ئەمەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس لە نێو پەناخوازان لەو وڵاتەدا و ژمارەیەکی زۆر لە پەناخوازان خۆیان شاردووەتەوە، یانیش ڕوویان کردووەتە وڵاتانی دیکە. سێ مانگ پێش ئێستا ژمارەیەک پەناخوازی کورد و عێراقی کە بەشێکی زۆریان ژن و منداڵن، بۆ خۆپاراستن لە بەزۆر ناردنەوەیان، پەنایان بردووەتە بەر کڵێسای برورسۆن. هەواڵی هەڵکوتانە سەر ئەو کڵێسایە لە ماوەیەکی کەمدا سنوورەکانی دانیمارکی بەزاند، هەر ئەوەش بوو کە ڕێکخراوە مەدەنی و پارێزگارانی مافی مرۆڤ بە توندی ڕەخنەیان لە سیاسەتی کۆچ و پەنابەری لە دانیمارک گرت.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو کاریکاتۆرانەی کە لەسەر پێغەمبەری ئیسلام، محەممەد، دروستکران، موسڵمانانی جیهان بەگشتی و وڵاتانی عەرەبی کەوتنە لۆمە و سەرزەنشتی دانیمارک، بەڵام پارتە نەژادپەرستەکانی دانیمارک بە تایبەتی پارتی گەل لە جاران زیاتر کەوتە دژایەتیکردنی پەنابەران. پارتی گەل کە پشتیوانی لە مانەوەی حکوومەتی ئێستای دانیمارک دەکات، حکوومەتیان ناچار کرد لە پێناوی مانەوەی خۆیدا کۆمەڵێک یاسا دەربکات کە ڕێگە لە دانی مۆڵەتی مانەوە لەو وڵاتەدا دەگرن.

### ڕێککەوتنی ژێراوژێر

هەرچەندە حکوومەتی عێراق سەرزارەکی دژی ناردنەوەی پەنابەرانە بە زۆر، بەڵام پێدەچێ لە ژێرەوە لەگەڵ هەندێک لەو حکوومەتانەدا ڕێکەوتبێت بۆ وەرگرتنەوەی پەنابەران. لە گفتوگۆیەکدا کە ماوەیەک پێش ئێستا (ڕووداو) لەگەڵ ئەندام پەرلەمانی سوێد، بودیل سێبالۆس، کردی، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە دەوڵەتی عێراق و پاشتریش حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندییان بۆ سوێد نیشانداوە لەسەر ناردنەوەی پەنابەران، هەرچەندە لەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە کە نابێ پەنابەران بەزۆر ڕەوانە بکرێنەوە، بەڵام هاوکات خاڵێکی تێدایە کە تێیدا عێراق بەپێی مادەی چوارەمی ڕێککەوتننامەکە، ڕەزامەندی نیشاندەدات بە ناردنەوەی پەناخوازانی عێراقی لەو وڵاتە، بەرامبەر لابردنی قەرزەکانی لەسەر عێراق. بەڵام عەبدولباری زێباری، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، ڕایگەیاند کە ئەوان وەک لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان، لە داوایەکدا بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق داوایانکردووە عێراق ئەو ڕێککەوتنامەیە هەڵوەشێنێتەوە، چونکە گەڕاندنەوەی ئەو پەناخوازانە کێشە بۆ ئەو پەناخوازنە و عێراق دروستدەکات.

### هەڵمەتی میدیای دانیمارکی

دانیمارک یەکێکە لەو وڵاتانەی پێدادەگرێ لەسەر ناردنەوەی پەناخوازانی کورد بۆ باشووری کوردستان. هەر لەبەرئەوە ئێستا کوردانی دانیشتووی دانیمارک مەترسی ئەوەیان هەیە کە دوای دەستپێکردنی هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنەکانی ئەو وڵاتە لەسەر گەندەڵکاریی چەند بەرپرسێکی کورد، کە لە دانیمارک خۆیان خانەنشین کردووەو لە کوردستان و عێراق مووچەیەکی زۆر وەردەگرن، کاربەدەستانی دانیمارکی لە حیزبە پارێزگارەکان و دانیشتوانی ئەو وڵاتە زیاتر گوشار بخەنە سەر پەنابەران و ئەوانەی بوونەتە هاووڵاتی دانیمارکی و بە وردی چاودێرییان بکەن.

ئاشکرایە کە ئەو هەڵمەتانە ئاوی زیاتر دەکەنە سەر ئاشی پارتە ڕەگەزپەرستەکانی ئەو وڵاتە و دەبێتە هۆی زیاترکردنی لایەنگرانیان و ئەوەش لە بەرژەوەندیی پەنابەراندا نییە.

فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراقی، پێیوایە ئەو هەڵمەتەی میدیای دانیمارکی دژی ئەو بەرپرسانەی کوردستان و عێراق وەڕێیخست "بۆ ناشیرینکردن و لەبەرچاوخستنی ڕەڤەندی عێراقی بوو لەبەرچاوی خەڵکی دانیمارک"،



## دانیمارک بێ نرخ بووە

پۆل ڕاسمسن، سەرۆک وەزیری پێشووی دانیمارک

هەروەها ئەو ڕێکخراوە لە بەیاننامەیەکدا دژی ئەو هەڵمەتەی پۆلیسی دانیمارک دژی پەناخوازان دەریکردووەو وێنەیەکی لێداوەتە (ڕووداو)، زیاتر لەسەر ئەو خاڵە ڕادەوەستێ و دەڵێ" لایەنی ڕاسترەو لەنێو حکومەت و خەڵکدا، دەستی بۆ کۆنەپەرستترین و نائینسانیترین و ناشەرعیترین شێواز برد بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی".

---

**مەرگ لە تاراوگە**

# گەنجێکی هەولێری بە مردوویی لە ماڵەکەیدا لە ئەمستەردام دەدۆزرێتەوە

## لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەریدەخەن کە خۆی نەکوشتووە

**ڕووداو-ئەمستەردام**

ڕۆژی 2009/8/11 گەنجێکی کوردی خەڵکی هەولێر بە مردوویی لە ماڵی خۆی لە شاری ئەمستەردام لەلایەن پۆلیسەوە دۆزرایەوە.

دیار زاهیر حامد،28 ساڵ، لە ڕۆژی 2009/8/6 ەوە دیارنەمابوو و هاوڕێکانی نەیاندەتوانی پەیوەندی پێوە بکەن. بۆیەش یەکێک لەو هاوڕێیانە پەیوەندی بە پۆلیسی ئەمستەردامەوە دەکات و لە چیرۆکی دیارنەمانی هاوەڵەکەیان ئاگاداریان دەکاتەوە. دواتر پۆلیس دەچنە ماڵی گەنجە کوردەکە و بە مردوویی دەیدۆزنەوە. ئێستا لاشەی دیار لە نەخۆشخانەی زانکۆی ئازادی ئەمستەردامە و بڕیار وایە ڕۆژی 2009/8/18، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس بدرێتەوە کەسوکاری یان ئەو ناسیارانەی کە دەیانەوێ بینێژن.

خێرۆمەندێک کە بە کاری پەیوەندیکردن لەگەڵ پۆلیس و نەخۆشخانە هەستاوە، ئێستا لە هەوڵی ڕێکخستنی پێداویستییەکانی ناردنەوەی تەرمی (دیار)دایە بۆ کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو گەنجە بە مردنی ئاسایی مردووە و وەک پێشتر مەزەندە دەکرا خۆی نەکوشتووە.



دیار زاهیر حامد،28 ساڵ (لای چەپ)، لە کاتی گۆشت برژاندن دا لەگەڵ برادەرێکی لە هۆڵەندا

خیرۆمەندەکە، کە هاوکات بەرپرسێکی ئیدارییشە لە شاری ئەمستەردام و نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، گوتی"پاش ئەوەی لەلایەن پۆلیس و نەخۆشخانەوە ئاگادارکرامەوە کە لاشەی گەنجێکی مردوو لە نەخۆشخانەیە و داوای هاوکارییان لێکردم، بە دوای زانیاریی کەسوکاری مردووەکەدا چووم، دواجار بۆم دەرکەوت کە خزمێکی لە هۆڵەندایە، بەڵام بە هۆی ناشارەزاییەوە! ناتوانێ هاوکاریمان بکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە بارەی هۆی مردن و دواتریش ڕێکخستنی مەراسیمی ناردنەوەی بۆ کوردستان بکەین".

ئێستا کۆمەڵ و دامەزراوە کوردییەکانی شاری ئەمستەردام لە هەوڵی ناردنەوەی تەرمی دیاردان بۆ هەولێر. جەلیل محەممەد، کە چالاکڤانێکی کۆمەڵایەتییە و یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی دەزگای خێرخوازیی شێرپەنجە و بێگانەکان لە هۆڵەندا، دەڵێ "ئەگەر تا چەند ڕۆژێکی دیکە کەسێکی نزیکی نەبینینەوە کە لەگەڵ تەرمەکەیدا بگەڕێتەوە کوردستان، ناچار خۆم لەگەڵیدا دەچم".

دیار زاهیر حامد، لەدایکبووی ساڵی 1981ی شاری هەولێرە. کاتێک تەمەنی 4 مانگی بووە باوکی لە جەنگی عێراق و ئێران دا دەکوژرێ. نزیکەی 13 ساڵ بوو لە هۆڵەندا دەژیا، بەڵام مافی پەنابەرێتیی پێنەدرابوو و چەند ڕۆژێک پێش ئێستا دەبووایە لە دادگا ئامادەبێت بۆ قسەکردن لەبارەی داواکارینامەی پەنابەرێتییەکەی.

---




# ئیدریس بەرواری و دشا خوە ل ئەڵمانیا هاتنە کوشتن

**ڕووداو – ئەڵمانیا**

ل شەڤا دووشەمبی 2009/8/10 ل باژێرێ شڤاینفورتێ سەر ب هەرێما باڤاریا یا ئەلمانی، ئیدریس بەرواری و دشا خوە د ترۆمبێلا مارسێدس ئا کلاسەدا کوشتی هاتنە دیتن. ڕۆژنامەیا شڤاینفورتە یا ئینتەرنێتی یا ئەلمانی دەربارەی ڕوودانێ دبێژیت: بۆ جارا داویێ ترۆمبێلا دشا ئیدریسی ل پارکا ئایزدوم ل جادەیا ڤیلی- کایدەر ل شەڤا دووشەمبی دەمژمێر 23:30 هاتە دیتن و ڕۆژا پاشتر ئەو و دشا خوە د ئا کلاسەیا سیلڤەر دا کوشتی دهێنە دیتن.

ل گۆری ڕۆژنامەیا شڤاینفورتا ئینتەرنێتێ، ل سپێدەهیا ڕۆژا سێشەمبی، لەشکەرەکێ ئەمریکی ل سەر ڕێیا کاری ترۆمبێلا مارسێدس یا سیلڤەر و هەردوو کوشتیان، ل پارکەکا ڤەدەر دبینیت. پشتی ئەو پۆلیس لەشکەری ئاگەهدار دکەت ئێکسەر پۆلیسێ ئەلمانی بەرەڤ وی جهی دچن و دەست ب ڤەکولینان دکەن. د هەوا ڤەکۆلینان دا هەژمارەکا پولیس و فەرمانبەرێن دەزگەها تاوانان ژ باژێرێن دەوروبەران ژی بەشدارن. زێدەباری لێگەریانێن چڕ و پڕ بۆ پەیداکرنا پێزانینان دەربارەیی ڕوودانێ، د ترۆمبێلێ دا ڤالکا فیشەکەکێ هاتییە ڤەدیتن، کو ژ تفەنگەکا کالیبرا یا بچووکە، لێ بەلێ چ سەرەداڤێن دی ژ ئالیێ کۆمسیۆنا تایبەت یا فەرمانگەها تاوانان ل هەرێما باڤاریا بۆ ئاشکراکرنا بکەرێن تاوانێ نەهاتینە دیتن.

ئیدریس بەرواری یێ 35 سالی، کو چەند سالە ل ئەلمانیا دژیت، خێزانداره و بابێ چەند زارۆکا یە، کارێ بازرگانیا ترۆمبێلان دکر و بریاربوو ل دەمەکێ نێزیک بێێکجاری بزڤریتە کوردستانێ. کەسەکێ نێزیکی ماڵباتا وی، کو نەخواست خوە بدەتە نیاسین، گۆت" ل شەڤا ڕوویدانێ، ئیدریسی ڤیایە دشا خوە یا 30 سالی بگەهینیتە ماڵا وێ و نەزڤریبوو ڤە، تا کو ڕۆژا پاشتر پۆلیسی ماڵباتا وی ئاگەهدارکری، کو ئەو و دشا وی د ترۆمبێلێدا کوشتی هاتینە دیتن". ل دویڤ وان دەنگۆیێن دهێنە بهیستن، ئەگەرێن کوشتنا وان ڤەدگەرە بۆ چەند ئەگەران " ئێک ژوان ئارمانجا بکوژان نەبوویە، ئانکو دبیت داخوازا کوشتنا ئیدریسی هەبوویە لێ دشا وی ژی کەتیە بەر ئاگرێ گوللەیان، ژبۆ شاهدێن بوویەرێ نەمینن یان ژی بەرۆڤاژیا وێ چەند ژن ئارمانجا بکوژان بوویە و ئیدریسی د وێ ئەگەرێ دا چوویە". د بەردەوامیا ئاخفتنا خوە دا دبێژیت " ئیدریسی پەیوەندییەکا ب هێز ل گەل دشا خوە یا بەردایی هەبوو و دوور نینە گەلەک هزر و تەخمینێن بێبنەما و پرۆپاگندە ل سەر تێکەلیا وان بهێنە بەلاڤکرن". وەکی ژ کەسێن نێزیک ئیدریسی دهێتە ڤەگیران ئەو کەسەکێ هێمن و ل سەرخوە بوو، دووری هەموو بازار و بازرگانیێن نەقانونی بوویە و خوە ژ کێشەیان دپاراست.

---

# وەحید ل بەریتانیا خۆ کوشت ل شیلادزێ هاتە ڤەشارتن

**عەبدوڵلا نهێلی**

**ڕووداو-ئامێدی**

وەحید حسێن، تەمەن 29 ساڵی،چار ساڵ بوو ل وەلاتێ بەریتانیا دژیا، ل 2009/8/10 ل وەلاتێ بەریتانیا تەرمێ وی ل باخچەکێ وی وەلاتی هاتە دیتن، ل 2009/8/15 تەرمێ وی گەهشتە کوردستانێ، ل باژێرکێ شێلادزێ سەر ب قەزا ئامێدیێ ڤە هاتە ڤەشارتن.

عەبدوڵلا ڕەشاڤەیی، ئێک ژ هەڤالێن وەحیدی دەمێ ل پەیمانگەها مامۆستایابوون پێکڤە دخاند، دبێژی"ل پەیمانگەهێ وەحید گەنجەکێ خودان شیان و گەلەک جوان بوو، ددەمێ وان سالێن خاندنا پەیمانگەها مەلبەندیا مامۆستایان ل دهۆکێ، ژبەر هێزو شیان و کەیفخۆشیا وی دناڤا هەڤالێن وی دا، چەند سالان بەرپرسیاریا بەشێن ناڤخۆیی کر ".

عەبدوللا، کو نهۆ مامۆستایە، گەلەک ب خەم ڤە بەحسێ ژیان و سالوخەتێن وەحیدی دکر، پشتی ئاخینکەک ڕاهێلایێ دبێژی" وەحیدی پشتی ل سالا 2005 پەیمانگە ب داوی ئینایی، ژبەر هێز و شیانێن وەحید، دناڤا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دا پۆستێ ئەندامەتیا کومیتێ وەردگریت، پاشان پشتی ساڵەکێ وەحید بەرەڤ ئەوروپا ڤە دچیت و ل بەریتانیا ئاکنجی دبیت".

مامۆستا مونیر ژی ئێک ژ گوندی و هەڤالێن وحیدی، بەحسێ خۆکوشتنا وی کر و دبێژی" ژبەر نە وەرگرتنا مافێ پەنابەریێ و ئیقامێ، بەری دوو مەهان مەزانی کو وەحید گەلەک پەرێشان بوویە و دەست ب دروستکرنا معاملێن خۆ کریە کو بزڤرێتەڤە کوردستانێ، هەروەها هەڤالێن وەحید ل بەریتانیا دگۆتن وەحید هەردەم دبێژیت یان دێ چمە کوردستانێ، یان ژی دێ خو کوژم".

عەبدوللا ڕەشاڤەیی ژی دیارکر کو وەحید حسێن شەش برا هەنە، برایەکێ دی ژی یێ وەحید ل ئەوروپایە، ماڵا وان ل کومەلگەها شێلادزێ یە و بارێ ئابووریێ وان ژی یێ ناڤنجییە.

سامی ڕێکانی، ئێک ژ خزمێن نێزیکێن وەحیدی کو تەرمێ وەحید دیتییە بەری ل کوردستانێ بهێتە ڤەشارتن، دبێژی "پشتی تەرمێ وی گەهاندیە کوردستانێ، ڕاپۆتا نوژدارێن بەریتانیا دگەل دابوون، دیسان وەکو کەسوکارێن نێزیک یێن وەحیدی ژی سەحکرە تەرمێ وی و هەمێ لاشێ وێ، بەلێ چ نیشانێن چ گولا و کێران لێ دیارنەبوون، ژبەر هندێ بۆ مە باوەری دروست بوویە کو کەسی ئەو نەکوشتییە، ئەڤجا گەلەکا ب زەحمەتە کانێ چاوا هاتییە کوشتن، یان ژی گیانێ خو ژ دەستدایە".



وەحید حسێن، 29 ساڵ

## کاروباری ژنان

### ژنێک بە 11 گوللە دەکوژرێ



ڕووداو-هەریر
ڕۆژی 2009/8/12 لە دەوروبەری ناحیەی هەریر تەرمی ژنێکی 40 ساڵ دۆزرایەوە. تەرمی ژنەکە لە نزیک ڕێگایەکی هەریر فرێدرابوو، شوێنەواری 11 فیشەک بە لاشەیەوە دیاربوو، جلوبەرگێکی ڕەشی کوردی لەبەربووە، بە دەمانچە کوژراوە، بەڵام تائێستا ئافرەتەکە نەناسراوە، چونکە هیچ ناسنامەو بەڵگەیەکی لەگەڵ نەدۆزراوەتەوە. تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کوردستان کراوە لە هەولێر و، لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە بەردەوامە.

# بۆ ڕزگاربوون لە هەژاری ژنێک گوللەیەک لەخۆی دەدات



**هاوسەرەکەم 15 شەورو ڕۆژ لە دەوامە و مووچەی 300 هەزارە، کە 150هەزاری دەدەینە کرێی خانوو**

شاجوانی تەمەن 17 ساڵ

ڤینۆس جەمیل
ڕووداو — هەولێر

لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی شاری هەولێر چیرۆکی هەوڵی خۆکوشتنی ژنێک دەبیستین، جیاواز لە چیرۆکی هەوڵی خۆکوشتن و خۆسووتاندنی ژنانی دیکە. ئەو تەنیا لەبەر هەژاری ویستوویەتی بەگوللەیەک کۆتایی بەژیانی خۆی بێنێت "هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئاری هاوسەرم نییە، بەڵام بەهۆی هەژاری و نەبوونی خانوو، وام لەخۆمکرد".

شاجوان کە لەسەر یەکێک لە قەرەوێلەکانی نەخۆشخانەکە پاڵکەوتبوو ڕووداوی خۆسووتاندنەکەی بۆ (ڕووداو) دەگێڕایەوە، ئەو ژنە گوتی" 15 ڕۆژ بوو ئاریم نەدیبوو، لەبەرئەوەی لە دەوامبوو، دوایی تەلەفۆنێکیان بۆ کرد کە دەبێ 45 ڕۆژیتر لەئینزار بێت، ئاری لەبەر من گوتی ناچمە دەوام، بەڵام هەر لەبەر من وای گوت، بۆیە زۆر بێزار بووم و بیرم لەم ڕێگایە کردەوە".

شاجوان سەرحەد، 17 ساڵ، ڕۆژی 2009/8/4 کاژێر 2ی پاش نیوەڕۆ لەو کاتەی ئاری مێردی خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ ئەوەی بچێتەوە دەوام، بە دەمانچەی ئاری لە ژووری نووستن گوللەیەک لەسکی خۆی دەدات، بەڵام باوکی و ئاری زوو دەیگەیێننە نەخۆشخانە و لەمردن ڕزگاری دەبێت. ساڵێک و هەشت مانگ بەر لەئێستا و دوای خۆشەویستی، شاجوان و ئاری زەماوەند دەکەن، شاجوان دوای ئەوەی شوو بە ئاری دەکات لەکەرکووک خانووێک بەکرێ دەگرن، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی کات ئاری لە ماڵ نییە بەهۆی زۆری دەوامەکەی، دوو مانگ بەر لە ئێستا لە بنەسڵاوە لە نزیک ماڵی باوکی، شاجوان لە خانووێک کە کرێیەکەی 150 هەزار دینارە نیشتەجێدەبن، بۆ ئەوەی ئەو کاتانەی ئاری لە دەوامە شاجوان بڕواتەوە ماڵی باوکی.

ئاری، 19 ساڵ، هاوسەری شاجوان، پێشمەرگەی زێرەڤانییە لە هەولێر و مانگانە تەنها 300 هەزار دینار وەردەگرێت. شاجوان دەڵێ ئەو مووچە بەشی هیچیان ناکات. شاجوان بەمشێوەیە باس لەخەرجی ژیانیان دەکات "لەو پارەیە 150 هەزار دینار دەدەینە کرێی خانوو، 37 هەزار دینار دەدەینە کرێی مولیدەی کارەبا، ئەوی دیکەش بۆ هاتووچۆی ڕیگایە". شاجوان دەڵێ "هیچمان بۆ نامێنێتەوە بۆ خەرجی ڕۆژانە".

دایکی شاجوان لە نەخۆشخانە زۆر بە داماوی بەدیار کچەکەیەوە وەستابوو، ئەو بۆ (ڕووداو) گوتی "شاجوان هیچ کێشەیەکی نییە، تەنها لەبەر هەژاری لە ژیانی خۆی بێزاربووە".

هەرچەندە شاجوان هیچ گلەییەکی لە هاوسەرەکەی نییە، ئەویش بە تاوانبار نازانێت، بەڵام گلەیی لە ماڵی باوکی ئاری دەکات کە تائێستا سەردانیان نەکردوون، شاجوان دەڵێ کەسوکاری ئاری هەموویان دەوڵەمەندن، بەڵام نە سەردانیان کردوون و نە یارمەتیشیان داون.

شاجوان دەسەڵات بەتاوانباری یەکەم دادەنێ لەم کارەیدا، چونکە پێیوایە دەسەڵات بەرپرسە لە ژیانی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە و پێویستە بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکات، دەپرسێت "ئەی ئێمە ڕۆڵەی ئەم میللەتە نین؟ بۆچی بۆ خۆیان هەموو شتێک هەیە، بەڵام بۆ ئێمەی هەژار هیچ نییە".

شاجوان، ئێستا باری تەندروستی باشە و بەرەو چاکبوونەوە، دەچێت هەستیش دەکات ئەو ڕێگایەی هەڵیبژارد بۆ بەگژاچوونەوەی هەژاری ڕێگایەکی ڕاست نەبوو.

ئەو ژنە دەیەوێ بەشێک لەکاتی خۆی تەرخان بکات و یارمەتی هاوسەرەکەی بکات، بەڵام دەڵێ "چونکە تا پۆلی شەشەمی سەرەتاییم خوێندووە، هیچ شوێنێک وەرمناگرێت".

# ژنان پۆیلانە گەرم دەکەن

## لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دیاری بووەتە جۆرێک لەتاوان و چەندین کێشەی لێدەکەوێتەوە

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی



ئەرسەلان تۆفیق
ڕووداو — سلێمانی

لە بەرامبەر بەخشینی ئەلقەیەکی زێڕی گرانبەها وەک دیاری بە کچەکەی، کەریمە ناچارە بەبۆنەی دەرچوونی لە خوێندن، بەهەمان شێوە ئەلقەیەکی زێڕ بۆ کچی هاوڕێیەکەی بکڕێ، لەگەڵ ئەوەی ئەو دان بەوە دادەنێت کە ئەوە هەلێکی باشە بۆ یەکتر بینین، بەڵام دەڵێ "ئەو دیاری کڕینانەش پارەیەکی زۆری دەوێ".

کەریمە ناسیح، ژنە کوردێکی دانیشتووی شاری بەغدایەو بەسەردان هاتووەتە کوردستان، پێیوایە ئەو دیاردەیە لەنێو ژنان و خێزانە دەوڵەمەند و هەژارەکانیشدا هەیە "بەڵام لەنێو خێزانە دەوڵەمەندەکاندا زیاترە، لەبەرئەوەی دیارییەکانی ئەوان زۆر گرانبەهان و بواری گلەیی کردنیان زۆرترە"، کەریمە دەڵێ "ئەوانەی لەگەڵ خێزانە دەوڵەمەندەکان سەرووکارییان هەیە، دەبێ بەردەوام لەبیری ئەوەدابن چۆن بتوانن پارەی ئەو دیارییانە دابین بکەن کە ڕەنگە مانگانە نیو ملیۆن دینار زیاتریان لەسەر بکەوێت".

بەهەمان شێوە، نێرگز کەریم، کە خاوەنی دوو منداڵە و شەش ساڵە خێزانی پێکەوە ناوە ئاماژە بەوە دەکات هەر کەسێک دیاری بۆ هێنابێت ناچار وەک خۆی یان زیاتر دیاری بۆ بردووەتەوە"هەر کەسێکیش دیاری بۆ نەهێنابم، ئامادە نەبوومە دیاری بۆ ببەم".

دیاری بردن (پۆیلانە)، یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر باوەو ئێستا زۆربووە. بەتایبەتیش لەکاتی پرۆسەکانی هاوسەرگیری و خانوو دروستکردن دا هەیە، یاخود بۆ ئەو ژنانەی کە منداڵیان دەبێ.

ژنان پێیانوایە کە پۆیلانە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە خۆشحاڵن بەو گۆڕانکارییە نوێیانەی ڕووی لەو کەسە کردووە کە سەردانی دەکەن.

ئەو دیاردەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، هەروەها بەتێپەڕینی کات جۆر و بەهای دیارییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. خاتوون محەممەد، کە خەڵکی گوندێکی دۆڵی جافایەتییە و تەمەنی 60 ساڵە، باسی لەوەکرد کە جاران لە گوندەکان ڕۆن، کەرە، هێلکەیان دەبرد بۆ ئەو ژنانەی کە منداڵیان دەبوو " بەڵام ئێستا ئەوە گۆڕاوە، پارە یان جلوبەرگیان بۆ دەکڕن". بەڵام خاتوون دەڵێ " ئەو دیاردەیە کۆنە و پێویستە نەمێنێ".

هەرچەندە گۆڕینەوەی دیاری لە نێوان هاوڕێ و دۆست و خزم و کەسوکاردا دیاردەیەکی دڵخۆشکەرە، بەڵام ڕووناک سەعید، 35 ساڵ، پێیوایە دیاری ئەوکاتە سەنگی خۆی هەیە کە مرۆڤ بە دڵخۆشییەوە بیبەخشێت، نەک بە ناچاری "دەبێ دیاری بەوپەڕی بڕواوە ببەخشی نەوەک ناچار بی، یان بتەوێت قەرەبوو بکەیەوە".

زۆربەی جاران دیاری بەخشینەوە لەنێو ژنان دا بابەتی قسەوباسی یەکدی شکاندن و گلەیی و گەرمکردنی قسەو باسە، ئەگەر کەسێک دیاری بۆ یەکێک ببات، ئەویش چاوەڕوان دەکات تاوەکو منداڵێکی دەبێ یان ڕووداوێک دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی دیارییەکەی بۆ بباتەوە، ئەوەی دەبێتە هۆی نیگەرانی دیاری بەخشەکان لەنێوان ئەو هاوڕێ و کەسوکاردا ئەو ڕۆتین و چاولێکەرییەیە کە ئەگەر دیاری یەکێکیان لەوی دیکەیان نرخەکەی کەمتر بێ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە باسبکرێ و لە بایەخی دیارییەکەی کەم بکرێتەوە.

"ئەوەی نەهاتبێتە ئاهەنگی گواستنەوەم و دیاری نەهێنابێت، ناچمە ئاهەنگەکەی و دیاری بۆ نابەم"، هەنسک کە تازە شووی کردووە دەڵێ لەبەرئەوەی کە هەستیارییەک لە مەسەلەکەدا هەیە، مرۆڤ یەکسەر دەزانێ کێ هاتووە بۆ لای و کێ چی هێناوەو کێ نەهاتووە بۆ سەردانی، ئەو تازە بووکە هەرچەندە خوێندەوارە و دەرچووی کۆلێژی بازرگانییە، بەڵام دەڵێ "ئیتر مەسەلەکە ناچارییەو بووەتە عەیبە".

توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەو بڕوایەدان کە خەڵک ئێستا بەدیاری بێکەڵک و خراپ بەرامبەرەکەی لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە. هیوا یاسین کە توێژەری کۆمەڵایەتییە بۆ (ڕووداو) گوتی "لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دیاری نەک هەر مایەی دڵخۆشی نییە، بەڵکو جۆرێکە لەتاوان و چەندین نەخۆشی و باری خراپی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت تەندروستیشی لێدەکەوێتەوە"، هەروەها گوتیشی "ئەگەر کەسێکم خۆشبوێ و بمەوێت دیاری بۆ ببەم، شتێکی بۆ دەبەم کە باش و گونجاوبێت، نەک شتی خراپ و هەرزانبایی، چاوەڕوانیش ناکەم بۆم بهێنێتەوە".

مەلایەکان پێیانوایە پۆیلانە چووەتە حاڵێکەوە کە وەک ڕیاکاری لێهاتووەو لەنەریتە جوانەکەی خۆی تێپەڕیوە. مەلا نەجمەدین محەممەد لەو بارەوە دەڵێ ئەو چاوەڕوانییەی کە لەبەخشینی ئەمجۆرە دیارییانەدا دەکرێ ڕووی جوانی دیاری ناشیرین کردووە، گوتیشی "ئەوکات دەبێتە حاڵەتێکی زۆر خراپ، چونکە شەرع لەبەرامبەر ڕیاکردندا هەڵوێستی توندی هەیەو بە دروستکردنی هاوەڵ بۆ خوای داناوە".

**ژنێک: ئەو دیاردەیە کۆنە و پێویستە نەمێنێ**

## ئەڤسال ل دهۆکێ

# 418 ئافرەت ل دهۆکێ ل جهێن بلند کەفتینە و بریندار بووینە

ڕووداو- دهۆک

ل حەفت هەیڤێن بووری 418 ئافرەت و 758 زەلام ل دهۆکێ ژ جهێن بلند کەفتینە خوارێ و قەستا نەخۆشخانا ئێمرجنسی کرینە بۆ چارەسەرکرنێ.

ئەو هەژمار دئامارا سەرۆکاتیا ساخلەمیا دهۆکێ هاتینە تۆمارکرن. ل گۆر نڤیسەرێ ئاماری ل نەخۆشخانا تەنگاڤیان بۆ (ڕووداو) دیارکر: ل حەفت هەیڤێن بووری 824 هاوولاتی ب ڕوودانێن هاتن و چۆنا ترومبێلان برینداربووینە و قەستا نەخۆشخانێ کرینە، کو 530 ژ ڕەگەزێ نێر و 294 ژ ڕەگەزێ مێینە نە. ئامارا ڕێڤەبەریا هاتن و چۆنێ ژی ڕێژا برینداران زۆرتر لێ دکەت و دگەهینیتە 943 بریندار، ژبەرکو هندەک هاوولاتی دەمێ ب ڕوودانێن ترومبێلێ بریندار دبن و ناچنە نەخۆشخانێ ژ بەر برینا وان یا سڤک.

هەر ل پەی وێ ئامارێ ل حەفت هەیڤان 92 هاوولاتی ب گوللەیان برینداربووینە ( 74 زەلام و 18 ئافرەت)، هەروەها12 هاوولاتی ب چەقۆکێ برینداربووینە و 141 هاوولاتی ژی ب پەقینان برینداربووینە.

ئەو ژێدەر هەروەها دبێژە "79 هاوولاتی ژ ئەگەرێ نە باشیا خوارنێ ل دهۆکێ قەستا نەخۆشخانێ کرینە، گیانەوەران لەق ل 69 هاوولاتیان دایە کو 13 ل وان ئافرەتن، 193 هاوولاتی تووشی بلندبوونا فشارا خوینێ بووینە و 58 هاوولاتی ژی ژبەر لاوازیا ڕەوشا دلی قەستا نەخۆشخانێ کرینە، هەروەها 217 هاوولاتی تووشی بهێن تەنگیێ بووینە کو 115 ژ وان زەلامن".

هەر د وان 7 هەیڤان دا، ل پەی ئامارا هاتن و چۆنێ 415 ڕویدانێن هاتن و چۆنێ ڕوودایینە و 47 هاوولاتیان گیانێ خۆ ژ دەستدایە.





"ئەو ژیانە فاشیلە"

رووداو-دهۆک

**گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ بەنێو ئاڤان، دانیشتووی شاری دهۆک خۆی کوشت و بەر لە خۆ کوشتنەکەشی بە خێزانەکەی راگەیاندووە ئەو ژیانەی ئەو تێیدا دەژی "ژیانێکی فاشیلە" بۆیە خۆی دەکوژێ و با کەسیش بۆ نەگری. برایەکی ئاڤان بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئاڤان رۆژی پێنج شەممەی رابردوو کاژێر 11 نیوەڕۆ چووەتە سەر بانی ماڵەکەیان و بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. برای ئاڤان گوتیشی "ئاڤان هیچ نەخۆشییەکی دەروونی نەبووە، تەنیا داوای دەکرد رەوانەی دەرەوەی وڵاتی بکەین، بەڵام ئێمە رازی نەبووین، چونکە برایەکی دیکەشمان لە دەرەوەی وڵاتە".**



# 134کەس لەکوردستان حوکمی لەسێدارەدانیان هەیە

## لەساڵی 2009 دا کەس لە کوردستان لە سێدارە نەدراوە

**رووداو-هەولێر**

دوو ساڵ و شەش مانگ لەمەوبەر، برایەکی حەسەن یوسف، 28 ساڵ، دانیشتووی کۆمەڵگەی شاوێس، دوای دەمەقاڵێیەکی سادە لەلایەن دراوسێیەکییەوە کوژرا، لە ترسی تۆڵەسەندنەوە 15 ماڵ کە سەر بە بنەماڵەی بکوژبوون هەڵاتن. بە بڕوای حەسەن ئەگەر بکوژ لەسێدارە بدرێ، کێشەکەیان کۆتایی پێدێت "لەسێدارەدانی کەسێکی وا، رەنگە خوێنی 10 کەس بگەڕێنێتەوە".

سزای لەسێدارەدان، لە زۆربەی ئاینە ئاسمانییەکان و یاسای زۆر وڵاتاندا هەیە، بەڵام زیاتر لە وڵاتە ئیسلامی و کۆمۆنیستەکان پەیڕەو دەکرێ و، زۆرترین رێژەی لەسێدارەدانیش لە وڵاتی چین و ئێرانە، لە عێراق و کوردستانیش کار بە سزای لە سێدارەدان دەکرێ، بەڵام لە کوردستان زۆر بەسستی کاری پێدەکرێ و بۆچوونی جیاجیا هەیە لە بارەی مان و نەمانی ئەو سزایە.

مام جەلال، سەرۆک کۆماری عێراق بەهۆی ئەوەی کە کاتی خۆی وەک پارێزەرێک وارۆی بۆ هەڵمەتی نەهێشتنی سزای لە سێدارەدان کردووە، ئامادەنەبوو وارۆی سزای لە سێدارەدانی سەدام بکات، بەڵام لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، لە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ ژنان رایگەیاند ئامادەیە ئیمزا لەسەر جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدانی ئەو کەسانە بکات، کە ژنیان بەناوی ناموس و شەرەفەوە کوشتووە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی مافی مرۆڤ، ئێستا لە کوردستان 134 کەس حوکمی لەسێدارەدانیان هەیە. لە هەولێر 25 پیاو و 1 ژن، لە سلێمانی 64پیاو و 4 ژن، لە دهۆک 38پیاو و 2ژن.

بەڵام هەر بەپێی ئەو ئامارە، لەساڵی 2009 هیچ سزایەکی لەسێدارەدان جێبەجێ نەکراوە.

فاروق جەمیل، وەزیری داد، بە (رووداو)ی راگەیاند، حوکمی لە سێدارەدان ئێستاش لە کوردستان جێبەجێ دەکرێ. ئاماژەی بەوەشدا دوای ئەوەی بڕیاری لە سێدەرەدان لە دادگا دەردەچێ و رەوانەی دادگای تەمیز دەکرێ، ئەگەر پەسەند کرا، دەنێردرێتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئیمزای لەسەر بکرێ و جێبەجێ بکرێ، بەڵام "ئێستا حوکمی لە سێدارەدان زۆر بە دەگمەن دەردەچێت".

بۆ ئەو کەسانەی حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووەو هێشتا حوکمەکە جێبەجێ نەکراوە، وەزیری داد دەڵێت "رەنگە هێشتا حوکمەکەیان تەمیز نەکرابێتەوە، ئەگینا بەپێی بڕیاری پەرلەمان دەبێ جێبەجێ بکرێت، دەبێ هەموو حوکمەکانی لەسێدارەدان جێبەجێ بکرێن".

> **دەبێ سزای لە سێدارەدان جێبەجێ بکرێ**
> وەزیری داد

نازم دڵبەند، بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی مافی مرۆڤ، رایگەیاند کە ئەوان لە ساڵی 2007 کۆنگرەیەکیان لەبارەی سزای لەسێدارەدان بەبەشداری زۆربەی دادوەرو رێکخراو و لایەنە حکومییەکان بەست و لە کۆنگرەکەدا داوایان کرد سزای لە سێدارەدان لە کوردستان نەمێنێ.

هەرچەندە ئێستا بەدەگمەن حوکمی لەسێدارەدان جێبەجێ دەکرێ، بەڵام دادوەرەکان سزای لەسێدارەدان دەردەکەن. نازم دڵبەند هۆکاری ئەوەی بۆ یاساکان گەڕاندەوە کە تائێستا نەگۆڕدراون، گوتیشی "نەمانی سزای لەسێدارەدان بەشێکی گرنگە لە بنیادنانی دیموکراسی، وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ داواکاری نەهێشتنی سزای لەسێدارەدان رەچاوی ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییەی کردووە، کە تاوانی تێدا ئەنجامدەدرێ".

حەسەن کە برای کوژراوە، مانەوەی سزای لەسێدارەدان بۆ تاوانە گەورەکان بە پێویستی دەزانێ "ئەوەی کوژراویشە مافی ژیانی هەبوو، بۆ بکوژ نەکوژرێتەوە، ئەوانەی دژی لە سێدارەدانن، ئەگەر خۆیان کوڕو برایان کوژرا چی دەکەن؟".

وەک حەسەن دەڵێ لەو رۆژەوەی برای کوژراوە تا ئێستا جگە لە ژن، 11پیاو لە کۆمەڵگەی شاوێس کوژراون "بەڵام هیچ کام لە بکوژەکانیش بەسزای خۆیان نەگەیشتوون، تا ببنە پەند بۆ ئەوانی دیکە. هیچیان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرنەچووە، تەنانەت هیچیان حوکمەکەیان نەگەیشتووەتە 3 ساڵ، بکوژی برام دوای یەک ساڵ بە واستە ئازادکرا".

### لەسلێمانی 3 ژنی حوکمدراو بە سێدارەدان هەن

عەمیدی پۆلیس، کەمال عەبدولرەحمان ئەحمەد بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی رایگەیاند: "کۆی حوکمدراوانی پیاوان کە توندوتیژیان بەرامبەر ژنان ئەنجامداوەو لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی پیاوان لە سلێمانی بەندن 44 حوکمدراون، کە 12یان لەسێدارەدان و 8یان بە حوکمی هەتاهەتایی و12یان بە هەمیشەیی و 12یان بە زیندانی کاتی حوکمدراون".

عەمید کەمال عەبدولڕەحمان، کۆی ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرامبەر پیاوانیش ئەنجامداوەو لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و کۆمەڵایەتی ژنان و منداڵان بەندن ئاشکراکرد و گوتی "بەگشتی 12 ژنن، کە 3یان بە سزای لەسێدارەدان و 1 بە سزای هەمیشەیی و 8بە زیندانیکردن، بۆ ماوەی جیاوازحوکمدراون".

لەکاتی دادگاییکردن رەچاوی بەلایەنی دەروونی و کۆمەلایەتی تاوانبار دەدرێ. بەبڕوای حەسەن ئەوە "فێڵ"ە و دەڵێ "ئەوە فێڵێکە بۆ ئەوەی کێیان ویست سزای سووکی بۆ دابنێن".

عەلی کەریم، سەرۆکی پەیمانگەی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ سزای لەسێدارەدان نییە بۆ هیچ تاوانبارێک، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەزموونی مرۆڤایەتی دەریخستووە، لەهەموو کۆمەڵگەیەک حوکمی لەسێدارەدانی تێدابێت، رادەی تاوانی تێدا زۆرترە، چونکە بەهای ژیانبوون دەخاتە ژێر پرسیارەوە، خەڵک ترسی لە مردن دەشکێت و یەکتر دەکوژن، خەڵک چاو لە حکومەت دەکات".

بەبڕوای عەلی کەریم، دەبێ پێشتر کار لەسەر ئەوە بکرێ، خەڵک نەگاتە ئەو رادەیەی یەکتر بکوژن، ئەگەر گەیشتە ئەو رادەیەش دەبێ بەهای ژیانبوون بپارێزرێ و نابێ لەگەڵ مردن بین "لەسێدارەدان حوکمێکی رابردووە، دەبێ بەدوای یاسای دیکەدا بگەڕێین، وەک حوکمی زیندانیکردنی هەمیشەیی".

جگە لەوەی مەترسی تیرۆر لە کوردستان هەیە، لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە کێشەی گەورە لە کوردستان روودەدەن. لە هەفتەی رابردوو، گەنجێکی تەمەن 25ساڵ لە گوندی کەلەکینی نزیک کۆمەڵگەی شاوێس، باوک و براو ژنەکەی خۆی کوشت.

وەزیری داد پێی باشە حوکمی لە سێدارەدان لە کوردستان بە کەمی و سنووردار بمێنێتەوە، بە تایبەتی بۆ تاوانە ترسناکەکان "کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا ماوەیەتی لەسێدەرەدانی تێدا نەمێنێت".

حەسەن پێیوایە نەمانی سزای لە سێدارەدان لە کوردستان دوژمنکاری پەیدا دەکات "چونکە هەموو کەس بەدوای تۆڵە دەگەڕێن و دڵنیادەبن حکومەت هیچیان بۆ ناکات". بەڵام عەلی کەریم پێیوانییە نەمانی سزای لەسێدارەدان دوژمنکاری دروست بکات و دەڵێت ئەگەر سەروەری راستەقینەی یاسا هەبێت، کێشەکان لە چوارچێوەی یاسا چارەسەر دەکرێن "ئەگەر یاسا بۆ هەموو کەس وەک یەک بێت، ئەو کێشانە دروست نابن".

# عەبدولڕەحمان لە خەودا بە دەستی کوڕەکەی دەکوژرێ



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-خەبات**

دوو کاژێر بەرلەوەی لەلایەن کوڕەکەی بکوژرێت، عەبدولڕەحمانی تەمەن 55ساڵ، بانگی برایەکی دەکات و پێیدەڵێت"هەناوم دەسووتێت بۆ منداڵەکانم، بەرگەی دووریان ناگرم، دڵم زۆر توونده"، ئەو لە خەیاڵی منداڵەکانی، راکشاو وەنەوزێکیدا، لە پڕ کوڕەکەی بووە جەلادو لە خەودا باوکی خۆیدایە بەر دەستڕێژی گوللە، ئیدی باوکەکەی چیتر هەڵنەستایەوەو خۆی لە منداڵەکانی تورە بکات و پاشان بۆیان بگریێت.

لە شارۆچکەی خەبات (30کیلۆمەتر لە هەولێر دوورە)، لە هەر یەکێک دەپرسی، پرسەی ئەو پیاوە لە کوێیە کە بە دەستی کوڕەکەی کوژرا، ئاماژە بە گوندی چەمەدویز دەکەن، کە لە نزیک خەباتە و ماڵی باوکی عەبدولڕەحمانی لێ یە، بنەماڵەکەیان لە یەکەم رۆژی پرسەکەدا نازانن بڵێن چی؟ بکوژ چ لێ بکەن؟ خۆ ئەویش هەر کوڕی خۆیانە.

لە نیوەشەوی 14 لەسەر 2009/8/15 دەستڕێژێک گوللە کۆتایی بە ژیانی عەبدولڕەحمان عەزیز ئیبراهیم، هێنا. ئەو کە باوکی 7منداڵ (4کچ و 3کوڕ) بوو، کچێکی شووی کردووەو کوڕێکی ژنی هێناوە. عەبدولڕەحمان بەدەستی کوڕێکی 24 ساڵەی کە ناوی (غازی)یە کوژرا، هۆکاری کوشتنەکەیشی بۆ ئەو توورەبوون و تۆمەتانەی عەبدولڕەحمان دەگەڕێتەوە کە بەرانبەر بە خێزانەکەی هەیبوو.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای خەبات بە (رووداو)ی راگەیاند، تائێستا نەتوانراوە بکوژ دەستگیر بکرێ و بە پێی زانیارییەکانیان بۆ موسڵ هەڵاتووەو "لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە".

غازی کوڕە گەورەی باوکی بوو. ژنی هێنابوو، ماڵی لە تەنیشت ماڵی باوکی بوو. خۆی و باوکی ئیشپێکەری بیری ئیرتیوازی بوون. غازی چەند رۆژێک بوو نەشتەرگەری گورچیلەی بۆ کرابوو، دوو رۆژ بەر لە کوشتنی باوکی. عەبدولڕەحمان و ژنەکەی دەبێتە دەمەقالێیان، دوای ئەوە لەگەڵ غازیش دەبێتە شەڕیان و کێشە دەکەوێتە نێو خێزانەکە بەگشتی. لەسەر ئەوە عەزیزی باوکی عەبدولڕەحمان دەچێت ژن و منداڵەکانی عەبدولڕەحمانی کوڕی لە خەبات دەباتە لای خۆی بۆ گوندی چەمەدویز، بۆ ئەوەی کەمێک لەیەکتر دووریکەنەوەو کێشەیان نەمێنێت.

رێبواری برای عەبدولڕەحمان لە یەکەم رۆژی پرسەی براکەی، بە پێچەوانەی پرسەدارەکانەوە کە خەماوی دیارن، ئەو ترس دایگرتبوو، رێبوار باسی لەوە دەکرد، کێشەی براکەی زیاتر لەسەر ئەوەبوو، کە عەبدولڕەحمان گومانی لە خێزانەکەی کردووەو گوتوویەتی ئیشارەتت بە پیاوێک داوە "ژنەکەی سەری سپی بووە ئەو قسانەی لێ ناوەشێتەوە، ژنەکەی زیاتر لەبەرئەوە توورە ببوو".

بە گوێرەی قسەی دراوسێیەکیان، عەبدولڕەحمان پیاوێکی توورە بووەو بە کێشە بووە لەگەڵ خێزانەکەی. رێبوار پشتڕاستی کردەوە کە براکەی توورە توند بووە، پێشتریش لەگەڵ منداڵەکانی بەشەڕ هاتووە "بەڵام کەسێکی دڵساف بوو، هەر زوو لە تورەبوونەکەی پەشیمان دەبووەوە".

دوای دوو رۆژ لە رووداوەکە تەلەفۆن بۆ رێبوار دەکات بچێتە لای و داوای منداڵەکانی دەکاتەوە.

عەبدولڕەحمان بە رێبوار دەڵێ "دڵم زۆر توونده، منداڵەکانم بۆ بێنەوە تەنیا غازی نەبێت، هەناوم دەسووتێت بۆیان". بەڵام رێبوار پێیدەڵێت جارێک ئارام بگرە، کێشەکە خۆی چارەسەر دەبێ "گوتم منداڵەکان دەهێنمەوە، غازیش دەبێت ماڵی بار بکات، چونکە قسەی بە باوکی گوتبوو، پێمان خۆش بوو، لەیەکتر دووریکەونەوە، باوکیشی قەبوڵی نەدەکردەوە، بەڵام ژن و منداڵەکانی دەیانگووت ناوێرین بچینەوە لای، لێماندەدا، هەڕەشەمان لێدەکا".

غازی لە ماوەی ئەو دوو رۆژە هیچ قسەی نەکردبوو، هەر پا لکە و تبوو و بە هۆی



نەشتەرگەرییەکەیەوە.

ئەو شەوەی رێبوار قسە لەگەڵ عەبدولڕەحمان دەکات، غازی بە باپیری دەڵێت، دەچمە خەبات دەرزی لە خۆم دەدەم، وەک رێبوار دەڵێت نزیکەی کاژێر 11دەبێت و هیچ چەکی پێ نابێت، بەڵام دواتر چەک پەیدا دەکات "باوکی نووستبوو، دەیداتە بەر گوللە، زیاتر لە 10فیشەک بە سینگ و سکی کەوتبوو، غازی کوڕێکی فەقیر بوو نازانین چۆن ئەوەی کرد؟".

عەبدولڕەحمان یەکسەرگیان لەدەستدەدات و غازیش بۆ شوێنێکی نادیار هەڵدێت، بە گوێرەی قسەکانی رێبوار ئەوان دەیانەوێ غازی بگیرێت "دەمەوێت غازی هەر لەسەر دونیا نەمێنێت".

# کوشتنی رزگار تاوانی دیکە ئاشکرا دەکات

**رووداو-هەولێر**

لەگەڵ دۆزینەوەی تەرمی رزگار کاکل، چەند قووتوویەکی مەشروب و جلوبەرگ جێماویش دۆزرانەوە، گومانی ئەوە دەکرا کە لەلایەن هاوڕێکانییەوە کوژرا بێت، دوای دەستگیرکردنی چوار کەس لە کەسەکانی دەوروپشتی رووداوەکە، بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر رایگەیاند "کوشتنی کاکل پەیوەندی بە رووداوی دیکەوە هەیە".

کاژێر 08:45ی رۆژی 2009/8/9 لە نێو بازاڕی دانەوێڵە فرۆشان لەسەر رێگەی گوێڕ-هەولێر، تەرمی رزگار کاکل ئەحمەد، 40ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی گلکەندی هەولێر دۆزرایەوە، کە 7 کاژێر پێش دۆزینەوەی، بە زیاتر لە 3 فیشەک کوژرابوو، بەڵام پۆلیس 26 قەوانی کلاشینکۆفی لە شوێنی رووداوەکە دۆزیەوە. کوژرانی رزگار تائێستا رووداوێکی گوماناوییە، بۆیە پۆلیسی هەولێر چەند کەسێکی بە تۆمەتی کوشتنی کاکل دەستگیر کردووە.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند "لەسەر کوشتنی رزگار چەند کەسێک دەستگیرکراون کە هاوڕێی رزگارن و ئاشکرا بووە بکوژ کێیە"، گوتیشی "کوشتنی رزگار پەیوەندی بە کێشەی دیکەوە هەیە، ئێستا قسەی زیاتری لەسەر ناکەین و، لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە".

رزگار باوکی دوو منداڵە کە یەکێکیان تەمەنی یەک ساڵە و ئەوی دیکەشیان چوار ساڵانە. ناوبراو لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە کاری پاسەوانی شەوانەی دەکرد لە کۆگای دانەوێڵە، لە بەرانبەر گومرگی سەوزەو میوەی هەولێر. نەوزادی برای رزگاری لەنێو مزگەوت لە پرسەی براکەی راوەستابوو، ئەو میوانانەی بە خێردەهێنان و بەڕێدەکردن، کە بەشداریی پرسەی رزگاریان دەکرد. نەوزاد گوتی "لەو کاتەی رزگار دەستی بە ئاو گەیاندووە لێیانداوەو کوشتوویانە، ئەو مەشروبانەی لەوێش جێماون، هی بکوژەکانە".

> **لەو کاتەی رزگار دەستی بە ئاو گەیاندووە لێیانداوەو کوشتوویانە**
> برایەکی رزگار

تائێستا بنەماڵەی رزگار وردەکاری رووداوەکە نازانن، چونکە ئاگاداری تەواوی ژیانی رزگار نین. ئازاد کاکل برای رزگار، ناتوانێ گومان لەکەس بکات لە کوشتنی براکەی، چونکە ئازاد دەڵێ" کێشەمان لەگەڵ کەس نەبووەو دوژمندار نین، نازانین لەبەر چی کوژراوەو کێ کوشتوویەتی، نەمانزانیووە کێشەی لەگەڵ کەس هەبێت، جگە لەوەش بەتەواوی ئاگاداری ژیانی ئەو نین".

بەگوێرەی قسەکانی ئازاد چوار کەس بە تۆمەتی کوشتنی براکەی گیراون و ئەوانیش پاسەوانن. دووانیان لە کۆمپانیایەکی نزیک رووداوەکە پاسەوانن و دوو کەسەکەی دیکەش لە تەنیشت ئەو پاسەوان بوون. ئازاد باس لە ئیفادەی یەکێک لە گیراوەکان دەکات کە گوتوویەتی، کاتی کوشتنی رزگار لە ماڵ بووە.

لە شوێنی کوشتنی رزگار کۆمەڵێک قووتووی مەشروب و جلوبەرگ دۆزراونەتەوە. سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی راگەیاند، کە ئەوان دوای خواردنەوەی مەشروب رزگاریان کوشتووە، بەڵام ئازاد دەڵێ قوتووەکان نەکرابوونەوە، ناشزانن هی کێ بووە "ئەوەندەی ئاگادارابم، چەند ساڵبوو رزگار وازی لە مەشروب خواردنەوە هێنابوو، ئەو جلانەی لەوێش بوون، هی خۆی بوون، چونکە دەوامی لەوێ بوو".



# دەوڵەتە فاشیلەکان.. عێراق ژمارە 6 ــە

## دەوڵەتان بۆچی و لەبەرچی شکست دێنن؟

**رووداو-فۆرین پۆلیسی**

لەساڵی 2005ەوە گۆڤاری سیاسەتی دەرەوەForeign Policy پێوەری ساڵانەی خۆی بۆ دەوڵەتانی شکست خواردوو، یان دەوڵەتانی ناسەرکەوتوو Failed State دەردەکات. ئەوە بەرهەمی هەوڵێکی هاوبەشی نێوان گۆڤارەکە و سندووقی ئاشتییە The Fund For Peace. گۆڤارەکە لە دوایین ژمارەی خۆیدا بۆ هەردوو مانگی تەمووز و ئاب، پێنجەمین راپۆرتی ساڵانەی خۆی دەربارەی دەوڵەتانی شکستخواردوو بڵاوکردەوە.

پاش رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001، بایەخی زاراوەی "دەوڵەتانی شکستخواردوو" زیادی کرد. ئیدی لە روانگەیەکی ئەمنی و بەرگریی رووتەوە بەدەر لە روانگەی بووژانەوە، لەو دەوڵەتانە دەڕوانرێ، بۆ تۆمەتبارکردنی ئەو دەوڵەتە "شکستخواردووانە" بەوەی تیرۆر و توندڕەوی بەرهەمدێنن، کە لەمەشدا نەک هەر تەنیا زیان بە کۆمەڵگەکانی خۆیان، بەڵکو زیان بەئاسایشی ئەمریکاش لەسەر خاکی خۆی دەگەیێنن. سەرباری بڵاوکردنەوەی هەندێ دیاردەی ئەمنیی نێگەتیڤ لەجیهاندا کە ئەوان لێی بەرپرسیارن. بۆیە زیاتر لە رووی ئەکادیمییەوە بایەخ بە دەوڵەتانی شکستخواردوو، هەروەها پۆلێنکردنیان و شێوازی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیان و دەورەدانی مەترسیی راستەوخۆ و ناڕاستەخۆیان، دەدرێت.

### فەلسەفەی پێوەر

واپێناسەی "دەوڵەتی شکستخواردوو" دەکرێ، کە دەوڵەتێکە ناتوانێ ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی بەجێ بگەیێنێت لە (دابینکردنی ئاسایش، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی، بەڕێوەبردنی میکانیزمەکانی بازاڕ، کارگێڕییەکی کارامە بۆ هەمەڕەنگیی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆدا و وەگەڕخستنیشی)، سەرباری گیرۆدەبوونی دەزگاکانی بە دەست سستیی پێکهاتە و سستی لەکار راپەڕاندن دا. بە کورتی ئەو دەوڵەتەیە کە ناتوانێ بەرپرسیارێتی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و کۆمەڵایەتی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتیدا راپەڕێنێ.

لەگەڵ توندبوونی قەیراندا، مەترسی ئەو دەوڵەتانە زیاتر دەبێت. چونکە دەوڵەتی ناسەرکەوتوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشهات و مەترسی ناوەکی و دەرەکی ئامادە نییە، ئەو قەیرانانە هۆکارە شاراوەکانی "شکست"یش لەنێو دەوڵەتدا زەق دەکەنەوە، ئەگەری ئەوەش زیاتر دەکات کە ئەو دەوڵەتانە ببنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئارامی جیهان.

پێوەرەکە 177 دەوڵەتی بە گوێرەی شکستهێنان لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا ریزبەند کردووە. ئەو پۆلێنەش پشت بە دیاریکردنی کۆمەڵێک نیشانەی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و جڤاکی دەبەستێت، کە دەکرێ پێوانەی چەندایەتییان بۆ بکرێت و گوزارشت لە رەوشی ئەو دەوڵەتانە لەو بوارانەدا بکات، هەروەها ئەو نیشانانە گوزارشت لە توانای ئەرک راپەڕاندن و پیشەییبوونی سیستەمی حوکمڕانی و توانای لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانە دەکات کە کەوتوونەتە ئەستۆی دەوڵەتەوە، تێکڕای ئەنجامی ئەو نیشانانەش پلەی شکست خواردوویی دەوڵەت پیشاندەدات. ئەو دەوڵەتەی زۆرترین خاڵ بەدەستدەهێنێ لە هەمووان ناسەرکەوتووترە، کە لە لیستەکەدا ژمارەی (1)ە. بەم جۆرەو بەپێی کۆی خاڵەکان بەرەو خوار دادەبەزێ تا دەگاتە باشترین دەوڵەت لە رووی ئارامییەوە، کە لە لیستەکەدا خاوەنی دوایین ریزبەندەو ژمارەکەی (177)ە. ئەو ئەنجامانەی کە راگەیێندراون پشتیان بە 30 هەزار ژێدەری بەردەست دەربارەی دەوڵەتان بەستووە.

دەوڵەتانی ناسەرکەوتوو هەر تەنیا بەگوێرەی ریزبەندییەکی چەندی پۆلێن ناکرێن، واتە تەنیا بەپێی خاڵەکانی مۆری شکستی پێوە نانرێ، بەڵکو پێوەری نێودەوڵەتی بەپێی هەڕەشەی ئەو دەوڵەتانە بۆ سەر ئاشتی و ئارامیی نێونەتەوەیی، دابەشی سەر چەند گرووپێک دەکرێن. بەشێوەیەک کە بە گرووپی "هەرەمەترسیدار" دەست پێدەکات، کە گرووپی دەوڵەتە مەترسیدارەکانە، دوای ئەویش "وڵاتانی بەرهەڕەشە" دێن، ئینجا ئەو دەوڵەتانەی "هاوسنووری مەترسین"، پاشان "وڵاتانی سەقامگیر"، پێنجەمین گرووپیش ئەو دەوڵەتانەن کە "زۆر سەقامگیر"ن.

ماڵپەڕی سندووقی ئاشتی پۆلێنی لاوەکی جۆراوجۆری بۆ دەوڵەتە ناسەرکەوتووەکان داناوە، چ لەڕووی ژمارەوە یان لەڕووی ناودێرکردنەوە، وەک: جێی مەترسی، میانڕەو، سەقامگیر.

پێوەری ئەمساڵ لە کاتێکدایە کە قەیرانی دارایی جیهان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەوڵەتانی پێشکەوتووی خاوەن دامەزراوەی بەهێز داناوەو ئەوەش رەنگدانەوەی قورسی هەبووە بەسەر دەوڵەتانی لاواز و ئەو دەوڵەتانەی پتر ئاراستەی شکستخواردنیان هەیە. ئەمەش بەشێوەیەکی فراوان کاری لە ریزبەندی دەوڵەتان کردووە و هەندێکیانی گواستووەتەوە بۆ ریزبەندی وڵاتە مەترسیدارەکان. یەکێک لە شتە چاوەڕواننەکراوەکانی ئەمساڵی راپۆرتەکە، داتەپینی رەوشی هەندێ دەوڵەتە کە لە ریزبەندی سەر پێوەرەکەدا پاشەکشەیان کردووە، وەک گورجستان، کەچی رەوشی هەندێ دەوڵەتیش بەرەو باشی چووە کە ئێستا کەمتر شکستخواردوون.

### نێوەڕۆکی راپۆرتەکە

سەرباری ئەنجامی ژمارەییەکانی ریزبەندی دەوڵەتان و، ئەو پۆلێنە لاوەکییەی گرووپەکان کە 177 دەوڵەتەکە دەگرێتەوە، گۆڤارەکە هەموو ساڵێک نەخشەیەک و وتاری شیکارانەی پەیوەندیدار بە ئەنجامەکانی راپۆرتەکەش بڵاودەکاتەوە. ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ پێکەوە گرێدانی ئەنجامەکانی ئامار و ژمارە، بەو پرس و بابەتانەی لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا دەوروژێندرێن. ئەمساڵ ناونیشانەکانی بەم جۆرە بوون:

وتاری یەکەم: ئەو مەترسیانەی بەڕێوەن: وتارەکە باسی ئەو دەوڵەتانە دەکات کە رەنگە ببنە جێی مەترسی وەک کامیرۆن، کینیا، یەمەن، ئەسیوپیا، ئەریتیریا و گینیا بیساو.

وتاری دووەم: کاریگەریی تووشبوون: ئەو وتارە باس لە کاریگەریی قەیرانی ئابووریی جیهان بەسەر رەوش و ریزبەندی دەوڵەتان بە جیاوازیی پلەی شکستخواردنیان دەکات.

وتاری سێیەم: ئاژاوە لە تاران: ئەو وتارە باس لەکێشەی ئێستای ئێران دەکات کە بە گوێرەی پێوەرەکە 11 پلە گەڕاندییەوە دواوە بۆ ئەوەی لە جاران شکستخواردووتر بێت، بەتایبەتیش کە رەوشی ئابووری ناوخۆی تێکچووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە هێشتا لە کاراکردنی پرۆگرامی ئەتۆمیی خۆی بەردەوامەو هەر ئەوەش بۆخۆی بەکردەوە دەریدەخات کە بووەتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، هەرچەندە ئێران رایگەیاندووە کە پرۆگرامەکەی بۆ بەکارهێنانی ئاشتییانەی وزەیە.

وتاری چوارەم: ناوچەی سەوز، ئاماژە بەو ناکۆکییە دەکات کە سیمای بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی شکستخواردووە، بەتایبەتیش ئەوانەی لە هەمووان شکستخواردووترن، بۆنموونە دەبینی پایتەخت لە رەوشێکی باشدایە و زۆربەی هۆیەکانی خۆشگوزەرانی بۆ دابینکراوە و دەستەبژێرێکی دابڕاو لە کۆمەڵگەی تێدا دەژی. کەچی ناوچەکانی دیکەی لە رەوشێکی زۆر خراپدان. وتارەکە لەو رووەوە ئاماژە بە دەوڵەتانی وەک سۆماڵ و نەیجیریا و سوودان و پاکستان دەکات.

وتاری پێنجەم: گەمەی سەرزەنشت، ئەو وتارە ئاماژە بەو هۆکارە بنەڕەتییانە دەکات کە بوونەتە مایەی شکستخواردنی دەوڵەت و ئەو لایەنانەی بەرپرسن لەو شکستە. گریمانەی ئەوەش دەکات کە گەندەڵی و کارگێڕیی خراپ بەردی بناخەن، لەوەشدا پشت بە حاڵەتی زیمبابۆی دەبەستێ کە دەوڵەتی ژمارە 2ی پێوەرەکەیە.

وتاری شەشەم: بێ سەروبەری لەریزبەندیدا، وتارەکە ئاماژە بە ئەنجامە سەیرەکانی ئەو پێوەرە دەکات، چونکە بەو پێوەرە زیمبابۆی بەر لە سوودان و عێراق دێت، هەروەها نەیجیریا شکستخواردووترە لە سیریلانکا و کۆلۆمبیا لە پۆلیڤیا خراپترە. وتارەکە جەخت دەکاتە سەر گرنگی جیاکردنەوەی شکست وەک ئەوەی نیشانەکان دیاری دەکەن و شکست وەک ئەوەی هاووڵاتیانی هەمان دەوڵەت دەیبینن، هەروەها رۆڵی ئەو کەلێنە لە چەواشەکردنی ئەو هەوڵانەی دەخوازن باری ئەو دەوڵەتە شکستخواردووە راست بکەنەوە.

وتاری حەوتەم: دوا تەڵە پووش، ئەم وتارە ئایندەی قەیراناویی رەوشی دەوڵەتانی شکستخواردوو بە جیاوازیی پلەکانیان دەخاتەڕوو، ئەویش لەسایەی داتەپینی رەوشی ژینگە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهان، هاوکات لەگەڵ قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا بەتایبەتی.

### دیارترین گرفتەکانی پێوەرەکە

ئەو شرۆڤەیەی گۆڤارەکە بڵاویکردەوە ئاماژەی بە زۆر گرفت کردووە کە دەبوو پێوەرەکە لە کاتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکدا رەچاوی بکات. ئەو گرفتانەش ئەمانەن:

گرفتی یەکەم: هەردەوڵەتێکی شکستخواردوو شێوازی شکستخواردنی خۆی هەیە. بۆ نموونە گورجستان پلەیەکی پترلە پار شکستخواردووتری گرتووە، ئەویش بەهۆی هێرشی رووسیاوە بۆ سەر ئەو وڵاتە و رەنگدانەوەی ئەوە بەسەر دەوڵەتی گورجستانەوە. لە هەمانکاتدا رێژەی شکستخواردنی هەریەک لە سۆماڵ و کۆنگۆ زیادی کردووە، بە هۆی هەرەسهێنانی کارایی حکومەتەکانیانەوە. هەروەها هەڵکشانی رادەی هەرەسهێنانی زیمبابۆی و بۆرما لە ئاکامی بەرزبوونەوەی پلەی خۆسەپاندنی رژێمە دەسەڵاتدارەکانی کە بووە مایەی دابڕانی کۆمەڵگاکان لە واقیعی خۆیان، لە کاتێکدا عێراق بەهۆی شەڕێکەوە کە زلهێزەکان لەسەر خاکی کردیان، شکستی خوارد.

گرفتی دووەم: مەرج نییە نیشانەکانی شکست لە لایەکەوە، یان ریزبەندی دەوڵەتەکە بە گوێرەی پێوەرەکان لەلایەکی دیکەوە، گوزارشت لە مەترسیی دەوڵەتێک بۆ سەر ئاشتی و ئارامیی جیهان بکەن. بۆ نموونە زیمبابۆی کە پلەی ژمارە دووی لەسەر لیستەکە هەیە، لە عێراق، کە خاوەنی ژمارە 6ە لە ریزبەندی هەمان لیستدا، شکستخواردووترە.

بەڵام رەنگدانەوەی جیۆسیاسیی شکستی عێراق زۆر لە هی زیمبابۆی توند و مەترسیدارترە. بە هەمان لۆژیک پاکستان کە خاوەنی ژمارە 10یە و کۆریای باکوور خاوەنی ژمارە17یە، مایەی مەترسیی زیاترن لە کەناری عاج کە ژمارەی لە لیستەکەدا 11یە.

گرفتی سێیەم: وێڕای شکستخواردنی سۆماڵ کە خاوەنی ژمارە 1ە لە لیستەکەدا، بەڵام مایەی مەترسییەکی گەورە نییە بۆ سەر ئاشتی و ئارامیی نێودەوڵەتی. واتە ئەوەی کە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئارامیی جیهان لە حاڵەتی هەرەسهێنانی دەوڵەتانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە شکستخواردنی رێژەییانەی دەوڵەتەوەیە کە رێ بە هەبوونی دەوڵەتێک دەدات توانای ئەوەی نییە بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر هەموو هەرێمەکاندا بسەپێنێ، دەزگاکانیشی کارا نین، سامانیشی نەخراوەتە گەڕ، سەرباری ئەوەی کۆمەڵگەکەی بە دەست ناتەباییەوە دەناڵێنێ.

واتە گردبوونەوەی هۆکارەکانی شکست و بنەماکانی بەکارنەهاتووی سەرکەوتن، پاڵنەرن بۆ پێداچوونەوە بە پەیوەندیی نێوان تیرۆر و دەوڵەتانی شکستخواردوو، کە لە پاش رووداوەکانی سێپتەمبەرەوە فۆکسیان خرایە سەر. هێرشەکانی سەرنیویۆرک پرسی "دەوڵەتانی شکستخواردوو"یان وروژاند، لەو روانگەیەوە کە ئەو دەوڵەتانەی نەیانتوانی بەسەر هەندێ لە هەرێمەکانیاندا زاڵ بن. سەبارەت بە حاڵەتێکی وەک سۆماڵ، هەرچەندە لە ریزبەندی لیستی شکستدا ژمارە 1ی بەرکەوتووە، دەبینین تەنانەت لە پێشکەشکردنی یارمەتییەکی ئەوتۆ بە گرووپە توندڕەوە چەکدارەکانیش بەو شێوەیەی کە پێویستە هەر شکستی هێناوە.

بە شێوەیەکی گشتی راپۆرتەکە زۆر پرسیار و گرفت دەوروژێنێ، بەڵام ناشتوانێ چارەسەری پێویست بخاتەڕوو، هەڵبەتە دەتوانێ دەروازەی گفتوگۆ بە رووی زۆر پرسی پەیوەندیدار بە دیاردەکە بکاتەوە، وەک: بۆچی وڵاتان شکست دەخۆن؟ چی بکرێ بۆ رزگارکردنیان، وەک سەرەتایەک بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. لە هەمانکاتدا رەخنەی ئەوەشی لێدەگیرێ کە لە باسکردنی دیاردەی دەوڵەتانی شکستخواردوودا، لایەنی ئەمنی و سیاسی، هەروەها لایەنی ئابووریشی پێش خستووە، هەرچەندە لایەنە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەکەش هەمان کاریگەرییان هەیە.



چەند پۆلیسێکی عێراقی لە شاری بەغدا

(فۆتۆ:AFP)

بەپێی رووپێوێکی بەریتانی:

# پیاوان یەک ساڵی تەمەنیان بە تەماشاکردنی ژنان بەسەر دەبەن

رووداو- CNN

راپرسییەکی بەریتانی ئاشکرای کرد، کە پیاوان یەک ساڵی تەمەنیان بە تەماشاکردن و وردبوونەوە لەسەر و سیمای ئافرەتان بەسەر دەبەن. ئەو راپرسییە، کە سەنتەرەکانی کۆداک بۆ هاوێنەی چاو، ئەنجامیداوە و رۆژنامەی (تەلگراف)بڵاویکردووەتەوە، دەریخستووە کە بە شێوەیەکی مام ناوەندی پیاو رۆژانە 43 خولەک بە تەماشاکردنی 10 ژن بەسەر دەبات. واتە لە ساڵێکدا 11 رۆژ. بەم شێوەیە تێکڕای ئەو کاتەی کوڕان و پیاوان لە تەمەنی نێوان 18تا 50 ساڵ بە تەماشاکردنی ژنان بەسەری دەبەن دەگاتە 11 مانگ و 11 رۆژ.

تیمی توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە تەماشاکردنی پڕ سۆز و حەز، هەر پەیوەست نییە بە پیاوانەوە، بەڵکو ژنانیش تیلە نیگای خۆیان هەیە، بەڵام بە رێژەیەکی زۆر کەمتر. ئافرەتان بەشێوەیەکی مامناوەندی رۆژانە پتر لە 20 خولەک بە تەماشاکردنی 6 پیاو بەسەر دەبەن. بەوشێوەیە تێکڕای ئەوکاتەی ئافرەتان بە تەماشاکردنی ژنان بەسەری دەبەن دەگاتە شەش مانگ لە تەمەنیان.

مارک ئیرلەند، گوتەبێژی سەنتەرەکە دەڵێ"وا باوە پیاوان تەماشای ژنان دەکەن، بەڵام زۆر مایەی سەرنجە کە بزانی چەند کات بەو تەماشاکردنەوە بەسەر دەبەن". هەروەها گوتی"ساڵێکی تەمەن کاتێکی زۆرە کە پیاوان بە تەماشاکردنی ژنان بەسەری دەبەن". ئەنجامەکانی ئەو راپرسییە کە 3 هەزار کەس بەشداریی تێدا کردووە، روونیدەکاتەوە کە زۆرترین ئەو شوێنانەی کە تێیاندا پیاوان تەماشای ژنان دەکەن، سوپەرمارکێت، یانەی کۆمەڵایەتی و شوێنی مەی خواردنەوە و یانەی شەوانن.

بە هەمان شێوە ژنانیش لە بارِ و یانە و نێو پاس و میترۆ و شوێنی کاردا، تەماشای پیاوان دەکەن. هەروەها 19%ی پیاوان دەڵێن بە سەرنجەوە تەماشاکردنی ژنان بۆ ئەوان خۆشییان پێدەبەخشێ، بەڵام 9%ی ژنان تەماشاکردنی پیاوان بۆ خۆیان پێخۆشە، کەچی 16%ی ژنان دەڵێن تەماشاکردنی پیاوان نارەحەتیان دەکات و، 20%ش دەڵێن تەماشاکردنی پیاوان ئەوان تەریق دەکاتەوە.

پتر لە 40%ی ژنانی بەشدار لەو راپرسییەدا دەڵێن چاوی پیاوان لە هەموو شوێنێکی دیکەی پیاوان بۆ ئەوان سەرنجڕاکێشترە، هەمان رێژە لە پیاوانیش دەڵێن بەژن و باڵا پتر لە هەر شوێنێکی دیکەی ژنان سەرنجی ئەوان رادەکێشێ.

35%ی بەشدارانی راپرسییەکە رایانگەیاندووە کە تەماشاکردن سوودی هەیە، چونکە سەرەتایەک بووە بۆ پەیوەندیی دروستبوونی نێوان هەردوولا.



**باڵا و چاو**: ژنان دەڵێن چاوی پیاوان، پیاوەکانیش دەڵێن قەد و باڵای ژنان زیاتری هەموو شوێنێکی دیکە سەرنجیان رادەکێشێ

# عێراقی مامەڵە بە کچانی ئۆکرانییەوە دەکەن

**رووداو- ایلاف**

حکومەتی ئۆکرانیا ئەو هەواڵەی پشتڕاست کردەوە کە باندێکی نێودەوڵەتی کە لە قاچاخچی ئیماراتی و عێراقی و رووس پێکهاتوون و ئۆکرانی ئاسانکارییان بۆ دەکەن، بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکات، کە قوربانییەکان دەبەنە ئیمارات بۆ لەشفرۆشیکردن.

بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی فەرمیی ئۆکرانیا (یوکرینفرۆم) پۆلیسی ئۆکرانیا باندێکی دەسگیرکردووە، کە تا ئێستا 500 کچی ئۆکرانی بۆ کارکردن لە بواری لەشفرۆشیدا فرۆشتووە.

حکومەتی ئۆکرانیا 3 کەسایەتی دیاری ئیماراتیی دەسگیرکردووە کە لە بواری دارایی و سەرمایەگوزاریدا کار دەکەن، لەو کاتەیدا کە لەگەڵ چەند کەسێکدابوون کە یەکێکیان ئێرانی بوو و ئەویتریان رووس و، پەیوەندییان لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەبووە، کە ئۆکرانین و دەستیان هەیە لە هەناردنی کیژۆڵانی ئۆکرانی بۆ ئیمارات، تا لەوێ لەشفرۆشی بکەن.

وەزیری ناوخۆی ئۆکرانیا یوری لوچینکۆ،لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لە کییڤی پایتەختی ئۆکرانیا گوتی "ئەندامانی ئەو باندە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مرۆڤیان دراوەتە پاڵ، دوای ئەوەی 500 کیژۆڵەی ئۆکرانییان لە ماوەی رابردوودا بردووەتە ئیمارات".

بە پێی زانیارییەکانی پۆلیسی ئۆکرانیا، ئەو سێ ئیماراتییەی گیراون ناویان (هاشم ئەلدبل، حوسێن سەجوان و ئەحمەد بن بەیات)ە، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوە تێوەگلانی ئەوانی بە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە نەسەلماندووە، لە کاتێکدا پۆلیس لە نێو شەوارەیەکی تایبەتدا گرتوونی بوون لەگەڵ چەند کەسێکدا کە دەستیان لە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە هەیە. پۆلیس بەچەکەوە بەسەریدا گرتن و پێنج لە دەستبەسەریدا مانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ کردن.

رۆژنامەی (سفۆدنیا)ی ئۆکرانی ئاماژە بەوە دەکات کە باندەکە لە"ئیماراتی، عێراقی، رووس و ئۆکرانی پێکهاتووە، کە تا ئێستا توانیویانە 9 ملیۆن یۆرۆ بە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە کۆ بکەنەوە".

سایتیCNNی عەرەبی لە زاری چەند بەرپرسێک لە وەزارەتی ناوخۆی ئۆکرانیاوە بڵاوی کردەوە کە "ئەندامانی باندەکە ریکلامیان لە ئینتەرنێتدا بڵاوکردەوە، کە ئەوان نمایشکاری جلوبەرگیان دەوێ لە ئیمارات کار بکەن، دوای ئەوەی تاقیاندەکەنەوە لەوێ دایاندەمەزرێنن".

بە گوێرەی قسەی وەزیری ناوخۆی ئۆکرانیا، پتر لە 200 کیژۆڵەی تەمەن 16 – 25 ساڵی ناچارکراون لەشفرۆشی بکەن، کە بۆ ئیمارات و ئەڵمانیا و بەریتانیا نێردراون.



# کوڕان جوانی مارە دەکەن و کچانیش شوو بە ئەخلاق دەکەن



کامەران گۆران
Kameran.adam@yahoo.com

**ڕووداو-هەولێر**

بۆ هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی هیچ کاتێک جوانی ئەوەندە لای ئەڵماس گرنگ نەبووە، ئەو بەدڵنیاییەوە باس لەبەرنامەی ژیانی داهاتووی خۆی دەکا کە کوڕێک لەسەر بنەمای جوانی ڕەوشت هەڵدەبژێرێ نەک جوانی ڕووخسار "من لەو کچانەم کە ئەخلاق و هەڵسوکەوت و پلەی خوێندنی کوڕانم بەلاوە گرنگە نەک جوانی ڕووخساریان".

ئەڵماس عەزیز، 24 ساڵ، قوتابی قۆناخی چوارەمە لەبەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە پلەی خوێندەواری و ئەخلاقی کوڕان گرنگە، چونکە ئەو ئامادە نییە شوو بە کوڕێک بکات کە پلەی خوێندنی نزم بێ، لەگەڵ ئەوەش ئەڵماس دەڵێ "جوانیش ڕۆڵی خۆی دەبینێ، یەک لەو خاڵانەی کە کچێک ئامادەیی هەبێ بۆ ئەوەی شوو بە کوڕێک بکات جوانییە".

بەڵام زۆر لە کوڕان جوانی کچان بە پلەی یەکەم دەبینن لە پەیدابوونی ئارەزوو بەرامبەر کچێک بۆ پەیوەندی بەستن و هێنانی. موسلیم ڕەسول، قوتابی ماستەر لە زانکۆی سەلاحەدین، لەوبارەوە دەڵێ "بەلای منەوە جوانی ڕۆڵ دەبینێ و زۆربەی گەنجانیش زیاتر گرنگی بە جوانی دەدەن".

موسلیم، وەک شتێکی ڕۆتینی وەک زۆربەی خەڵک دەڵێ "لایەنی ئەخلاقیش بەلای منەوە گرنگە، گەنجێک کە بیەوێت کەسێک دەستنیشان بکات سەرەتا لەڕەوشتی دەکۆڵێتەوە"، ئەو هەروەها دەڵێ "من گەنجێکی دەرچووی زانکۆم، حەز دەکەم کچێک بێنم وەک خۆم دەرچووی زانکۆ بێ".

بەزۆر بەشوودان و ڕێگرتن لە پەیوەندی بەستنی ئارەزوومەندانە لەنێوان کوڕان و کچان لە کۆمەڵگەی کوردی دا لە ڕابردوودا زۆربوو و ئێستاش هەرماوە، زۆر جار کچەکە بۆی نییە بە دڵی خۆی کوڕێک هەڵبژێرێ، یان کوڕەکە بەهەمان شێوە، بەڵکو زیاتر دایک و باوک بڕیاری خۆیان بەسەر ئەواندا دەسەپێنن. مام عەبدوڵڵا، 65 ساڵ، لەبارەی ژنهێنان لەسەردەمی خۆی دا دەڵێ "جوانی ئەوەندە گرنگ نەبوو، بەڵکو ئەوە گرنگبوو ڕەوشت بەرزبێ و لەبنەماڵەیەکی دیار بێ". مام عەبدوڵڵا بە پێکەنینەوە دەڵێ "زیاتر ئەو کچانە شانسی شووکردنیان هەبوو کە کابانی باش بووان، دەیانگووت ئەگەر ئەو کچە بێنی دەبییە پیاو!"، ناوبراو ئەوەی ئاشکراکرد کە کاتی خۆی سێ جار چووەتە داخوازی، بەڵام هەر سێ جار کچەکانی بەدڵ نەبووە "تا بۆ جاری چوارەم کچێکم مارەکرد بە دڵی خۆم".

کوێستان سیامەند، 19 ساڵ، قوتابییە لە پۆلی شەشەمی زانستی دەڵێ "جوانی بەلای منەوە هێندە گرنگ نییە، بەڵکو یەکەم شت بەلای منەوە ئەخلاقە". بەڵام کوێستانیش وەک موسلیم دەڵێ گرنگە هەردوولا لەیەک ئاستی خوێندەواری دابن " بۆ ئەوەی لە ژیانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو بن".

زیرەک نور بەخشی، فەرمانبەر لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، وەک کۆمەڵناسێک پێیوایە یەکەم شت بەلای کوڕانەوە جوانی ڕووخساری کچانە، چونکە هیچ کوڕێک ئامادە نییە کچێکی ناشیرین بخوازێ " بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لایەنی ئەخلاقیش گرنگە، ئەو کچەی لایەنی ئەخلاقی بەرز بێت شانسی زیاتر دەبێ". نور بەخشی دەڵێ "کچان بە ڕێژەیەکی کەمتر جوانی لەبەر چاو دەگرن، بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی کورد کوڕێکی وای دەوێ کە بەچاوێکی سووک تەماشای نەکات، بەڵام زۆر جاریش کەشخەیی و دەوڵەمەندی و پلەو پایەی کوڕەکە ڕۆڵی خۆی هەیە".

سەرباز خۆشناو، 25 ساڵ، پێیوایە ئەگەر گەنجێک بە خواستی خۆی کەسێک دەستنیشان بکات و بیخوازێت بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبێ "بەڵام هەر کەسێک لەسەر جوانی و پلەو پایە کچێک هەڵبژێرێت، بێگومان لە دواڕۆژدا شکست دێنێ".



# کچ شەرم دکەن داخازا پێدڤییێت خۆ ل کەمالیاتان بکەن



نەجمەددین نێرۆوەیی
ڕووداو-زاخۆ

"ئەز سۆر دبم تا دبێژمە خودانێ دووکانێ بۆ من فلان تشتی بینە بەس ما چ بکەم ژ نەچارییە" ب ڤان پەیڤان شیرین حەسەن، بەحسا ئاریشەیا هەبوونا کوڕان ل سەر دووکانێن کەمالیاتا دکەت.

شیرین کچەکا 24 سالییە، ئەو دبێژیت هێشتا ئەو وەک کچ نەشێن ب دروستی پیویستیێن خۆ ل دووکانێت کەمالیاتێن ئافرەتان داخاز بکەن "ژ بەر کۆ خودانێ وان هەمیا مێرن، ئەڤ چەندە بۆ مە زۆر یا ب زەحمەتە تا ئەم بێژینە زەلامەکێ کا بۆ من فلان تشتی بینە". شرینێ گۆت "تۆ ڕۆژنامەڤانی لەوما دێ بۆ تە ئاخڤم". ئەو دبێژی "ئەم شەرم دکەین ئێکسەر بێژینە خودانێ دووکانێ کا بۆ من تەپانەکێ یان زەخمەکێ ڤی جوری یان فلان حەجمی بینە". شیرین ژ خودانێت وان دوکانا نەرازییە، چونکی ئەو نەچارن داوایا ڤان پێداویستییان بکەن، لێ هندەک جارا دوکاندار ب وان دکەنە کەنی " ئەم زور شەرمێ ل خۆ دکەین". شرینێ دخازێ دکەت بازارێت تایبەت ب ئافرەتان بهێنە ڤەکرن " بڤی ڕەنگی ئەز ئاریشا مە نامینی و کار دێ بۆ هندەک ژنان ژی پەیدابیت و مل ب ملێ زەلامان ئافرەت ژی ل ڤی شاری دێ کەڤنە ناڤ شۆلی دا".

نەرمین چۆلی، کچەکا 21 سالی دبێژی، ئەو ب خووە ناچیتە دووکانێن کەمالیاتا و "هەر تشتەکێ من بڤێت دەیکا من بۆ من دئینیت". نەرمین دبێژی پشتی جارەکێ دگەل دەیکا خوە چۆیە بازارێ کەلوپەلێن ئافرەتان، دەمێ داخازا پێداویستییەکا خۆ کری، دوو کوڕ کو لبەر وێ دوکانێ بوون و هەردوکان بخۆ ب وێ کرییە کەنی و وێ زور شەرم کرییە و بریار دایە کۆ حەتا خودانێت وان دوکانا کوڕ بن ئەو ئێدی نەچیتە وان دوکانا و هەر تشتەکێ وێ بڤێت دەیکا وێ بۆ بینیت.

هەر هەمان تشت هاتییە سەرێ دێژینێ ژی، ئەو دبێژیت "ڕۆژەکێ ئەم چەند هەڤالەکێن کولیژێ ب هەڤرا چووینە وان دوکانا دەمێ مە هندەک تشت ل دووکانەکێ ژ وان کڕین، هەڤالەکا مە داخازا تشتەکێ تایبەت ل خودانێ دووکانێ کر لێ دگەل داخاز کرنا وێ ئەوی بخۆ پێ کرە کەنی لەوما دەمێ مە هوسا ئەو دیتی ئەو تشتێن مە کرین ژی ل وێ دووکانێ مە بۆ ڤەگەراندن و ئەم دەست خالی ڤەگەراینە ڤە".

ب باوەریا دێژین ئەحمەد، یا 22 سالی، تڤیا ڕێکخراوێن ئافرەتان بەرێ خۆ بدەن چارەسەریا ڤێ ئاریشێ " هەرچەندە بەلکو ل وەلاتێن دی ئەڤ چەندە تشتەکێ سروشتی بیت، چ زەلام یان ئافرەت لبەر دوکانێ کار کەن لێ هێشتا جڤاکێ مە جڤاکەک عەشایرییە و ئەم نەگەهشتینە وان وەلاتان، ئەڤجا یا باش ئەوە لایەنێن پەیوەندیدار ب مافێن ئافرەتێ چاڤ ل ڤان کاران ژی بنێرن چونکو مافێ ئافرەتێ بەس ڕێگرتن ل کوشتنا ژنان نییە".

ئەڤ چەندە نەک بەس ئاریشەیەکە لناڤ ئافرەتان، بەلکو خودانێت ڤان دوکاناژی دبێژن ئەو ئاریشەیە.



بەیار سەلیم خودانێ دووکانەکا فرۆتنا کەلوپەلێن ئافرەتانە دبێژی " ڕاستە ئەڤ چەندە یا هەی زۆر جارا دەمێ ئافرەت سەرەدانا دووکانێت مە دکەن ئەم پێ د حەسین کو وان تشتەک دڤێت لێ شەرم دکەن بێژن و ئەڤ چەندە بۆ مەژی زۆر یا نەخوشە و ئەم ژی شەرمێ ل خۆ دکەین کو نەشێین ب دروستی ئەڤی کاری ڕێڤە ببەین و ئەڤ چەندە ب دروستی کارتێکرنێ ل کارێ مە دکەت "، ئەو دگەل هندێ دایە کو ئافرەت لسەر ڤان دوکانان کاربکەن چونکی ب ڤی ڕەنگی هەم فرۆشا وان زێدە دبیت و هەم ژنژی ب دلێ خۆ داخازا پێداویستیێن خوە دکن. ئەو دبێژی "زۆر جار هەبوویە ئافرەت هاتینە دووکانا من، شەرم کرییە ناڤێن وان تشتێن وان دڤێن بێژن، لەوما نیڤ دەمژمێرێ دێ میننە ل دوکانێڤە و لێ دگەرن و ئەگەر ب چاڤێ خۆ دیت باشە ئەگەر نە دیت دێ چیت".

ئاراس زوبێری دووکانا کەمالیاتا هەیە، ئەو دبێژی ئەو ژنێن دهێن تشتی ل نک وی دکڕن زۆربەیا وان ئافرەتێن دانە عەمرن " ئەڤ شەرمە بارا پتر ل دەڤ کچان هەیە، لەوما کچ بارا پتر دگەل دەیکێت خۆ دهێن و هند جورئەتێ نادەنە خۆ ئەو بخۆ داخازا پێدڤییێت خۆ بکەن". ئاراس دبێژی ئەو دووکاندارێن هەلویستێن کرێت بەرامبەری ژنان دکەن " لاوازیا ڕەوشەنبیریا وان نیشاددەت".

سوزین حەسەن، شارەزا د وارێ کومەلایەتیدا دبێژیت هەرچەندە ئەڤە ل دونیایا پێشکەفتی ئاریشە نینە کی دوکانداربیت " لی بۆ کوردستانێ ئەگەر ئافرەت لبەر ڤان دوکانا کار بکەن تشتەکێ زور باشە هەم ژ لایێ ماددی و مەعنەویڤە بۆ ئافرەتێ ".



دووکانەکا کەمالیاتێت ژنا (فۆتۆ:ڕووداو)

# کچان دوای مێردکردن دەڵێن شووتی لەشووکردن خۆشترە

## کچێک: شووکردن دۆزەخە

لەنیا مەحمود
سلێمانی – ڕووداو

کاتێک کچ بوو، لەلایەن خزم و ناسیاوەکانییەوە ڕۆژانە ئەو پرسیارە پێکەنین ئامێز و باوە ڕووبەڕووی لێوان کراوەتەوە کە شوو خۆشە یان شوتی؟ ئەگەر چی ئەو لەو کاتانەدا شەرمی کردووە بە هەڵبژاردنی یەکەمیان وەڵام بداتەوە، بەڵام ئێستا دوو دڵ نییە لەوەی کە بە "هەڵە"دا چووە و پەشیمانی خۆی دەردەبڕێت "ئێستا خۆزگە دەخوازم قەت شووم نەکردایەو هەر شوتیم بخواردایە".

لێوان، کە ئێستا شوویکردووە، بەڕووخسارییەوە دەردەکەوێ کە ئێستا لێوان لێوە لەپەشیمانی. ئەو بەکچان دەڵێ "شوکردن دۆزەخە".

کاتێک کوڕان دەچنە خوازبێنی کچان و دەبنە دەستگیراندار، زۆربەی کچان لەو قۆناخەدا کە قۆناخێکی تەواو ڕۆمانسییە، چەندین بەڵێن و قسەی خۆش لەبارەی ژیانی داهاتوویان لە دەمی کوڕانەوە دەبیستن و هەر بەخۆشی زووتر گەیشتن بەو ڕۆژانە، حەز دەکەن بەخێرایی قۆناخی دەستگیرانداری تێبپەڕێنن و بچنە کەژاوەی هاوسەرگیرییەوە.

"درۆ منی گەیاندە ئەو ڕۆژە"، نازەنین ئەحمەد، 40 ساڵ، ئێستا لە و ە تێگەیشتووە کە ژیان بەو جۆرە نییە ئەو خەونی پێوە بینیوە "شووکردن و ژنهێنان ئەوە نییە کە کوڕان و کچان خۆزگەی پێدەخوازن"، نازەنین دەڵێ لەدوای ژنهێنان و شوکردنەوە بەرپرسیارێتی دەست پێدەکات و ئیتر ناتوانی وەک کاتی کچێنی بە ئارەزووی خۆت هەڵسوکەوت بکەیت "هەر شتێک بکەیت دەورووبەرەکەت گاڵتەت پێدەکەن"، گوتیشی "گەر لەبەر تا نە و لۆمەی خەڵکی نەبێت، من جیادەبمەوە".

بەهەمان شێوە چیرۆکی ئەزموونەکانی دی سەبارەت بە ژیانی هاوسەرگیری، باخان وای دەزانی کاتێک شووی کرد دیواری مەینەتییەکانی دەڕووخێت و دەست بە ژیانێکی خۆش دەکات "بەڵام نەمزانی ئەوە پێچەوانە دەبێتەوەو بەهەڵەدا چووم"، باخان محەممەد، 27 ساڵ، یەکێک لەو ژنانەیە کە ئێستا وا دەزانێ بە چوونە نێو ژیانی هاوسەرگیری، خۆری بەختەوەری سەردەمی کچێتی لێ ئاوابووە و درۆی قۆناخی دەستگیرانداری، هەنگوینی هاوسەرگیری لێ تاڵکردووە "هەر ئەوەشە وام لێدەکات کە هەر دەپەنجەکەی دەستم بگەزم و پەشیمان ببمەوە".

ئەگەر چی هۆکارەکانی پەشیمان بوونەوەی کچان لەهاوسەرگیری جۆراوجۆرن، بەڵام داخی زۆربەیان لەوەدا کۆدەبێتەوە کە دەسگیراندارەکانیان خاوەنی ئەو بەڵێنانە نین، کە پێیان داون.

بێزارییەکی زۆر ڕووخساری سەرباسی داپۆشیوەو لەگەڵ هەر ئاوڕدانەوەیەک لەژیانی کچێنی خۆی، هەست بە کولانەوەی برینی دڵی دەکات، سەرباس مستەفا، کە لەتەمەنی هەژدەساڵیدا چووەتە نێو کەژاوەی هاوسەرگیرییەوە، لەو بڕوایەدایە کە ئیتر هەنگوینەکە شیرین نییە و هەمیشە دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ نێو ژیانی کچێتی، گوتیشی " کاتێک کە کچ بووم وامدەزانی بۆ هەر شتێک ماڵەوە ڕێگریم لێدەکەن، بەڵام ئەوە لێرەش هەیە".

بەهۆی ئەو پێشکەوتنە ئابوورییەی ڕووی لەهەرێمی کوردستان کردووە، ئاستی بژێوی خەڵکیش پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوەو بەو هۆیەشەوە ڕێژەی هاوسەرگیری لەبەرزبوونەوەدایە، بە پێی ئامارێکی دادگای باری کەسێتی سلێمانی کە دراوەتە (ڕووداو) لەماوەی هەر دوو ساڵی 2007 و 2008 دا 12504 گرێبەستی هاوسەرگیری لەنێوان کوڕان و کچاندا بەستراوە.

پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی ئەو دۆخە ناسەقامگیرەی کچان و کوڕان بۆ تێنەگەیشتن لەئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی ژیانی هاوسەری دەگێڕنەوەو پێیانوایە کە دەبێت پێش هاوسەرگیری خۆیانی بۆ ئامادە بکەن.

لەوبارەیەوە بژار شەهاب، توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە کچان و کوڕان بنەمای هاوسەرگیری نازانن بۆیە پێویستە بەر لەوەی خۆیان بۆ قۆناخی هاوسەرگیری ئامادە بکەن، هەست بە بەرپرسیارێتی پرۆسەی هاوسەرگیری بکەن و خۆیان بۆ دروستکردنی بنەماڵە ئامادە بکەن، نەوەک کاتێک زویریش دەبن لەیەکتری، خێرا بیر لەجیابوونەوە لەیەکتری بکەنەوە، دەڵێت "ئەوان وا دەزانن زەواج هەر ئەوەیە بچنە دەرەوەو قۆڵ بە قۆڵی یەکدا بکەن و پیاسە بکەن"، ئەو پسپۆڕەی کۆمەڵناسی گوتی "بۆیە کچان کاتێک ڕووبەڕووی ئەو ئەرکە نوێیانە دەبنەوە، پەشیمان دەبنەوەو حەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ ژیانی پێشویان".

مەلا ئەحمەدی شەریعەت پێیوایە بە جێ نەگەیاندنی ئەو بەڵێنانەی کە کوڕان و کچان بە یەکتری دەدەن لەکاتی دەستگیرانداریدا "خەڵەتاندنی یەکترییە"، ئەو مامۆستا ئاینیە گوتیشی "لەیەک جیابوونەوەی بە ئەنقەست و بێ کێشە حەرامەو زوڵم کردنە لەیەکتری".



# قەڵعەی نزارکێ بە 4 ملیار دینار چۆڵدەکرێ




چەند منداڵێکی خێزانە نیشتەجێیەکانی کۆنە سەربازگەی (قەڵعە)ی نزارکێ تەماشای دروشمێکی ماوەی بەعس دەکەن بەسەر دیوارەکانییەوە (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو- دهۆک**

3 ملیارو 919 ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ چۆڵکردنی قەڵعەی نزارکێ لە دهۆک، کە ئێستا 232 خێزانی تێدایە. قایمقامی قەزای ناوەندی دهۆکیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەنیا 3 مانگ مۆڵەت دراوەتە ئەو خێزانانە تا قەڵعەکە چۆڵبکەن".

ئەو خێزانانە کاتێک لەو قەڵعەیە نیشتەجێبوون، وەک مەهدی نوری دەڵێت "هێشتا خوێنی کورد بە دیوارەکانی قەڵعەکەوە مابوو، ئێمە بۆ چەند مانگێک هاتین، بەڵام تا ئێستا لێرەین".

قەڵعەی نزارکێ، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سەنتەری شاری دهۆک، پێش ڕاپەڕینی بەهاری 1991 سەربازگەی ڕژێمی لەناوچووی بەعس بوو، چەندین لاوی کورد لەو قەڵعەیە ئەشکەنجەدراون و کوژراون. تاوەکو ئێستاش چەندین دروشم کە لەسەردەمی بەعس لەسەر دیواری قەڵعەکە نووسراون ماون.

ئامینە مەحمودی تەمەن 73 ساڵ، باسی گیرانیان دەکات لەکاتی ئەنفالەکاندا لەو قەڵعە سەربازییەدا و دەڵێ "بە چاوی خۆم بینیم 10 کەس بە بلۆک لەنێو ئەو قەڵعەیەدا لە لایەن بەعسەوە کوژران".

تاوەکو ئێستا چەند خێزانێکی کەمدەرامەت و بێدەراتان لەو قەڵعەیەدا دەژین کە بەهۆی هەژاری لە دەڤەری دۆسکی و بەری گارە لەدوای ڕاپەڕینەوە پەنایان بۆ ئەو قەڵعەیە بردووە.

بەهۆی ئەو نەخۆشیانەی کە چەند خێزانێکی کورد لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین لەو قەڵعەیە بینیویانە سینەماکاری کورد مانۆ خەلیل، کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە فیلمێکی 32 خولەکیی بەنێوی (زیندانی من، ماڵی من) لەسەر ئەو خێزانانە دروستکرد کە لەکاتی ڕژێمی داگیرکەری عێراقی لەو قەڵعەیەدا کەسیان لێکوژران و ئەشکەنجەدران و ئێستاش لەبەر هەژاری و بێ جێگەیی بەناچاری پەنایان بۆ هێناوەتەوە.

دوای بەسەربردنی ژیانێکی پڕ لە دەردەسەری، ئێستا حکومەت بڕیاریداوە کە ئەو قەڵعەیە چۆڵبکرێت. ماجد سەید ساڵح، قایمقامێ قەزای ناوەندی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ماوەیەکی زۆرە هەوڵ بۆ چۆڵکردنی قەڵعەکە دەدرێ و ئێستاش بڕیاری چۆڵکردنی قەڵعەکە دەراوە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "تا ئێستا 232 خێزان لەو قەڵعەیە نیشتەجێن، ئێستا بڕی 3 ملیارو 919 ملیۆن دینار بۆ ئەو خێزانانە تەرخانکراوە تاوەکو قەڵعەکە چۆڵبکەن". سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی پارەکەش ڕوونیکردەوە کە "ئەو خێزانانەی لە نەفەرێک پترن کە ژمارەیان 213 خێزانە، بڕی 18 ملیۆن دیناریان دراوەتێ، بەڵام ئەوانەی تەنیا یەک کەسن بڕی پێنج ملیۆن دیناریان دراوەتێ بۆ چۆڵکردنی قەڵعەکە".

قایمقامی قەزای ناوەندی دهۆک ڕوونیکردەوە کە سەرجەم خێزانەکان ڕازیبوون بە چۆڵکردنی قەڵعەکەو ماوەی 3 مانگیشیان بۆ دانراوە تاوەکو چۆڵی بکەن.



## ڕای شەقام



### نەبوونی گەنج لە پەرلەمان لە هەڵبژاردنی داهاتوو ساردیان دەکاتەوە

**سەرتیپ محەمەد، 23 ساڵ، خوێندکاری زانکۆ لیستەکان بە بەرپرسیار دەزانێ لە نەگەیشتنی گەنجان بۆ پەرلەمان "چونکە کاندیدە گەنجەکانیان لە ڕیزبەندی دواوە دانابوو".**

**ڕووداو-سلێمانی**

**ڕووداو: چۆن دەڕوانییە نەبوونی گەنج لەخولی تازەی پەرلەماندا؟**

**سەرتیپ:** نەبوونی گەنجان لە پەرلەماندا وا دەکات گەنج ساردبێتەوە لە بەشداریکردنی هەڵبژاردنی داهاتوو.

**ڕووداو: چی وایکرد ڕێژەی گەنج لە پەرلەمان کەم بێت؟**

**سەرتیپ:** لیستەکان گەنجانیان خستبووە نێو لیستی پاڵێوراوانیان، بەڵام خستبوویانە کۆتایی ڕیزبەندییەکە.

**ڕووداو: چ بکرێت بۆ ئەوەی گەنجان بگەنە پەرلەمان**

**سەرتیپ:** پێویستە لە هەڵبژاردنی داهاتوو گەنجان لە ڕیزبەندی پێشەوەی کاندیدەکان بن، یان هەڵبژاردن بە لیستی کراوە بێ.



### موسڵ بە پشتیوانی عەشایر ئارام دەبێ

**ڕووداو- هەولێر**

**ئەژدەر بچکۆل، 23 ساڵ و قوتابی ئامادەییە لەهەولێر.**

**ڕووداو: هۆی چییە تەقینەوەکان لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵ زیاد دەبن؟**

**ئەژدەر:** بەڕای من لیستی حەدبا و پاشماوەکانی بەعس لەپشتەوەی ئەو تەقینەوانەن، چونکە کۆنە بەعسییەکان لە دەوری حەدبا کۆبوونەتەوە.

**ڕووداو: بۆ گەڕانەوەی ئارامی بۆ ئەو ناوچانە چ پێویستە؟**

**ئەژدەر:** پێویستە کورد لە پەرلەمانی عێراق دەنگ بەرزبکەنەوەو سنوورێک بۆ لیستی حەدبا دابنێن.

**ڕووداو: ئەی بەڕای تۆ چ بکرێ بۆ ئەو ناوچانە؟**

**ئەژدەر:** خزمەتگوزاری زیاتریان پێشکێش بکرێ. هەوڵبدرێ پاڵپشتی عەشایری ئەو ناوچانە بەدەستبهێنرێ.

# گۆران و شەراب

## کورتە وەڵامێک بۆ (شەراب و شیوعی)

دوای ئەوەی لە ژمارە71ی (ڕووداو)دا گۆران محەممەد (گۆرانێک) وەک پیشەی دەمی لە چەند لیستێک ناو شیکردنەوەی مێژوویی و ئایندەیی بۆ کردن، وەڵامێکی ئەخلاقیانە و ڕۆژنامەنووسیانەم بۆ نارد، بەڵام بێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی ڕۆژنامەوانی کە دەبێ وەڵام لەهەمان لاپەرە و شوێندا بێت، ڕووداو وەڵامەکەی منی لە دوا لاپەڕەی ژمارە 72دا تێهەڵکێشی بابەتێکی خۆیان کردبوو بەناوی (گۆران محەممەد قوڕ میشکراوە) وەک بڵێی شیعرم بۆ نووسیبن و چەند دێڕێکی وەڵامەکانیانم هەر بەهەوەس لەبابەتەکەی خۆیان دووبارە کردبووەوە، ئاخر زانیومە لە زانستی ڕەوانبێژی (تێهەڵکێش)هەیە و ئەو شتەی کە وەردەگیرێ بۆ جوانکردن و بەهێزکردن و ڕازاوەکردنی بابەتەکە بەکاردێ، بەڵام نەم زانیوە لەڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەدا (تێهەڵکێش)هەبێت.

بەهەرحاڵ دیارە گۆران بە وشەی (قورمیش) زۆر قەڵس بووە، بۆیە لە ژمارە 73دا زۆر بەعاقڵی لەگۆشەکەی خۆیدا هەردوو دەستی لەژێر چەناگەی داناوە و دانیشتوە و بەمەراقێکی زۆرەوە (شەراب و شیوعی) دەنووسێتەوە، پێش وەختە (ڕووداو) چۆن ڕێگەدەدات ئەم برادەرە خۆی لە هەموو شتێک هەڵقورتێنێت؟ نووسەر بەم عەقڵە پێدەچێت هەموو شتێک بێت، پێشدەچێت هیچ شتێک نەبێت! ئەمەش تەحلیلی دەوێت، ئەوەش تەحلیلی دەوێت بۆچی گۆران لە (شەراب و شیوعی) دا وشەی (شەراب)ی ئیختیار کرد، پێدەچێت جۆری شەڕاب باش بناسێت و شەڕابناس بێت بەتایبەت شەرابی کۆن و بەسەر چوو، چونکە ئەو نازی شەرابی کۆنمان بەسەردا دەکات. ئەم برادەرە حیزبی شیوعی بە "شتێک" ناودەبات، جا برادەر ئەگەر بەم زەڕەبینەی چاوت حیزبی شیوعیت لێ بووەتە "شتێک" و نایبینی، زۆری تێناچێت دەکرێ زەڕەبینی زلتر بکەیتە چاوت تاباشتر ببینی، برادەر پێدەچێت بارەگاکەی نزیک شێراتۆن (شیراتۆن) تەبیعەت و ماعیدەی تێکدا بیت. ئەوەش شتێکی وای تێناچێت، کوڕە بەبەر دەمیدا هاتوو چۆمەکە، یان هەرگەیشتیتە بەردەم ئاڵا سوورەکە چاوت بنوقێنە، ئینجا ڕەحەت بارۆ، شەرەفی ئەوەشم پێ بڕا کە بێ جورئەت باسم کردیت، بەڵام ئەوەتا لەشەرمانە، لەترسانە، ناوی پارتی و یەکێتیت هێناو کردتن بەئەختەبووت، هەر باشە نەتکردن بەجانەوەری دیکە، ئەمەش جورئەتی دەوێت، بەڵام ئەم جارە نەتوێراوە ناوێکی دیکە بهێنی، کاکە پێویستی بەم هەموو وشە ڕێزکردنە نەدەکرد و ڕیشی پان و شەڕواڵ کورت و عەقل کوڵ، ئێ دە گوتبات ئیسلامی، فلانە حیزبی ئیسلامی بۆ بەم غەزەل و مەجازە بەناو کەوتی، ئەمڕۆ بە حیزبی شیوعییەوە گرتووتە، هێشتا بەری نەداوی بەوانیشت گرت،ئەگەر ئەمان وەڵامێکیان بۆ ناردی دوورنییە ئەم جارە (عارەق و ئیسلامی)لەجیاتی (شەراب وشیوعی)بنووسی. ئەو گلەییە لەدەستەی نووسەرانی (ڕووداو) دەکەم. نابێ ڕێگە بدەن بەم برادەرە سەرگەرمە جنێو و پەلامار ببەشێتەوە،کەم ژمارە هەیە،کەسێک و لایەنێک لەم برادەرە بەدەنگ نێت بۆ؟ چونکە ڕۆژنامەنووسێکی بەدەیقەتەو کەشفی ئەسرار دەکات؟! نەخێر ئەوە خوێنەران و خەڵک با وەڵام بدەنەوە چی و چۆن دەنووسێت و کەشفی چی دەکات.

دواجار هیوادارم، (ڕووداو) چۆن ماف بە (گۆران) دەدات هەموو شتێک بڵێت، دەبێ ماف بەمنیش بدات کە هەندێک شتم وتووە، ڕەچاوی بنەماکانی کاری ڕۆژنامەنووسی بکات.

**محەممەد چۆمانی**


گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com
شەراب و شیوعی
شتێک لە خوار نێوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە خەبات دەکەن، کەچی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا تاقە

## 400 فەرمانبەر لە وەزارەتی پەروەردە دەگوازرێنەوە

# فەرمانبەران لە گواستنەوەی بە زۆر ناڕازین

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی میلاکی وەزارەتی پەروەردە، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەبێ ئاگاداری پێشوەخت بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەی زیاتر لە 400 فەرمانبەری ئەو وەزارەتە بۆ سەر میلاکی چەند وەزارەتێکی دیکە دراوە، ئەمەش ناڕەزایی لەنێو ئەو فەرمانبەرانەی لێکەتووتەوە و بەشێکیان سوورن لەسەر گەڕانەوەیان، بەرپرسانی وەزارەتیش ئاماژە بەوە دەکەن، وەزارەت پێویستی بەڕاژی ئەو فەرمانبەرانە نییە و "گەڕانەوەشیان مەحاڵە".

لەیلا، 32 ساڵ، یەکێکە لە فەرمانبەرە گواستراوەکان، بەچاوی پڕ فرمێسکەوە لە بەردەم وەزارەتی پەروەردە وەستابوو، نامەی بەرپرسێکی باڵای یەکێک لە حیزبەکانی بەدەستەوە بوو، دەیگوت"بەهەر شێوەیەک بێ، دەبێ بمگەڕێنەوە شوێنی خۆم". ئەو ئافرەتە هەرچەندە ئامادەنەبوو ناوی تەواوی خۆی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا بکات، بەڵام هۆکاری سووربوونی خۆی لەسەر گەڕانەوەی نیشانداو گوتی "7 ساڵە وەک نووسەر لەقوتابخانەیەک هەفتانە دوو ڕۆژ دەوامم دەکرد، بۆیە هەرگیز



**خەڵکی وا کراوەتە پاسەوان نابینایە، یان کراوەتە بەردەست دەستی نییە**
بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی پەروەردە

ناتوانم ئەو شوێنەی خۆم بەشوێنێکی دیکە بگۆڕمەوە، کە هەموو ڕۆژێک تا کاژێر 3 دەوامی هەیە". بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە، نزیکەی 4700 تا 5000 نووسەر و پاسەوان و خزمەتگوزار لە هەرسێ پارێزگای کوردستان لەسەر میلاکی وەزارەتی پەرەوەدە زیادن و وەزارەت پێویستی بە ڕاژەیان نییە.

لوتفی سدیق، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی پەروەردە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە 5 مانگ بەر لە ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەتەکان ڕێکخست بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەنێوان یەکتر بکەن بۆ گواستنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی لە وەزارەتەکەیان زیادن، هەروەها گوتیشی"تائێستا بەدوو لیستی جیاواز نزیکەی 400 فەرمانبەرمان گواستووەتەوەو، بەنیازین لە ئایندەدا، ڕاژەی سەرجەم فەرمانبەرە زیادەکانی دیکەش بگوازینەوە"، ئەو بەڕێوەبەرە گوتیشی "هەر فەرمانبەرێک بڕیاری گواستنەوەی درا، گەڕانەوەی مەحاڵە".

بەشێک لە فەرمانبەرە گواستراوەکان، دڵگرانیان لەوە دەست پێدەکات کە وەزارەتی پەروەردە ئەوان دەگوازێتەوە بۆ وەزارتێک کە لەوانەیە لەگەڵ کابینەی تازەی حکومەت ئەو وەزارەتانە هەڵبوەشێتەوە. چونکە بەپێی بەرنامەی لیستی کوردستانی دەبێ کابینەی شەشەمی حکومەت بۆ 22 وەزارەت بچووکبکرێتەوە.

پەرێز عومەر، یەکێکی دیکەیە لە فەرمانبەرە گواستراوەکان و دەڵێ "وەزارەتی پەرەوەدە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەختە، بە قسەی هەندێک بەڕێوەبەر ئێمەیان گواستووەتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە ژنی لێپرسراو و کاربەدەستان، هەر دەوامیش ناکەن و بەس بەناو نووسەرن (کاتب) لە قوتابخانەکان و نایانگوازنەوە"، هەروەها گوتیشی "ئێمەیان گواستووەتەوە وەزارەتێک کە کەس نازانێت پاش دوو مانگی دیکە لەگەڵ ڕاگەیاندنی کابینەی نوێ چارەنووسی چی دەبێت".

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە، سەرسوڕمانی خۆی لە ناڕەزایی ئەو فەرمانبەرانە دەربڕی و گوتی"من نازانم ناڕەزایی ئەوان لە چییە کاتێک بە هەمان مووچەو پلەیان لە وەزارەتەکانی دیکە دادەنرێن و لەکاتی کەمکردنەوەی وەزارەتەکانیش، شوێنیان بۆ دابین بکرێت، بەپێی شوێنی جوگرافییان بۆ نزیکترین شوێن گواسترابنەوە". ئەو ئاماژەی بەوەشدا "لە هەندی قوتابخانە، ژمارەی خزمەتگوزار و پاسەوان و نووسەرەکان لە ژمارەی مامۆستایان زیاترە، قوتابخانە هەیە 20 پاسەوان یان 18 نووسەری هەیە، بۆیە بەهۆی زۆریان لەجیاتی کارئاسانی بوونەتە بارگرانی بەسەر قوتابخانەکانەوە". ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە دەڵێ ئەوان ئاگادارن لەهەندێ قوتابخانە سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان دەوام ناکەن " ئەگەر دەوامیش بکەن هەر نووسەرێک 2-3 منداڵ لەگەڵ خۆی دێنێتە قوتابخانە، بۆیە کارگێڕی بەشێک لە قوتابخانەکان بووەتە باخچەی ساوایان".

بە بڕوای لوتفی، سیاسەتی ڕازیکردن کە حکومەت و حیزب پەیڕەوی دەکرد لە چەند ساڵی ڕابردوودا هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی خەڵکێکی ناشیاوبوو " لە چەند ساڵی ڕابردوو خەڵک بەلێشاو دامەزرێندراون، لیستەکان لای فلان و فلان بەرپرس بەرزکراونەتەوە، تەنانەت خەڵکی وا کراوەتە پاسەوان نابینایە یان کراوەتە بەردەست دەستی نییە. ئەمەش مانای ئەوە دەدات، ئەو کەسانە بە واستە دامەزراون لەکاتی وەرگیران چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نەکراوە، دەنا وەرنەدەگیران"، هەروەها گوتیشی "ئەو کەسانەی ناڕازین، لەگواستنەوەیان هەر لە بنەڕەتدا نایانەوێت دەوام بکەن، ئەوان تەنیا بۆ مووچە وەرگرتن دامەزراون".





# هەمەجۆر

## شڤان سوپاسی ئەردۆغان دەکات

**رووداو-ANF**

**هونەرمەندی ناسراوی کورد شڤان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسی نووچەی فورات، سوپاسی رەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیای کرد کە لەم رۆژانەدا لە وتارێکدا باسی گۆرانی هەڵەبجەی شڤانی کردبوو کە دڵی هەموو مرۆڤێک دەهەژێنێ. شڤان لەمبارەیەوە گوتی " من قسەکانی ئەردۆغانم بە دڵ بوو و بە بەرزی دەینرخێنم ".**

# دەشنێ دەیەوێ دڵی گەنجان خۆشبکات



**رووداو- هەولێر**

کچە پێشکەشکارو گۆرانیبێژ دەشنێ موراد بە (رووداو)ی راگەیاند کە لەدوای تۆمارکردنی گۆرانی Happy Birthday لەگەڵ گۆرانبێژ میرە، ئێستا لەکوردستان لەگەڵ ستافێکی هونەری سەرقاڵی وێنەگرتنی ئەو گۆرانییەن کە بە شێوازێکی نوێ کلیپ دەکرێ. هەروەها لەلایەن نووسینگەی راوێژکاری هونەری حکومەتی کوردستانەوە بۆ یەکەمجار خەڵاتی باشترین پێکشەشکارو بێژەری تیڤی ساڵی 2009ی پێبەخشرا.

تێکستی گۆرانی Happy Birthday لەلایەن دەریاز یونس و ئاوازەکەی لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە دانراون، دەشنێ لەبارەی کلیپی گۆرانییەکە بۆ (رووداو) گوتی "ئەو کلیپە شتی لەناکاوی تێدایە کە لەکلیپی کوردیدا نییە". ئاماژەی بەوەشکرد ئەو کلیپە دڵی سەرجەم گەنجان و منداڵان شاد دەکات و دەتوانن لەجەژنی لەدایکبوونیان سوودی لێوەرگرن. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە لەسەر ئاستی کوردستان و بۆ یەکەمجار خەڵاتی باشترین پێکشەشکارو بێژەری تیڤی ساڵی 2009ی لەلایەن نووسینگەی راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە پێبەخشراوە "ئەو خەڵاتەش وام لێدەکات کە لەکاری بێژەری و پێشکەشکاری بەردەوام بم".

هەڵکەوت زاهیر لەبارەی بەخشینی ئەوخەڵاتە بەدەشنێ موراد بە (رووداو)ی راگەیاند "دەشنێ یەکێکە لە بێژەرە سەرکەوتوو باشەکان کە بەشێوازێکی نوێ کاری پێشکەشکاری و بێژەری دەکات و کەسێکی بەجورئەتە".

# سەعیدیان پرۆژەی (سێوی مێخەکرێژ) دەکاتە جەژنێکی نەتەوەیی



**رووداو – هەولێر**

سەیوان سەعیدیان رایگەیاند لەپێناو بەنەتەوەییکردنی پرۆژەی (سێوی میخەکرێژ) کە تایبەتە بە رۆژی عاشقان (ڤالانتاین)، بەنیازە بۆ ساڵی داهاتوو بە هاوکاری سەرمایەداران پرۆژەکە لەیەک کاتدا لە 40 شارو شارۆچکەی کوردستان بەرێوەببات.

سەعیدیان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی لە رۆژی ڤالانتاینی ساڵی داهاتوودا 2010/2/14 پرۆژەیەکی هونەری ئەنجامدەدات کە پێکدێت لە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی و کورتە فیلمێکی هونەری کە تایبەتە بە خۆشەویستی و سێوی مێخەکرێژ، هەروەها گوتی "دروستکردنی سێوی مێخەکرێژ لەلایەن کوڕ و کچانی ئەڤیندار لە هەر شار و شارۆچکەیەکدا بەرێوەدەچێت و هەوڵێکە بۆ بەشداربوونی سەرمایەدارانی کورد لە پرۆژە و بواری فەرهەنگ و هونەری کوردی دا"، سەعیدیان گوتیشی " بڕیاروایە لەهەمان رۆژدا ئەو پرۆژەیە بە سپۆنسەری سەرمایەدار یان کۆمپانیایەک لە نزیکەی 40 شار و شارۆچکەی کوردستان لە یەک کاتدا بەرێوەبچێت بە پارێزگای موسڵ و، لە باشیک و سموودیش".

(سێوی مێخەکرێژ) یەکێکە لە پرۆژە بەرفراوانەکانی سەیوان سەعیدیان کە ماوەی چوار ساڵە لە رۆژی ڤالانتاین بۆ عاشقان بەرێوەی دەبات. ساڵی 2008یش لەهەر چوار شارە گەورەکەی باشووری کوردستاندا لەیەک کاتدا بەرێوەچوو.

سەعیدیان رایدەگەیێنێ کە هەر سەرمایەدارێک یان کۆمپانیایەک بیەوێ وەک سپۆنسەر بەشداری لەو پرۆژەیەدا بکات، با پەیوەندی بەو ژمارە تەلەفۆن و ئیمێلانەوە بکات:

05704337772

07501418398

Seywan_s@yahoo.com

Seywan_s@hotmail.com

# ماهیر لەهیچ ناترسێ



**موحسین یاسین**

**رووداو- سلێمانی**

درامای نامەکانی ئەشرەف یەکێکە لەو زنجیرە درامایانەی لەلایەن کۆمپانیای کەرتی تایبەتەوە بەرهەم دەهێنرێت و لەنووسینی عەزیز نەسین و دەرهێنانی لوقمان غەریبە، ژمارەیەک ئەکتەری بەتوانا رۆڵی تێدا دەبینن و ئەکتەر ماهیر حەسەن رۆڵی سەرەکی لەو درامایە دەبینێ و دەبێتە ئەشرەف.

ماهیر لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) باسی رۆڵبینینی لەو درامایە کردو گوتی "من رۆڵی ئەشرەف دەبینم، کە تەنها بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە و ئیستغلالی ساویلکەیی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکات کە لەوێ دەمێنێتەوە". لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا ماهیر دەڵێ "لەکاری دراما من لەهیچ شتێک ناترسێم، چونکە پشت ئەستوورم بەوەی کە دەتوانم، کاتێک دەرهێنەر رۆڵم پێدەبەخشێت، هەوڵدەدەم هەموو هەقی خۆی بدەمێ".

ماهیر کە هەمیشە دەم بەپێکەنینە دەڵێ" ئەو پێکەنینەی هەمە دروستکراو نییەو سروشتییە" گوتیشی "ئەوەی لووت بەرز بێت هاوڕێیەتی ناکەم، چونکە دەبێ هونەرمەند کەسێکی رووخۆش بێت". وەکو خۆی باسیکرد لە منداڵی هەمیشە بە "قسە خۆشی گەڕەک یان رەئیس" ناویان هێناوە.

# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بە کارەکانتان بدەن پێویستە لەهەموو هەنگاوێک لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە، هەرچەندە کارەکان بە ئاقارێکی قورسدا تێدەپەڕن، بەڵام هەندێک لە زیانەکانی ئێستا قازانجی داهاتوون.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

بڕوای تەواو مەخەنە سەر هیچ کەسێک، هێمنی خۆتان بپارێزن لە هەموو کاتەکان، کاتێک کارێک دەکەن هەوڵبدەن بە وردی هەموو لایەنەکانی لێک بدەنەوە ئەوسا دوایین بڕیاری لەسەر بدەن.

### گا
Apr 20-May 20

ئەم ماوەیە بەهەموو شێوەیەک بڕوا بەتوانای خۆتان بکەن، بەهیچ شێوەیەک پشت بە بەخت مەبەستن، دڵنیابن گۆڕانکارییەکانی داهاتوو باش دەبن بەو مەرجەی لە ئێستاوە ئامادەکاری باشیان بۆ بکەن.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

کارەکان بەو ئاسانییە بەرێوە ناچن، پێویستیتان بە بیرکردنەوە و ئامادەکاری زیاتر هەیە، لایەنی سۆزداری لە جاران باشتر دەبێت بەمەرجێک خوێندنەوە بۆ ناخی بەرامبەرەکانتان بکەن.

### جمک
May 21-Jun 21

هەموو شتێک بە کات دەگۆڕێت، ئێستا کاتی کارکردنی زیاتر و خۆ دروستکردنە لەڕووی داراییەوە، هەوڵبدەن ئەو کارانە دوا بخەنەوە کە ئەنجامدانیان زۆر سەختە، ئەم هەفتەیە، هەفتەیەکی گونجاوە بۆتان لەم مانگەدا.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

پێویست دەبێ هاوسەنگی لەنێوان دەسکەوت و دەرامەتدا رابگرن، چونکە خەرجییەکانتان لە دەسکەوت زیاتر دەبن، ئازیزانتان پێویستیان بە هاوکاری ئێوە دەبێت.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

لەگەڵ ئەوەی ڤینۆس هاوکارتانە،بەڵام پێویستە زۆر بە ژیری و هێمنی هەنگاوبنێن، رەنگە نەتوانن کاری کردەیی ئەنجامبدەن، بەڵام پێویستیتان بە ئامادەکاری زیاتر هەیە.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

هەنگاوێک بەرەو پێش دەچن بۆ نزیک بوونەوە لە ئاواتەکانتان، لە کارکردن بەهێز دەبن و هەوڵی تەواو دەدەن، بەڵام هێشتا هەندێک کاری لاوەکی ماوە دەبنە تەواوکەری سەرکەوتنەکەتان.

### شێر
Jul 23-Aug 22

هەوڵێکی زۆرتان لە بواری دەرامەت داوە، ئەوەی تائێستا بەدەست هاتووە ئەنجامێکی باشە، هەرچەندە خۆتان لێی رازی نین، بێزارمەبن و بڕیاری بەپەلە مەدەن، گۆڕانەکانی داهاتوو سوودی دارایی بە ئێوە دەگەیێنن .

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

لەم هەفتەیەدا هەوڵەکانتان بەگەڕ دەخەن بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکییەک کە کەسایەتیتانی تێدا دەربکەوێت، کاتێکی باشە بۆ دەسپێکردنی خوێندن یان خوێندنەوەی نوێ.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

بەهۆی جوڵەی خێرای (زحل) لە بورجەکەتان هەست بە دڵنیایی ناکەن لە هیچ یەکێک لەکارەکانتان، رەنگە بێزارییەکان روو لە زیاد بوون بکەن، ئەمەش مژدەبەخشە بۆ باشبوون لە داهاتوو.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

هێمنی خۆتان بپارێزن لەو کاتانەی کەسانێک دەخوازن گرفتان بۆ دروست بکەن یان رووبەڕووتان ببنەوە، پێوستە هێمنی خۆتان لە ماڵ دا بپارێزن، یەکێک لە ئەندامانی خێزان پێویستی بە چارەسەری پزیشکی دەبێت.

### بەگشتی :

#### خێرابوونی زوحەل گۆڕان دروستدەکات

- ئەگەر بەشێوەیەکی ورد لە رووخسار و ناخی خەڵکانی بەرامبەرمان بڕوانین یەکسەر سەرنج دەدەین کەسەکان ماندوون، هەریەک چەند هەوڵێکی زۆریان داوە، بەڵام زۆربەیان نشوستیان هێناوە، هەندێک هیواو ئاواتیان زۆرە، هەندێکیش بێزار بوون لە ژیان، هەموو شتێک لە کاتەوە بۆ کات دەگۆڕێت. ئێمە ئێستا لەبەردەم گەورەترین گۆڕانکاریدابن ئەویش جوڵەی خێرای هەسارەی (زوحەل)ە، ئەمە لەم ماوەیەدا تا سەرەتای ساڵی نوێ 2010 بە کاتی گۆڕانکاری دادەنرێت، بۆ هەرکەسێک لایەنێکی ژیانی تایبەتی دەوەستێنێت، بەڵام ژیانی خەڵک وەک زنجیرەیەکە لایەنەکانی پێکەوە گرێدراون، واتە بێ سۆز و کارکردن و دەسکەوتی دارایی نابێ، ئەم ماوەیە زۆر لە هەنگاوەکانمان دەوەستن، زیاتر لە جاران بێزار دەبین بۆیە دەبێ زۆر ئاگاداربین بەهۆی ئەو حاڵەتە دەست لە کارەکان نەکێشینەوە یان بڕیاری بەپەلە نەدەین.

# 140کەس خەریکی دۆزینەوەی ئاواتێکی ونبوون




**رووداو- سلێمانی**

وێنەکانی زنجیرە درامای ئاواتێکی ونبوو ئێستا لە قۆناخی کۆتاییدایەو لەمانگی رەمەزاندا لەیەکێک لە کەناڵەکانی کوردستان پەخش دەکرێ.

شوان جەزا، بەڕێوەبەری بەرهەمی (ئاواتێکی ونبوو) بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو زنجیرە درامایە کۆمەڵایەتی سیاسی و ئەکشنە، کە لە 12 ئەلقە پێکهاتووەو ماوەی هەر ئەلقەیەک 40 خولەکە. دیمەکانی دراماکە لەنێو شارەکانی هەولێر و سلێمانی وێنەی گیراوەو لەلایەن کاروان ئاوات دەرهێنراوە. شوان ئاماژەی بەوەشکرد 120 ئەکتەر بەشداری ئەو درامایەیان کردووە کە 40 ئەکتەری سەرەکین. دراماکە بەرهەمی کۆمپانیای شوانە بۆ کاری سینەماو دراما.

# نهێنییەکانی مزگەوتی گەورەی سلێمانی ئاشکرا دەکرێن



**رووداو- سلێمانی**

لەنوێترین بەرهەمدا، ئەنستیتیۆتی کەلەپووری کوردی نهێنییەکانی مزگەوتی گەورەی سلێمانی ئاشکرا دەکات کە تائێستا زۆرینەی خەڵکی سلێمانی ئاگاداری نین.

نوێترین بەرهەمی ئەنستیتیۆتی کەلەپووری کوردی فیلمێکی دیکۆمێنتارییە بەنێوی (مزگەوتی گەورەی سلێمانی) بڵاوکرایەوە کە لەلایەن کامێرامانان هیوا رۆستەمی و نەبەز شێخانی وێنەی گیراوە، نزار بەکر مۆنتاژی کردووە و موزیکەکەشی لەلایەن گۆڤەند عەبدوڵڵا تۆمارکراوەو نەبەز شێخانی دەرهێنانەکەی کردووە. ئەم فیلمە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەستنیشانکردووە و چەند لایەنێکی سەرەکی مزگەوتەکەی دەرخستووە کە تائێستا زۆرینەی خەڵکی سلێمانی ئاگاداری نین.

# دارستان و یاساکەی باسی کوردستان دەکات

**رووداو- سلێمانی**

تیپی هونەری رەنگاڵە ئێستا سەرقاڵی پرۆڤە کردنی نوێترین بەرهەمی خۆیەتی کە شانۆگەرییەکە بەنێوی (دارستان و یاساکەی).

ئەحمەد رەئوف، ئەندامی تیپی هونەری رەنگاڵەو دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو شانۆگەرییە بەرهەمی تیپەکەیانەو دەقەکەی لەلایەن نووسەرێکی سورییەوە نووسراوەو، لەلایەن د.شێرکۆ عەبدوڵڵاوە کراوەتە کوردی. ژمارەیەکی زۆر ئەکتەری کورد رۆڵی تێدا دەبینن لەوانە ماهیر حەسەن، ئەحمەد جۆڵا.

دەرهێنەر ئەحمەد رەئوف ئاماژەی بەوەکرد شانۆگەرییەکە باس لە شەڕی نێوان کۆمەڵگەو حیزبی دەسەڵاتدار دەکات و بەنیازن لەیەکەم رۆژی جەژنی رەمەزاندا نمایشی بکەن.

# هەڤاڵ و سەیفوڵڵا دەڵێن یا ئەڵڵا



**نەوزاد چارلس**

**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ هەڤاڵ ئیبراهیم بە (رووداو)ی راگەیاند کە گۆرانییەکی بەنێوی (الله) بەهاوبەشی لەگەڵ گۆرانبێژی کوردی باکووری کوردستان سەیفوڵڵا بۆ مانگی رەمەزان گوتووەو لەدیاربەکر کلیپیان کردووەو بڕیارە لەو مانگەدا بڵاوی بکەنەوە. ئەو گۆرانییە ئایینیە لە هۆنراوەی (فەقێ تەیران)ەو ئاوازەکەشی هی سەیفوڵڵایە و لە تورکیا تۆمار کراوە.

# شەش بە شەش



**رووداو- عەسرنو**

دوای پشکنینی ژنێکی دووگیان لەتونس لەلایەن پزیشکەکانەوە، دەرکەوت ئەو ژنە 12 کۆرپە لە سکیدایەو لەئایندەیەکی نزیکدا 12 کۆرپەی دەبێت کە 6یان کچ و 6یان کوڕن و تەندروستیشیان زۆرباشە.

لەیەکەم دیاردەی لەو شێوەیە لەوڵاتدا ژنێکی تونسی دووگیانەو پاش ئەنجامدانی پشکنین لەلایەن پزیشکەکانەوە بۆی دەرکەوتووە، بەیەکجار 12 کۆرپەلە لەسکیدا دروستبووە و ئەو پزیشکانە رایانگەیاندووە، دەبێ لەژێر چاودێریی بەردەوامدا بێت. ئەو ژنە دووگیانە بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی ئەو رۆژەیە کە منداڵەکانی دەبن و حەزدەکات بەچاوی خۆی ئەو منداڵانەی ببینێت و لە ئامێزیان بگرێت. منداڵەکان شەشیان کوڕن و شەشیان کچن.



ڕامیار مەحمود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

# گواستنەوەی غەززە بۆ کوردستان

## ئەوە چییە ڕوودەدات

یەکێک لە مەسەلە پڕ گرفتەکانی ئەم دواییە کە نێوەندی ڕووناکبیری کوردی بە خۆیەوە سەرقاڵکرد هەڵبژاردنی پەرلەمان بوو، بە دیاریکراویش گرووپی گۆڕان. سروشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆجی ئەم گرووپە چییە؟ ئەوە یەکێکە لە پرسیارە گرنگە فەرامۆشکراوەکان بە بیانووی ئەوەی لەو ململانێیەدا گرنگە نییە شوناسی ئەم هێزە چییە؟ گرنگە ئەوەیە بچیتە ناو ململانێکەوە. ئەوەی زیاتریش مەسەلەکەی گرفتاوی کرد بریتیبوو لە بارگاویکردنی ئەم گرووپە بە مانای فکری لە ڕێگەی ڕووکەشکردنی ڕووناکبیرییەوە، ئامادەکردن و ڕازاندنەوەی بۆ نوێنەرایەتیکردنی تووڕەیی خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنی. لە ڕێگەی گوتاری ویژدانییەوە بەر لە عەقڵ و بەکارهێنان و شێوازی تەشەنەکردنی بۆ ناو زۆربەی کەرتە کۆمەڵایەتییەکان کە زیاتر لە مۆدێلی فاشیزمی نوێی ڕاستڕەوانەوە نزیکە. داواکردنی هەندێک لە ڕۆشنبیران بۆ ئەوەی خەڵک پشتیوانی لەم بزوتنەوەیە بکات، ئەوەیان بە ئەرکی ئەخلاقی و ویژدانی دانا لە کاتێکدا هیچ مانایەکی ئەخلاقی گەورە لە پشت ئەم بزووتنەوەوە نییە. ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە خۆی لە پێناویدا مانیڤێست کردووە تەنها بریتییە لە مەسەلەی موڵکایەتیکردن لە نێو یەکێتیدا، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی کتوپڕ ڕازێنراوەتەوە لەلایەن میدیاوەو جۆرێک لە ڕووناکبیر پێشرەوایەتی ڕزاندنەوەی ئەم بزووتنەوەیە دەکەن کە عەقڵی خۆیان خستووەتە سەروو گومانەوە. ئەوە چی بوو ڕوویدا؟ ئەوەی ڕوویدا لەڕووی ڕووناکبیرییەوە هیچ نەبوو جگە لە دژایەتیکردن و هەڵگەڕانەوەیەکی گەورە لە فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانت) لە ڕێگەی فرۆشتنەوەی مەکیافیلیزم بە نرخی ڕەوشتناسی کانتیانە و لە ڕێگەی دانانی سۆزو ویژدانخوازی کە فاشیزم دیلی لە گەڵ دەکات لەبری عەقڵ. لە ڕێگەی لابردنی عەقڵی ئازاد و جێگا گرتنەوەی بە کۆنترۆلکردنی عەقڵ.

ئەو پرۆژەیەی کە ئەوان پێی دەڵێن پرۆژەیەکی کانتیانە و فۆکۆیانەیە ڕێک پێچەوانەکەی دروستە، چونکە چەمکی واقعی هاوچەرخییان هاوشێوەو هاومانا کرد بە چەمکی ساتەوەختی هەنووکەیی. لە بری عەقلی ئازاد هاتن دەستیانکرد بە ئاراستەکردن و کۆنترۆلکردنی عەقڵ و بەکارهێنانی میدیا بۆ ئاراستەکردن و جڵەوگیری بیرکردنەوەی خەڵک بۆ ڕاستییەکی سیاسی پڕ کێشە و دانانی نابیرکردنەوە لە جێگەکەیدا. ڕۆشنگەری بۆ کانت عەقلی ئازادە نەک جڵەوکردنی عەقڵ. سەبارەت بەوەی ڕوویدا چی بوو؟ باشتروایە بپرسین ئەوە چییە دەشێت ڕووبدا؟. لە ڕاستیدا ئەوەی ڕوودەدات بریتییە لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی غەزە و دابڕاندنی بەشێک لە باشووری کوردستانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی لە کۆی پرۆسێسی سیاسی هەرێمی کوردستان بە یەک جیاوزاییەوە کە عێراق ڕۆڵی سوریا دەبینێت نەک ئیسرائیل بۆ باڵی گۆڕان. چونکە ئەگەر نائومێدبن لە دەستبەسەرداگرتنەوەی یەکێتی هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی سلێمانی و گەرمیان دەدەن، لەڕووەوە یەکێتی وەک حیزب و ناچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی وەک دوو ڕووی یەک دراو ساخ دەکەنەوە. هەڵبەت من هیوادارم لە لێکدانەوەکەمدا بە هەڵەدا چووبم، چونکە ئەوەی ئەم گرووپە دەیڵێت و شێوازی جوڵانەوەکەشیان تەنها ئەوەمان پێدەڵێ کە کۆمەڵێک لە هاوشێوەکانی خالد مەشعەل سەرقاڵی تاقیکردنەوەی گواستنەوەی نموونەی غەززەن بۆ هەرێمی کوردستان، بە دەموچاوی جیاوازو دروشمی جیاوازەوە.



ئاکۆ محەممەد
akopress74@yahoo.com

# بە نایاسایی ئێمەیان بردە دادگا

دوو مانگ پێشتر بنکەی پۆلیسی تەیراوە بە تەلەفۆنێکی هاوکاری ڕۆژنامەنووس نەبەز گۆران، کە میوانێکی بەردەوامی بنکەکانی پۆلیسە، ئاگاداری کردنیەوە بۆ ئامادەبوون و، ئەز و نورەدین وەیسی خاوەنی ئیمتیازی (ڕووداو) چووینە بنکەی پۆلیسی تەیراوە. ئەوجار تەنیا ناسنامە و ژمارە تەلەفۆنی ئێمەیان وەرگرت، بەڵام ڕۆژی 2009/8/10 پۆلیسێکی ئاگادار کەرەوە بەنێوی (شکور عەزین) لە بنکەی تەیراوە دوو (پسوولەی ئاگادار کردنەوە)ی بۆ ئێمەی تۆمەتبار هێنا کە لە 2009/8/4 دەرچووبوون، واتە 6 ڕۆژ لە هێنانی ئاگادارکردنەوەکە دواکەوتبوو.

ئێمە ڕۆژی دواتر 2009/8/11 چووینە بنکەی پۆلیسی تەیراوە. لەوێ ئەفسەرێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردین، وەک خویەکی مرۆڤ کە هەندێجار پێیەکی دەخاتە سەر پێیەکەی دیکە، لەبەر درێژی باڵاکەم و نزمی کورسییە شرەکانی بنکەکە منیش وامکردبوو، ئەفسەرەکە گوتی: پێت بێنە خوارەوە. پێمگوت سەرچاو. دوایێ لێمپرسی بۆچی وانابێ، خۆ سەرکردەکان لەدیداری ڕەسمیدا لای یەکتر پێ دەخەنە سەرپێ، یان ئەوەتا هەر لەبەر ئەوە نابێ چونکە لە کوردەواریدا جوان نییە، گوتی: ئێستا تۆ تۆمەتباری نابێ ڕێی ئەوەت پێبدەم تەنانەت لەسەر کورسیش دانیشی. قسەکانی ئەو ئەفسەرەم پێ ئاسایی بوو، چونکە جارێکیتر لە مانگی 8ی 2005 کە لەگەڵ موسا ئەحمەد، بەرپرسی ئەوکاتی (پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان) لەسەر ڕاپرسییەک گیراین، دادوەر لێنەگەڕا موسا دابنیشێ، هەروەها جارێکیتر کە لەبەر ساکاڵایەکی مەلایەکی پەرلەمانتار لە 2008دا چوومە دادگا، کە دادوەر لە پێوە چەماوە سەرمێزەکەی بۆ واژۆکردنی نووسراوێک، منیش چەمامەوە یەکسەر پێیگوتم جوان ڕاوەستە.

دیمەنە نایاساییەکان لە ژووری لێکۆڵەرەوەی دادی (محقق عدلی)ەوە دەستیان پێکرد. پۆلیسێک هەردوو فایلەکەی بردینە ژووری لێکۆڵەری دادی. 10 خولەکێک لەدەرەوە چاوەڕێی خوێندنەوەی ناوەکانمان بووین، ئەوان ناوی ژوورەکەیان لەسەرەوە بەعەرەبی و لەخوارەوەش بە کوردی نووسیبوو، پێچەوانەی ژوورەکانی دیکەی بنکەکەش، ئەوان لەجیاتی موبەریدە، سپلیتیان هەیە. نازانم چیان بە نورەدین گوتبوو، بەڵام ئەویش لەشێوەی بیرکردنەوەیان ڕازینەبوو. دوای ئەو، هەر کە من چوومە ژوورەوە پاش سەلامکردن لە کورسییەکەی بەردەم مێزەکەی محەممەد کاکە ڕەش نەقشبەندی، لێکۆڵەرەوەی دادی دانیشتم، لێی پرسیم ناوت فلانە و ناسنامەکەت بێنە. پرسیاری کرد: زۆرجار هەیە مرۆڤ ئاگای لە شتێک نییە یان پێی ڕازی نییە، ئایا ئەو شیعرە بە ڕەزامەندی تۆ بڵاوکراوەتەوە، گوتم: بەڵێ. یەکێکی دیکە لەو دوو پیاوەی لەوێ دانیشتبوون، وادیاربوو ئەوانیش لێکۆڵەری دادی بوون و دەیویست وانەیەکم بداتێ، گوتی: نا کاکە سەرنووسەر بەرپرسە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی هەموو شتێک. محەممەدیش پێیگوت ئەویش ناڵێ من ئاگادار نیم و لێی بەرپرس نیم. دوایێ محەممەد پرسیاری کرد توخوا ئەوە شیعرە، گوتم من ڕەخنەگری شیعری نیم، تابتوانم هەڵیبسەنگێنم، ڕەنگە منیش پێم دەقێکی باش نەبێ، بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر لە بڵاوکردنەوەی چونکە ئیحساساتی شیعری لەهیچ کات و سەردەمێکدا سانسۆری لەسەر نەبووە، ئەدەبیاتی کۆن و نوێی کوردیش پڕە لە نمونەی زۆر ئاشکراتر لەوە، ئێنجا لەمێژیشە عەرەب گوتوویانە)مالایجوز لغیره، یجوز للشاعر). فایلەکەی تەواوکرد و باسی لەوەکرد کە پێیخۆشە، ڕۆژنامەکان ڕەخنە بگرن و یاسا بپارێزرێ. منیش دەستم دانایە سەر پاکەتە جگەرەکەی بەردەمی، گوتم ئەی ئەوەش پێشێلکردنی یاسا نییە تۆ جگەرە لەنێو ئەو فەرمانگەیە و ئەو ژوورە دەکێشی. گوتی دەچم لەدەرەوە دەیکێشم، ئێنجا دەستم بۆ تەپڵە جگەرەکەی سەر مێزەکەی بەردەمی ڕاکێشا کە سێ پاشماوەی جگەرەی تێدابوو. گوتیان دەی خۆ نایاسایی هەر ئەوەندەیە؟ گوتم جا کە یاسا نییە، بۆچی منتان بانگکردووە. دوایێش جێبەجێکردنی یاسا بە بچووکی و گەورەیی تاوانەکە نییە. کە دەهاتمە دەرەوە، نورەدین هاتبووە ناو دەرکەی ژوورەکە، پێمگوت تەماشای تەپڵەکی جگەرەی بکە.

کە لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە، ماوەیەک چاوەڕێمان کرد، تاوەکو فایلی هەموو تۆمەتبارەکان وێکخران بۆ دادگا. نایاسایی گەورە لە چوونە دادگاوە ڕوویدا، بەڵام لەو بنکەیەی پۆلیسیش دا دیمەنی جێی سەرنج زۆر بوون. کەسێک کە وەک ئێمە دەستبەسەر بوو لەنێو حەوشەی بنکەکەدا و لەبەردەم ژووری لێکۆڵینەوەی دادی، دەستی بۆ پاکەتەکەی برد، یەکسەر پۆلیسێک پێیگوت: "خارە مەمنوعە هەڵیگرەوە"، بەڵام هەر دوو خولەک دوای ئەوە، پۆلیسێک هات جگەرەی لەوێ کێشاو، پاشماوەکەیشی فڕێدایە ناو حەوشەکە. ئینجا پۆلیسێکی گەورەتر بانگی ئەو پۆلیسەی کرد کە کەلەپچەی بە قایشەکەیەوە بەستبوو، کە ئەو دوو تۆمەتبارەی تەنیشتمان بباتە ژووری زیندان، گوتی کەلەپچەیان بکەم؟ وەڵام نەخێربوو. چایچی بنکەکەش کە لە تەنیشتمان گولەبەڕۆژەی دەقرتاندن، بەڵام ئەلحەق لەجیاتی فڕێدان توێکڵەکانی لەسەر لاتەنیشتی کورسییەکەی گرد کردبوون، دوای ماوەیەک هەستا و پیاڵەیەکی شکاوی فڕێدایە سەر بانی ژوورێک و چەقەی هات، پۆلیسە خاوەن کەلەپچەکە بە گاڵتەوە پێیگوت بێم کەلەپچەت بکەم، چایچی یەکسەر دەستی بۆ ئامرازی نێرینەی ڕاکێشا.

فایلەکان لەدەستی پۆلیسێکدا بەنێوی شێرزاد کۆبوونەوە. ئەو ئاماژەی بۆ ئێمەکرد و بە پۆلیسێکی گوت: با ئەو دوو مامۆستایە لە پێشەوە دانیشن. ئێمەیان بردە ناو دەبل قەمەرەیەکی پۆلیس کە ژمارەی (333-پۆلیس) لە تابلۆ شینەکەی نووسرابوو. دوو تۆمەتبار و پۆلیسێکیش بە چەکەوە لە بۆدیەکەی سوار بوون. لەبەردەم پەرتووکخانەی سۆلاڤ، سوڕایەوە بەلای هوتێلی تاوەری هەولێردا، پێمگوت دەکرێ وا بسووڕێیەوە؟ شوفێرە پۆلیسەکە گوتی ئاساییە. ئینجا بەدەنگێکی نزم بە شێرزادی گوت "هێشتا موخالەفەی گەورە ماوە". ڕاستی دەکرد، کە گەیشتە سەری شەقامەکە لەجیاتی ئەوەی بەشێوەی ئاسایی ئاراستەی هاتووچۆی شەقامەکە بەرەو لای سینەما کریستال بچێ، بە نایاسایی بەرەو لای قەلا چوو، لەوێشەوە چووە نێو حەوشەی ئاوایی دادگا. پێمانگوت چۆن وادەبێ، شوفێرەکە گوتی ئەوە ڕێی هەموو ڕۆژەمانە، بێ ئەوەی حسابی ئەوە بکەن، ئەگەر ڕۆژێک تووشی پێکدادانی ئۆتۆمبێل ببن، لەوانەیە خۆیان و تۆمەتبارەکەش پێش ئەوەی دادگا ڕوونی بکاتەوە تاوانبارە یان بێتاوان، لەو هاتووچۆیە نایاساییەی ئەوان دا تێدابچێ و ناروونبوونەوەی کێشەی تۆمەتباران، کێشەی دیکەی بەدوادابێت.

لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین، شێرزاد گورج وە پێشمان کەوت، بەڵام کلاشینکۆفەکەی پۆلیسەکەی پشتەوەمان لە ملی بەربووەو تەقژنی لە زەوی هێنا، بەڵام هیچ گوللەی لێ دەرنەپەڕی و سەلامەت بوو! لەبەردەم ژووری دادوەر چاوەڕێمان کرد، نورەدین چووە ژوورەوە، ئینجا من. دادوەر فاخیر ناوەکەی پرسیم و تەماشای فایلەکە و شیعرەکەی د.مەغدید سەپان (سووکنەبوون)ی کرد کە لەلاپەڕە 16ی ژمارەی 49ی (ڕووداو)دا بڵاوکراوەتەوە. ئینجا دەستی برد بۆ یاسای سزادانی عێراقی 1969. پێمگوت ئەی مەگەر بە (یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان-2008) مامەڵە ناکەن؟ گوتی دەتوانی مادەیەکم لەویاسایە پێ بڵێی باسی داوونەریت بکات؟. ئەو دادوەرە ڕاستی دەکرد، ئەوەش هەڵەی خۆمان بوو وەک ڕۆژنامەنووسان کە ئەو مادەیەمان هەڵگرت، لەبەرئەوەش دادگا بۆ ئەو تاوانبارکردنانە پەنادەبەتەوە بەر یاسای سزادانی عێراقی کە پێچەوانەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری، دەتوانێ ڕۆژنامەنووس لەسەر کاری ڕۆژنامەڤانی بخاتە زیندانەوە. فەرمووی لێکردم بۆ دەرەوە.

دوای ماوەیەک ئێمەیان هەردوو پێکەوە بانگ کردە ژوورەوە. بەڕێزەوە فەرموویان لێکردین. دادوەر حەسەن وەک نوێنەری داواکاری گشتیی لە تەنیشت دادوەر فاخیر دانیشتبوو. پرسیار و وەڵام و گفتوگۆکەمان درێژبوو. بەبەڵگە زانیارییە زارەکییەکانمان پێ گوتن، هەردووکیان، بەتایبەتی دادوەر فاخیر، قەناعەت هاتنی خۆیان بە قسەکانمان ڕاگەیاند. ئێمەش باسی تەجروبەی خۆمان لە ڕابردوودا لەگەڵ داواکاری گشتیی کرد، کە یەکێکیان بەسەرکەوتوویی کۆتایی هێنا بەپێی بەدواداچوونیان بۆ کەیسێک کە لە (ڕووداو)دا بڵاوکرایەوە، لە دووی دیکەش کە چەند ساڵێک پێشتربوو، ئەنجامێکمان نەبیستەوە. بەڕێزەوە بەڕێکراین و دادوەر بانگی پۆلیسی بنکەکەی کرد، کە کەفالەتی کەسیی بەسە بۆ ئازادکرنمان لە دەستبەسەری تا ئەو ڕۆژەی ئەگەر پێویست بوو بانگ بکرێینەوە.



ولادیمێرفان ولخنبێرخ
vanwilgenburg@gmail.com

# سێکس بەشێکە لە کولتووری کوردی

بەهۆی بڵاوکردنەوەی شیعرێکی "ئیرۆتیک" لەبارەی خۆشەویستییەوە، ڕۆژنامەکەمان سکاڵای لەسەر تۆمارکراو درایە دادگە. پیاوێکی داخراو تووڕەبوو و گوتی سێکس بەشێک نییە لە کولتووری کوردی. لە ئەنجامی ئەمەشدا نوورەدین وەیسی خاوەنی ئیمتیاز و ئاکۆ محەممەدی سەرنووسەر بانگی بنکەی پۆلیس کران و دواتر بە کەفالەت ئازادکران. ئاکۆ لە داواکارەکەی پرسی: ئایا کەس هەیە سێکس نەکات؟ من وەکو بیانییەک کە ماوەیەکە لەگەڵ کورد تێکەڵاوم، وامدەزانی کورد قەت باسی سێکس ناکەن.

زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان موسڵمانن و زۆرینەی خەڵکەکەیشی بە ئیسلام و محەممەدی پەیامبەرەوە پەیوەستن. کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ کورد پەیوەندیم پەیداکرد، زۆر بە پارێز و وریاییەوە تێکەڵاویم لەگەڵ دەکردن، چونکە وام هەستدەکرد ئەوان زۆر داخراون. بۆیە لە ڕێکخراوێکی قوتابیانی کورد تەوقەم لەگەڵ پیاوەکانیان کرد، بەڵام خۆم پاراست لە تەوقەکردن یان قسەکردن لەگەڵ ژنەکان.

دواتر کە زیاتر لەبارەی کوردان شارەزا بووم، تێبینیم کرد چەندەها بۆچوونی جیاواز لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەن. لەکاتێکدا کورد دەڵێن گوایە "سێکس" بەشێک نییە لە کولتوورەکەیان، زۆر لە پیاوانی کورد تەنها و تەنها باسی سێکس و ئافرەتانیان لەسەر زارە. هەروەها زۆر لە ئافرەتانی کوردیش لەدانیشتنی تایبەتدا لەبارەی ئەو بابەتانەوە دەدوێن وگفتوگۆی لەسەر دەکەن. کاتێک کچە کوردەکانی دانیشتووی ئەوروپا سەردانی کوردستان دەکەنەوە، پێمدەڵێن پیاوانی کورد قسەی ناشیرینیان پێ وتوون کە پێی بێزار و قەڵس بوون.

تێبینیم کردووە لە هۆڵەندا زۆربەی پیاوانی کورد شانازی دەکەن بەوەی پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەت هەیە. هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش پیاوان حەزدەکەن باسی ئەو ئافرەتانە بکەن کە پەیوەندی سێکسییان لەگەڵیان هەیە. تەنانەت ئەگەر دۆستەکانیان هێشتا کچیش بن، پیاوەکان هەر باسیان دەکەن و دەستدەکەن بە درۆکردن لەبارەی "دەستکەوتەکانیان". بێگومان ئەمە تەنها لە دانیشتنی تایبەتدا باسدەکرێن.

بەڵام تەنانەت گۆرانییە کوردییەکانیش هۆنراوەی سێکسیان تێدایە کە باسی ئەندامەکانی لەشی ئافرەت دەکەن. گۆرانیبێژە کوردەکانی وەک حەسەن زیرەک، هۆمەری دزەیی و جوان حاجۆ مۆسیقای ورووژێنەریان داهێنا. کوردێکی هاوڕێم لە کاتی سەردانی بۆ کوردستان کە سواری تەکسیەک ببوو شوفێرەکە گۆرانییەکی گوتبوو لەبارەی مەمکە جوانەکانی ژنێک، لەکاتێکدا دوو کچی جحێڵیش لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا بوون. لە سلێمانیش گردێکی سێکسی هەیە کە پێیدەڵێن "گردەمژە".

هەروەها وەزارەتی ڕۆشنبیری دیوانی شاعیرێکی کلاسیکی کوردی کە ئەویش شێخ ڕەزای تاڵەبانییە بڵاوکردووەتەوە، کە ئەم شاعیرە بەبێ پەردە باس لە ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤ دەکات. هەروەها فەرهاد پیرباڵیش لەم جۆرە هۆنراوانەی نووسیوە.

تەنانەت ئایینی ئیسلامیش سێکس قەدەخە ناکات، ئەگەر لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا بێت. ئیسلام دەڵێ دەبێت پیاوان ئافرەتەکانیان شادمان بکەن و دڵنیابن کە ئەوانیش چێژ لە سێکسکردن وەردەگرن. ئەمەش جیاواز لە ئایینی مەسیحی کە تەنها وەکو هۆیەکی وەچەخستنەوە سەیری سێکس دەکات.

لە هەندێک ئاهەنگی کوردیدا کە تێیاندا ئامادەبووم، بینیومە گۆرانیبێژەکە بەشێوەیەکی ورووژێنەرانە گۆرانی بەسەر ئەو کچەدا گوتووە کە تازە لەگەڵ باوکی هاتووەتە ناو هۆڵەکە. کەچی هێشتا سێکس کارێکی بڤە و قەدەخەکراوە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵام پێدەچێت کورد حەزبکەن لەوبارەیەوە گۆرانی بڵێن و قسەبکەن. بەم شێوەیە سێکس بەشێکە لە کولتووری کوردی و ئیسلام. کەواتە سکاڵا تۆمارکردن لەسەر خەڵکی بەهۆی سێکسەوە تەنها بەفیڕۆدانی کاتە.



هاوڕێ باخەوان - هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

# گەندەڵانی بێسنوور!

ئەمجارەیان خەڕەکەکە چووەتە سەر ئەو پەڕلەمانتار و لێپرسراوە خاوەن دوو وڵاتینامانەی کە سەربارى گەندەڵی کوردستان و مانگانەیان، هەندێکیان سنووریان بەزاندووە و لە ئەورووپاش بەهەر کەڵەک و کڵۆکێک بێت مانگانەی خانەنشینی یان مانگانەی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی وەردەگرن.

دیارە ئەو ناوانەی کە لە میدیاکاندا بەرچاومان کەوتوون هەموویان نین، چونکە زۆر لێپرسراوی خاوەن دوو وڵاتینامە (جنسیە) لە کوردستان هەن. هەندێکیشیان خاوەنی دوو بنە یان زۆرترن. واتە لە ژنێک زۆرتریان هەیە و لە ئەورووپا کاروباری دزی و فزییان بۆ ڕادەپەڕێنن و وەک بیستوومە واژۆی کاروبارە فەرمییەکانیشیان بۆ دەکەن. واتە سەربارى ئەوەی مێردەکانیان سەربەهەوێیان کردوون! پێشێلکاریی یاساییشیان بۆ دەکەن!.

ئەگەر بەشێوەیەکی سەرپێیی لێکیبدەیەوە هەریەک لەو لێپرسراوە ساختەچییانەی کە من ناوم لێناون گەندەڵانی بێسنوور! دەکرێ ئەم داهاتانەی ببێت:

–مانگانە فەرمییەکەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

–چەند مانگانەیەکی دیکەی وەک شەهیدانە، پێشمەرگەی دێرین و هیتر.

–چەند مانگانەیەکی پاسەوانە درۆیینەکانی. ئەمەیان بووەتە دیاردەیەکی باوی ترسناک و بەهۆیەوە دزییەکی زۆری پێدەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر لێپرسراوێک بە فەرمی چوار پاسەوانی هەبێت کە من نازانم بۆچییەتی!، ئەوا لە ڕاستیدا تەنها دووی هەیە و مانگانەی ئەو دووەی دیکەی دەدزێت.

–خەڵات و قاچوقوچی دیکە لەوانە زەوی وەرگرتن و بەنزین و نەسرییە و شتی دیکە.

–هاوبەشیی بازرگانەکان و وەرگرتنی بەرتیل لێیان بۆ کارئاسانی.

–لەوانەیە هەندێک سەرچاوەی دیکەی ناڕەوا کە من نەیانزانم.

–سەربارى ئەوانەش پارەی سۆسیاڵ لە ئەورووپا!

کەسانێک دەستیان بچێتە مانگانەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەرتیل وەربگرن و مانگانەی پاسەوانە درۆیینەکانیان بخۆن، زۆر بەلایانەوە ئاساییە لە ئەورووپاش بە فێڵ و تەڵەکەبازی لرف لە پارەی سۆسیاڵ و کەنەفتیی درۆیینە بدەن.

خۆشبەختانە ئەم باسە هەروەک چۆن لە میدیاکانی خۆماندا گرنگی پێدەدرێ، لە میدیای وڵاتە ئەورووپییەکانیشدا گرنگییەکی باشی پێدراوە. بەڵام داخی گرانم بەوانە دەگوترێت کورد، بەو کەسانەش دەگوترێت کورد کە بەیانی تاریک لەخەو هەڵدەستن و تا تاریک دادێتەوە لە ئەورووپا کاردەکەن، تاوەکو سەربەرزانە بژێوی ژیانیان بەدەستبێنن.

بەڵام دیسانیش خۆشبەختانە چونکە ئەم باسە کەوتووەتە دەمی میدیای خۆرئاوا، ئەوا بەدڵنیاییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ و ئەو گەندەڵە بێسنوورانە ڕیسوا دەبن. ئەدی، خۆ لای خۆمان نییە هەموو دنیا هاواری کرد ئەو فرۆکەوانەتان بۆ ئازاد کرد، ئەو تاوانبارە منداڵی کوردی ژەهرباران کردووە! بەڵام کەس هەر گوێیشی لێنەگرتین!.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# مەلای دوازدە جەهل*

ئەم پەرەگرافەی یەکەمم بۆ خوێنەری هۆشیار و ئاگەدار نییە، ڕووی دەمم لە (مەلا جەعفەر گوانی)یە کە تا ئێستا نازانێ خەلیفەکانی ئەو ئایینەی ئەو مەلایەتی، کێن. هەرچەندە بەدەستهێنانی ئەم زانیارییانە هەندێ کاتی لێگرتم، بەڵام کێشە نییە، بە خۆڕایی بۆ مەلا جەعفەر، بەیانیان دەکەم. عوسمانییەکان، چل سوڵتانیان هەبووە، یەکەمین سوڵتانی عوسمانی ناوی عوسمان کوڕی ئەرتەگۆل (1258–1326)بووە، لە 1299 تاوەکو 1326 حوکمی کردووە. دوایین خەلیفە عەبدولمەجیدی دووەم (1868–1944) بووە، لە یەکی نۆڤەمبەری 1922 تاوەکو سێی مارتی 1924 حوکمی کردووە. هەموو سەردەمی عوسمانییەکان دوو عەبدولحەمیدی تێدا بوون، یەکەم و دووەم، یەکەمیان لە ڕیزبەندی سوڵتانەکاندا ژمارە سییە و لە 1789دا کۆتایی بە خەلافەتەکەی هاتووە، دووەمیشیان ژمارە سی و حەفتە (کە دوور نییە مەلا جەعفەر ئەمەیان بە دوایین خەلیفە تێگەیشتبێ) و لە 27ی ئەپریلی 1909دا کۆتایی بە خەلافەتەکەی هاتووە.

نەزانین عەیب نییە، نمایشکردنی زانایی عەیبە. مەلای ئەم دەورە، بۆی نییە خۆی لەگەڵ ئەو شاعیرانەی کوردد بەراورد بکات کە لە مزگەوتەوە فێرە خوێندەواری بوون، چونکە بەرهەمی تەواوی مەلای ئەم سەردەمە لە هەموو ژیانیاندا ناگاتە بەرهەمی یەک ڕۆژی مەلایەک لە عەیاری نالی. دیسانەوە مەلای کورد، بۆی نییە خۆی بە (قازی و شێخ و پیرانی و بارزانی) وەک مەلا جەعفەر باسیکردووە، بەراورد بکات. زۆر بە هەڵەدا چووە، تەنیا لە بەر ئەوەی پێشگری مەلا بە کاک جەعفەرەوەیە، ئەو مافەی ناداتێ خۆ بەوانە بشوبهێنێ.

سیفەتێک کە زۆر مەلای کورد هەیبێت، نەزانییە، بۆیەش زۆربەیان پێیان ناخۆشە پێیان بێژی مەلا و دەستەواژەی زانای ئایینییان پێ خۆشە، بەڵام هیچ گومانێکم نییە کە نزیکەی هیچ مەلایەکی کورد نییە لەم سەردەمەدا، شایستەی دەستەواژەی زانا بێت.

مەلا جەعفەر لە وەڵامی نووسەری ئەم گۆشەیەدا شانازی بەوەوە دەکات کە وەک خۆی دەڵێ: "ئێستاش فەقێی مزگەوتەکان هەر بە جلوبەرگی کوردییەوەن"، مەلا ئەو ڕاستییەی لەبیر کردووە کە مەرج نییە کڵاوێکی وەک ئەوەی گیڤارات لەسەر بێت، گرنگە کەللەیەکی وەک ئەوەی گیڤارا لە بن کڵاوەکەوە بێت. بە من ناڵێن ڕۆڵی فەقێ لەم سەردەمەدا، لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئابووریدا چییە؟ ئیدی نەک جلی کوردی، کەوا و سەڵتەشی لەبەردا بێت بەم وڵاتە چی؟.

مەلا جەعفەر دەڵێ: "ئەز حەزدەکەم بە هەڵە چووبم، چونکە پێمخۆشە ئەز هەڵەبم"، مادام بەهەڵەداچوون دڵخۆشت دەکات، مەلای ئازیز بۆت هەیە بە کەماڵی ئیسراحەت پاڵی لێبدەیتەوە و ناوی خۆت بکەیتە مەلا دڵخۆش، ئاخر پێناچێ لە هەڵە پتر، هیچت لە هەگبەدا هەبێت. کورد لەوەشدا بە هەڵە چووە کە دەڵێ مەلاش هەڵە دەکات، دروستتر ئەوەیە بێژی: مەلاکانی ئێستای کورد خۆش هەڵەن.

تا ئەم دواییانەش بە نووسینەکانتدا نەرمە مەیلێک بۆ پارتی دیار بوو، بەڵام بەوەدا لە وەڵامەکەتدا سووکە شینێکت بۆ کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو کردووە، پێدەچێ نانێکی دیکەشت پەیدا کردبێت.

*** ناونیشانی ئەم گۆشەیە، نووسەر (حەمەسەعید حەسەن) لەنووسینێکیدا پێشووتر بۆ مەلا جەعفەری داهێناوە.**






نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# سازش نەکرن لەگەڵ بەغدا

بڕیارە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق بکرێن. وەک دیارە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا پێگەی کوردستانیش لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق بە هۆی گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی نێوخۆی هەرێمی کوردستان لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕابردوودا، کەم و زۆر گۆڕانکاری تێدەکەوێ و یەکگرتوویی کورد لە نەخشەی سیاسی عێراقدا دەگۆڕێ و هێزی کوردیش لە بەغدا ئەگەر بە رواڵەتیش بێت چیتر هێزێکی یەکگرتوو نابێت.

هێزولایەنە عەرەبییەکانی عێراق زۆر بەوە خۆشحاڵن کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا دەنگی کورد دابەش دەبێت و سەرئەنجام ژمارەی کورسییەکانیشی کەمتر دەبێت لە پەرلەماندا. بگرە هەتا بۆشیان بکرێت کار لەسەر پەرتەوازەکردنی کورد و پێگەکەی دەکەن و هەوڵدەدەن هەندێک هەنگاوی تاکتیکیانەی خۆی نزیک کردنەوە لە هێزە رکابەرەکانی کوردستان بنێن.

کارێکی زۆر ئاساییە پارت و لایەنەکانی کوردستان بە لیست و پێکهاتەی جیاوازەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن، بە مەرجێک لە رەفتارکردندا لەگەڵ بەغدا کێشە و ناکۆکییەکانی نێوخۆیی وەلاوە بنێن و بەرژەوەندی کوردستان و گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستان ئامانجی سەرەکییان بێت.

ئەزموونی چەند ساڵی رابردووی کورد لە بەغدا بە ئاشکرا پێیگوتین هێزە عێراقییەکان، شەرو کێشە و ناکۆکییە نێوخۆییەکانیشیان چەند توووند و تیژ بێت، بەڵام لەبەرامبەر داخوازی و مافەکانی کورددا هاوبۆچوون و یەک هەڵوێستن، ئەگەرچی بە رووکەشیش هەندێک جیاوازی نیشان دەدەن. بۆیە هێزە کوردییەکانیش جا ناکۆکییەکانیان چەند قووڵیش بن دەبێ لە بەغدا هاوهەڵوێست بن لەسەر سازش نەکردن لەسەر داخوازییەکانی کوردستانییان.

ئەگەرچی تا ئێستا پشکی هەرە زۆری دەسکەوتەکانی بەشداربوونی کورد لە دەسەڵاتی عێراق هەر بۆ پارتی و یەکێتی بووە، بەڵام دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی لاوازبوونی پێگەی سیاسی کورد لە بەغدا هەر تەنها بۆ ئەو دوولایەنە نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر پێگەی سیاسی نێوخۆیی و نێودەڵەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی دەبێ.

لەو چەند ساڵانی دوای رووخانی رژێمی بەعس، وەک چۆن ئەزموونی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لە کوردستان رووبەڕووی رەخنە و نارەزایەتی زۆر بووەتەوە، بەهەمان شێوە سیاسەتی مامەڵەکردنشیان لەگەڵ بەغدا و مانەوەی چەندین کێشەی نێوان کوردستان و عێراق بەهەڵپسێردراوی مایەی توورەیی و گلەییەکی زۆر بوو، ئێستا ئەرکی هێزە رکابەرەکانی پارتی و یەکێتییە لەپەیوەند لەگەڵ بەغدادا فشاریان بۆ بێنن بۆ ئەوەی چیتر لانی کەم خەمساردی نەنوێنن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا بەتایبەتی لە پرسی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکاندا.

هیوادارین هێزە "ئۆپۆزیسیۆنەکان"ی پارتی و یەکێتی لە مامەڵەکردندا لەگەڵ بەغدا کارێک نەکەن ناچاربین کورد گوتەنی بڵێین " هەزار رەحمەت لە کفن دز".!



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# ناسا زەوی دەپارێزێ یان وێرانی دەکا؟

زانا ئاسماناسەکان و کەشتیەوانە گەڕۆکەکانی ئاسمان و تەلیسکۆپچییەکان و پسپۆڕانی بواری فیزیا و بیرکاری لە رێی دەستگەکانی راگەیاندنی خۆیانەوە، کە هەموویان رۆژاواییین و سەر بە بنکەی ناسای ئەمریکین، ترسی پەیدابوونی دەجاڵی زانستی.. ترسێکی مۆدێرنانەی تازەیان خستووەتە دڵی دانیشتوانی گۆی زەویەوە و وای رادەگەیێنن کە تەمەنی زەوی زۆری نەماوە و هیندەمان زانی هەسارەیەکی گەورە لەو هەزاران هەسارە زەبەلاحە بەردین و سەهۆڵییانەی کە نیوە تیرەی هەندێکیان لە 500 مەتر زیاترە و بەرەو زەوی بەڕێوەن، خۆی بە گۆی زەویدا کێشا و بە دار و بەرد و ئاژەڵ و خشۆک و بەشەرەوە و لە ناو بەشەرەکانیشدا، بە سەرمایەدار و کرێکار و دز و خاوەنماڵ و زاڵم و زوڵملێکراوەوە، بە دەسەڵاتدار و بەرهەڵستکار و بە نێر و مێ و پێشکەوتنخواز و کۆنەپارێزەوە، وەک ئاواییەکەی حەزرەتی لوت، کە خەڵکەکەی بۆگەنییان کردبوو، تەفروتونای کرد و تەنانەت رایەڵەی کەونیش تێکچوو و هەرچی پێشکەوتن و تەکنیک و بەزمی مۆدێرنایەتییە، لە ناو بڵاچە و ئاگر و خۆڵەمێش و تەپوتۆزی پێکدادانی ئەستێرەکاندا بزر بوو و (بیگ بێنگ)ێکی دیکە دروستبوو. ئەوجا دوای سڕینەوەی هەموو شتێک، نوێبوونەوەیەکی گەردوونی هاتە ئاراوەو دوای چەند ملیۆن ساڵێک، کە بۆ تەمەنی گەردوون و زەمانێکی زەروانیی (ئەبەد و ئەزەل) چاوتروکانێکە، رێی تێدەچێ زەویەکی دیکە وەک تازەبووێکی بەناز و عیشوە بپەڕێتە هەناوی مەدارێکی گونجاوی کەونەوەو ئاو و پرۆتۆپلازما بەرهەم بێنێتەوەو ژیان تێیدا دەست پێ بکاتەوە.

دوای ئەوەش پەیدابوونەوەی ژیان - ئەگەر جۆرە بوونەوەرێکی دیکەی هۆشیار رێی پەیدابوونەوەی هەبێ - دەکەوێتەوە بەر گەوزی دین و فەلسەفەوە، پەیامبەران و هەوادارانی بیرۆکەیەکی وەک بۆچوونەکەی داروینیش دەکەونەوە سەروگوێلاکی یەکتر و شەیتان و شەڕ و ململانێ و داگیرکردن و شۆڕش دەست پێدەکەنەوە.

هێرشی ئەو هەسارانە بۆ سەر زەوی، پێشتر بە رەجمی شەیتان لێکدراوەتەوە تا خەڵکی سەر گۆی زەوی بپارێزێ، کەچی دوای پێشکەوتنی تەکنیک و کونبوونی چینی ئۆزۆن کە زرێی پارێزەری گۆی زەوییە، ئێستا خەریکە زەوی و دانیشتوانی زەوی خۆیان رەجم دەکرێن. تۆ بڵێی بەشەر بەخۆی نەبووبێتە شەیتان؟!

دەڵێن کەشتییەکانی ناسا، کە بۆ ئەوە پشتیان پێ قایم دەکرێ ئاراستەی ئەو هەسارە هێرشبەرانە بگۆڕن یا بیانتەقێننەوە و ئەوەندە بچووکیان بکەنەوە، کە دەگەنە زەوی کاریگەرییان نەگاتە ئەوەی رەوتەکەی و سروشتەکەی تێکبدەن، بەهۆی بێ پارەییەوە ناتوانێ بە ئەرکەکەی خۆی هەڵسێ و چەند ساڵێکی کەمی دیکە.. دە دوانزە ساڵی دی ژیان نامێنێ و کەسیش نامێنێ کەسێکیتر تاوانبار بکا.

لە لایەکی دیکەوە گوایە زاناکانی ناسا ئەستێرەیەکیان دۆزیوەتەوە کە لە خۆر گەورەترەو ساڵی 2012 ئەوەندە لە زەوی نزیک دەبێتەوە کاریگەری دەخاتە سەر جەمسەری خوارو ژووری زەوی و وای لێدێ خۆر لە رۆژاواوە هەڵبێ و ئیدی هەر لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، رۆژی هەینی 21ی مانگی دوانزە، زەوی هەڵدەلووشێ و دەبڕێتەوە. دیارە بەر لە هەڵدێرانی زەوی بە بە گەرووی گەردووندا، بە وزەی خۆر و ئەو ئەستێرەیە زەوی ئەوەندە گەرم دەبێ ژیانی تێدا نامێنێ.

بۆ نەجاتدانی گۆی زەوی، کە گوایە هی هەموومانە و ژیانی هەموومانی لە سەرە، پێویستە بەشداری بکەین! ئەوەی بەڕێوەبەرانی ناسا دەیانەوێ، دەرۆزەکردنە لە خەڵکی گوندی زەوی یا هێنانەوەی بیانووە بۆ دەستگرتن بە سەر سەرچاوەکانی وزەوە، لە هەر جێیەک وزەی زۆر و ئیرادەی کەم هەبن؟ ئەگەر بە دەرۆزە بێ یا نێرەکەری، راست بکەن یا درۆ، هاوکارییان دەوێ و خۆ ئێمەش نیشتەجێی ئەو گوندەین! تەنانەت ئەو دەمەش کە دنیا ژێر و ژوور دەبێ، بۆ مەسەلەی هاوکاریکردن و پارەدان، بۆ ئەندامی خۆمان نەبێ نییە، مەگەر لاوازیی ئیرادەمان بقۆزنەوە و چی سەرچاوەی وزەمان هەیە، بە ئاو و خۆر و نەوت و وزەی شاراوەی بەردی سەر لووتکەکانیشەوە، لێمان زەوت بکەن تا زەوییەکەی ئێمە و خۆیان نەجات بدەن!

لە راستیدا، رێی تێدەچێ ناسا خۆی ئامێرێک پەیدا بکا بۆ وێرانکردنی زەوی، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە.. واتە بکرێتە هەڕەشەی وێرانکردنی هەر بستە زەوییەک کە خەڵکەکەی بەرانبەریان بڵێ لەل!

ئەگەر زەوی رەجم کرا، ئێمە چیمان لە دەست دەچێ و میللەتانی دیکە چییان لە دەستدەچێ؟! ئەوان کوێخایەتی و ئاغایەتی دەدۆڕێنن، ئێمەش کۆیلایەتی و موالیتێ. ئەوان کلیل و قوفڵی بەندیخانەکان لە دەست دەدەن و ئێمە زنجیری لاق و پیلمان.

خوای دەکرد سبەینێ ژێر و ژوور دەبوو!

ئەوی راستی بێ، من لەوە ناترسم ئەستێرە داچۆڕێ و گۆی زەوی وێران بکات، بەڵکو لەوە دەترسم ئاوی هەردوو رووبارەکەی عێراق وشک بکات و دانیشتوانی خوار حەمرین بە لێشاو، بۆ سەرچاوەکانی ئاو بێنە وڵاتەکەمانەوە. ئاخر لە جێیەکدا ئاو نەبێ، ئاوەدانیش نابێ.. ئیدی زەوی وێران بێ یا ئاوەدان، لە ئێمە هەر وێرانە!



هێمن عەبدوڵڵا - هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# تۆ بڵێی چێژیان وەرگرتبێ؟

ئەو رۆژانە پەناخوازانی کورد لە ئەوروپا ژیانێکی دژوار دەژین. هەفتەی رابردوو گەنجێکی کورد لە ئەمستەردام بە مردوویی لە ماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە. ئەو گەنجە کە خەڵکی هەولێر بوو سێزدەساڵی رەبەق لە چاوەڕوانیی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتیدا بوو. سەرەتا گوتیان رەنگە هەر لە داخی ئەوەش خۆی کوشتبێت، بەڵام دواتر کە دەرکەوت خۆی نەکوشتووە، خەڵک دەیانگوت لە خەفەتان مردووە. هەر ئەو چەند رۆژەی دواییش شەپۆلێکی بە زۆر ناردنەوەی گەنجە پەناخوازانی کورد لە بەریتانیا و دانیمارک دەستی پێکرد.

دۆست و کەس و تەنانەت هەندێک لەو گەنجانەیش کە لە چەند رۆژی رابردوودا دیتومن بە توورەییەکی زۆرەوە گلەیی لە حکومەتی کوردستان دەکەن کە چۆن رەزامەندی لەسەر وەرگرتنەوەی پەناخوازانێک دەدات کە ساڵانێکە لە تاراوگە رێوشوێنی یاساییان گرتووەتە بەر بۆ ئەوەی مافی مانەوە وەربگرن، کەچی بە هۆی رازیبوونی دەسەڵاتدارانی کوردستان بە وەرگرتنەوەیان "هەموو ریسەکەیان لێ بووەتەوە خوری".

من چیرۆکی بەرپرسێکی باڵای عێراقیان بۆ دەگێڕمەوە کە دەیگوت کوردستان پێی خۆش بێت یان نا، دەبێ ئەو پەناخوازانە وەرگرێتەوە. بەڵام ئەو گەنجانە، وەک بەرپرسەکە خۆیشی پێشبینیی کردبوو!، تێرجوێنی دەکەن و دەڵێن ماڵ و منداڵی خۆی هەموو شتێکیان هەیە، ئیتر بۆ خەمی ئێمەی بێت؟

دەزانم بیرکردنەوە لەو مەسەلانە، بە تایبەتی بۆ کەسێکی دەوڵەتدار، پێویستی بە پراگماتیست بوون هەیە و ناکرێ پتر گوێ بۆ قسەی دڵ شل بکرێت. رەنگە ئەو گوشارەی لەسەر دەسەڵاتدارانی کوردستان هەیە بۆ وەرگرتنەوەی پەناخوازان، وایکردبێت کە بڕیاردان لەسەر وەرگرتنەوەیان ئاقڵانەتر بووبێت لە پێچەوانەکەی. هەرچەندە لەو بارەیەوەش هێشتا هیچ لێدوانی روون و ئاشکرا لە هەولێرەوە نەبیستراوە، بەڵام هەر واش پرسیاری ئەوەم بۆ دروست دەبێ کە تا چەند بیر لەو کاریگەرییە خراپانە کراوەتەوە کە بەزۆر ناردنەوە لەسەر ئەو گەنجە کوردانە جێیدەهێڵێت؟

جێهێشتنی نیشتمان بۆ هەموو کەس ئەزموونێکی زێدە تاڵە. بۆیە وا دەڵێم چونکە خۆشم چەشتوومە، بەڵام بەزۆر ناردنەوە لە تاراوگەوە ئەزموونێکی تاڵترە. لە راستیدا کە گەنجێک نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی و پێداگیری دەکات لەسەر مانەوە لە وڵاتێکدا کە حکومەتەکەی بە ئاشکرا پێیدەڵێ چیتر میوان راناگرین و جێمان بێڵە، بۆیە وا دەکات چونکە هەست بە وابەستەیییەک دەکات لەگەڵ ئەو نیشتمانە نوێیەدا کە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ پێیەوە گرێدراوە. جگە لەوەش رەنگە هیچ شکستێک ئازاراویتر نەبێ لە شکستی سەفەرێک کە بە کۆمەڵێک ئارەزوو و خەونەوە دەیکەیت، بەڵام بەر لەوەی وەدیبێن بە زۆری کۆتایی پێدەهێندرێ. چارەنووسی ئەو گەنجە کوردە پەناخوازە بە زۆر نێردراوانەیش وەک چارەنووسی ئەو سەفەرکارە ئارەزووەدینەهاتووانەیە کە لە خەو راچڵەکێندراون. بۆیەش یەکێکیان بەو داخەوە، لە ژوورێکی ساردوسڕدابەبێکەسی سەردەنێتەوە و بۆ هەمیشە لێی دەخەوێت، یەکێکی دیکەش لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی دیکەدا کە هاوچارەنووسی خۆین بە ئومێدی ئەوەی کە هیچ نەبێت خوا رێگە نەدات لە خەوە شیرینەکەی رایچڵەکێنن پەنا بۆ کڵێسایەک دەبات، بەڵام چەند مانگ دواتر پۆلیسی وڵاتە خانەخوێکە بە زەبری هێز راپێچی گرتووخانەی دەکات.

رۆژێکیان لە شوێنێکدا خوێندمەوە کە ژیان وەکو کتێبێک وایە، ئەوەی کەمترین سەفەری کردبێت کەمترین لاپەڕەی ئەو کتێبەی خوێندووەتەوە. تۆ بڵێی ئەو گەنجە کوردانەی بە زۆر دەنێردرێنەوە، چێژیان لە خوێندنەوەی ئەو لاپەڕانە وەرگرتبێت کە بەر لە گەڕانەوە بۆ لاپەڕە یەک خوێندوویانەتەوە؟



زەلال ئاکینجی-دانیمارک
malnivis@hotmail.com

# بەڵای زێڕی رەش و کولتووری بژی بژی

ئەگەر مرۆڤ کارێکی کۆمەڵایەتی بکات وتێیدا سەرکەوتوو نەبێت، ئەوە زیان بەکۆمەڵگە دەگەیەنێت و دەبێتە مایەی ریسوایی وشەرمەزاری.کاری هەرە خراپیش ئەوەیە سەرەڕای ئەم هەموو شکستانە خۆت بەراست بزانی و، رەخنە لەخۆت نەگری و داوای لێبوردن نەکەی . چونکە لێبوردن خواستن، بەشداریکردن و راستکردنەوەی هەڵەو زیانەکانە. بەڵام ئایا ئێمە لەکارو خەباتی خۆماندا تا چەند کارو کردەوەکانمان رەخنە کردووە؟

ئێمەی کورد ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهاندا گەورەترین نەتەوەین کە لەهەلومەرجێکی بێسەروبەر، پارچەکراو، لەژێر داگیرکاری و بێ پشتگیری ماوینەتەوە. هۆی چییە گەلێکی گەورەی بەم شێوەیە خاوەن مێژوو، خاوەن ئەدەب و هونەر، هەر دەناڵێنێ؟ پێموایە ئێمە ئەمەمان لە باوک و باپیرانەوە بۆ ماوەتەوە. لەبەر ئەوەی دەترسین خۆمان رەخنە بکەین، بەهەمان شێوە دەترسین رێبەرو سەرکردەکانمان رەخنە بکەین. بەداخەوە رەخنەگرتن لە هۆش و بیری ئێمەدا ترس و هەڕەشەی دروستکردووە.

دیارە ئێمە کۆمەڵگایەکین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەگەر چاوێکیش بەلاپەڕەکانی مێژوو بخشێنینەوە دەبینین هەموو پێغەمبەر، پیاوچاک، زۆربەی سەرۆک و رێبەرە بەناوبانگەکان، کەسانی خاوەن ئومەت و تەریقەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرکەوتوون. بۆیە فەلسەفەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لەزێدەڕۆیی وپێوەنان، هیچ حیسابێک بۆ مرۆڤ و وڵات و پێشکەوتن نەکراوە. هێزە سەردەستەکان بۆخۆیان چ کاتێک بخوازن دەتوانن پێغەمبەر، رێبەر، خاوەن بیرو، ئاڵا و ئایین بۆخۆیان بەکاربێنن. بەمجۆرەش گەل و کۆمەڵگایان خستووەتە ناو رەوشێکی بێ نرخ و بێ بەبەها.

سەردەمانێک کریستیانەکان بە رێگای پاپاکان کۆمەڵگایان بێ هۆش و بێ عەقڵ کردبوو. تاوان و چاکەیان بۆ خەڵک دەستنیشان دەکرد، . بۆ ئەو شتانەی پێیان تاوان بوو هەندێک کەس بە زیندوویی دەسووتێنران. بەڵام دوای پێشکەوتنی زانستی، هونەری و وێژەیی ئەم رەوشە گۆڕانی بەسەرداهات. کریستیانیان خستە ناو تەرازوویێکی بێ پێوانە. ترسی دێرو پاپاکان نەما بەتایبەتی ئەوروپا کەوتە ناو سیستەمێکی نوێ. ئایین و دەسەڵاتیان لێک جیاکردەوەو خستیانە سەر رێچکەیەکی ئازاد. یاسای ئەو سیستەمە دەرکرا و بەیاسای کۆماری کۆمەڵگاو گەلیان بەڕێوەبرد. ئیترقەیسەرو پاشا کەوتنە خزمەتی نوێنەرانی گەل و بەرێگای پەرلەمان، ئاسایش و ئیدارە دامەزرا. هەموو سەرکردەو رێبەرەکان بەبەرپرسیاریەتیەوە کەوتنە خزمەتی گەل و کۆمەڵگا. ئیتر (بژی و مەژی)، سەرۆکایەتی و رێبەرایەتی بوونە رەنجبەرانی گەل. لەبەر ئەمەش سیستەمی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، تەکنیکی و یاسایی ئەوروپا بەهەموو شێوەیەک کاریگەری لەتەواوی جیهان کرد.

بەڵام بەڵای (زێڕی رەش) واتە پەترۆڵ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وایکرد هەموو راستی و کۆنەپەرستیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست درێژەیان هەبێت. لەبەر ئەوەی ئەو زێڕە ئاوی رەش بوو بۆ خوێنی دەمارەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتخوواز. ئەو بەڵایە بووە کارەسات لەسەر سەری کۆمەڵگاکەمان. ژیانی ئێمەی ئاستەنگ کردو، خستیە ناو قەیران و دواکەوتوویی.

هیچ کاتێک ناتوانرێت رەخنە لەئایین بگیرێت، رەخنەکردنی ئایین، بەتایبەتی ئایینی ئیسلام، دەبێتە مایەی خۆ بەکوشتدان. رەخنەگرتن لەسیاسەت، سەرکردەو رێبەرەکان، یان شێخ و تەریقەتەکان دیسان ئاستەنگێکی گەورە بۆ مرۆڤ دروست دەکات. ئەو بەڵایە رەش و کۆنەپەرستیە تووشی ئێمەی کوردیش بووە. بۆیە دەبینین لەلای ئێمەش لە کۆڵان و بازاڕەکان هاواردەکەن" بژی بژی، ئەگەر تۆ نەڵێی بژی، ماڵەکەی تۆش دسوژی-دەسووتێ ".ئەی خودایە! ئەوە چ بەڵایەکی رەش بوو بەسەر سەرماندا هات؟

بۆیە نەیەکێتی نەتەوەییمان دێتە کایەوە، نە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کە بتوانین بە روویەکی سپی لەناو کۆمەڵگاکانی جیهان باسی خۆمان بکەین.جارێکی تر دەڵێم رەوشەکەمان کارەساتە. دەبێ کەی لێی رزگار بین؟

# شوو خۆشترە یا شووتی؟



**رووداو-سلێمانی**

بەشێک لە کچان دوای شووکردنیان پەشیمان دەبنەوە، ئەویش بەهۆی ئەو بەڵێنانەی کە لەلایەن دەستگیرانەکانیانەوە پێیان دەدرێ و جێبەجێ ناکرێن. کاتێک لێوان لە ماڵە باوانی بوو چەند جارێک ئەو پرسیارەی لێکراوە شوو خۆشە یان شووتی؟ ئەو شەرمی کردووە یەکەمیان هەڵبژێرێت. بەڵام دوای شووکردن دەڵێت "خۆزگە دەخوازم قەت شووم نەکردایە و هەر شووتیم بخواردایە". هەروەها بە کچان دەڵێت "شووکردن دۆزەخە". لە کوردەواریدا دەڵێن کوڕێک لە پیرە دایکەکەی دەپرسێ شوو خۆشە یان شووتی؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی: رۆڵەگیان من کوا ددانی شووتی خواردنم ماوە. واتە حەزی لە شووکردنە. 15 »

# تاڵەبانی حەزی لە برنج وبامیەیە



**رووداو-الشرق الاوسط**

جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق وسکرتێری گشتی یەکێتی رایگەیاند کە لە خواردنەکاندا زۆر حەزی لە برنج وبامیەیە، تاڵەبانی کە ئێستا رۆژنامەی شەرق ئەوسەتی لەندەنی بیرەوەرییەکانی بڵاودەکاتەوە لەبارەی ئەو خواردنانەی زۆر حەزیان لێدەکات گوتی " بە پلەی یەکەم حەزم لە برنج وبامیەیە بەڵام بامیەی تاڵەبانی. بنەماڵەی ئێمە هەموویان حەزیان لە مەرەگەی بامیەیە ".بەپێی قسەی ئامادەکاری راپۆرتەکە، تاڵەبانی هەموو بەیانیان کاژێر هەشت نانی بەیانی دەخوا کە چاو پارچە پەنیرێکی خۆماڵیە.

# کوڕێک باوکی خۆی لە خەودا دەکوژێ

**رووداو-خەبات**

بە بیانووی قسەگوتن بە دایکی و شەڕکردن لەگەڵ خۆی، کوڕێک باوکی خۆی لە خەودا کوشت. شەوی 14 لەسەر 2009/8/15 کوڕێک بەنێوی (غازی عەبدولرەحمان) تەمەن 24 ساڵ، لە شارۆچکەی خەبات باوکە 55ساڵییەکەی خۆی دایە بەر گوللە و کوشتی و بەرەو شاری موسڵ هەڵات. رێبواری برای عەبدولڕەحمان بە (رووداو)ی راگەیاند کێشەکە زیاتر لەسەر ئەوەبوو، کە عەبدولڕەحمان گومانی لە خێزانەکەی کردووەو گوتوویەتی ئیشارەتت بە پیاوێک داوە "کەچی ژنەکەی سەری سپی بووە ئەو قسانەی لێ ناوەشێتەوە" .بەڵام گوتی دواتر پەشیمان ببووەوە لەو قسانە. گوتیشی "عەبدولرەحمان نووستبوو، غازی دایە بەر گوللە، زیاتر لە 10فیشەک بە سینگ و سکی کەوتووە، غازی کوڕێکی فەقیر بوو نازانین چۆن ئەوەی کرد".

13 »



Rûdaw
Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز :** کۆمپانیای رووداو
**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن :** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
**سەرنووسەر :** ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین :** سالح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
**نوێنەری ئەوروپا :** هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
**دیزاین :** عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net

# پەرلەمانتارانی پێشوو دەبنەوە شێخ و مەلا و کادیری حیزبی

**سالح قادر**
**رووداو-هەولێر**

چەند رۆژێکی تر خولی تازەی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکات، چەند پەرلەمانتارێکی خولی رابردوو کە لەلایەن لیستەکانەوە کاندیدکراونەتەوە رەنگە بگەڕێنەوە نێو هۆڵی پەرلەمان، بەشێکیشیان دەچنەوە سەر هەمان کار کە پێش بوونیان بە پەرلەمانتار کردوویانە، هەندێکشیان نازانن دوای پەرلەمانتاری چ دەکەن.

لە ماوەی خولی رابردوودا 3 پەرلەمانتار دەستیان لەکارکێشاوەتەوە. فرسەت ئەحمەد، سکرتێری پەرلەمان، کە زۆرترین تەمەنی لە پەرلەمانی کوردستان بەسەر بردووە کە 17 ساڵە، واتە لە خولی یەکەمی پەرلەمان لەساڵی 1992 تا ئێستا سکرتێری پەرلەمانە. ئەمجارەش لەلایەن لیستی کوردستانی کاندید کرایەوەوەو بووەوە ئەندامی پەرلەمان، رەنگە دیسان چانسی ئەوەی هەبێ ببێتەوە سکرتێری پەرلەمان.

پەرلەمانتارانی خولی رابردوو دوایین مووچەی پەرلەمانتاریان وەرگرت دوای ئەوە بە 80%ی مووچەکەیان خانەنشین دەبن، ئاخۆ ئەو پەرلەمانتارانە لەمەودوا بە چییەوە خەریک دەبن؟

ئارێز عەبدوڵڵا، کە ئەندامی فراکسیۆنی سەوز و سەرۆکی لێژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمان بوو، لەبارەی ئایندەی خۆی گوتی "من کادیرێکی حیزبیم، پابەندم بە بڕیارەکانی حیزب، رەنگە حیزبەکەم کارێکی دیکەم لە حکومەت پێ بسپێرێ، یان لە پەرلەمانی بەغدا یان لە شوێنێکی دیکە". بەڵام بە حەزی ئارێز بێ لە بواری نووسین و رۆشنبیریی کار دەکات "حەزی تایبەتی خۆم ئەوەیە لە بواری نووسین و راگەیاندن کار بکەم، حەزیش دەکەم ئەو کات سەربەست و ئازاد بم و هیچ ئیلتیزامێکم نەبێ، چونکە ئەگەر ئیلیزامت هەبێ بە جۆرێک دەنووسی و، ئەگەر کەسێکی سەربەخۆش بی بەجۆرێکی دیکە دەنووسی".

ئارێز کە یەکێک بوو لە پەرلەمانتارە دیارەکانی خولی رابردووی پەرلەمان، لە زۆر دانیشتنی پەرلەماندا قسەی خۆی هەبوو، ئەو پێیوایە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا توانیویەتی ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات "لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا هەڵوێستم هەبووە، لەسەر ئەو هەڵوێستانەشم تووشی سەر ئێشە بووم و باجی هەڵوێستەکانیشم لە رووی سیاسییەوە داوە".

شێخ فەتاح نەقشبەندی، کە پەرلەمانتاری فراکسیۆنی زەرد بوو، زۆربەی جار بە جلی کوردی و عەبایەکی رەشی ئاودامان زەرد دەبینرا، ئەو کە یەکێکە لە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی خاوەنی تەکیەی خۆیەتی، بۆیە دوای تەواوبوونی ماوەی پەرلەمانتارییەکەی بڕیاریداوە خزمەتی تەکیەکەی بکات. ناوبراو گوتی "ئیشی من دوای پەرلەمان دیارە، کۆمەڵێک کێشەی عەشایری هەیە، خەریکی سوڵح و مەسلەحەت دەبم، جگە لەوەش من خاوەنی تەکیە و خانەقام، کابرایەکی نەقشبەندیم، خەریکی زیکر و تاعەتی خۆم دەبم".

ئەو شێخە کاتێک بۆ دواجار لە دەرگای پەرلەمان دەچێتە دەرەوە، لە هیچ شتێکی ئەو چوار ساڵەی لە پەرلەمان بووە پەشیمان نییەو دەڵێت "ویژدانم زۆر ئاسوودەیە، چونکە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا ئەوەی لە دڵمدا بووبێ دەرمبڕیوە، بەپێی ئەو سوێندەی خواردبووم، خزمەتی میللەتی خۆمم کردووە".

بەو پێیەی زۆربەی پەرلەمانتاران کادیری حیزبین، بۆیە زۆربەیان دوای تەواوبوونی ماوەی پەرلەمانتاریان دەگەڕێنەوە نێو حیزب و خزمەتی حیزبەکەیان دەکەن. کوردستان پیرداود کە پەرلەمانتاری فراکسیۆنی زەرد بوو بۆ (رووداو) گوتی "من کادیرێکی پارتیم، دوای تەواوبوونی ماوەکەم لە پەرلەمان خەریکی کاری حیزبی دەبم"، ئەو ژنە پەرلەمانتارە بەر لەوەی ببێتە پەرلەمانتار مامۆستا بووە، هەرچەندە حەزی لە مامۆستایەتییە، بەڵام پیشەی مامۆستایەتی هەڵنابژێرێتەوە "حەز دەکەم لە رێگەی حیزبەوە خزمەتی میللەتەکەم بکەم".



**ئارێز عەبدوڵڵا:** رەنگە حیزبەکەم کارێکی دیکەم لە حکومەت پێ بسپێرێ بەڵام حەزی تایبەتی خۆم ئەوەیە لە بواری نووسین و راگەیاندن کار بکەم

**شێخ فەتاح نەقشبەندی:** ئیشی من دوای پەرلەمان دیارە من خاوەنی تەکیە و خانەقام، کابرایەکی نەقشبەندیم، خەریکی زیکر و تاعەتی خۆم دەبم

**کوردستان پیرداود:** من کادیرێکی پارتیم، دوای تەواوبوونی ماوەکەم لە پەرلەمان خەریکی کاری حیزبی دەبم

**بارزان محەممەد قادر:** خۆم فێری زمانی ئینگلیزی دەکەم لە رێگەی خوولەکانی فێربوونی زمان و پێمخۆشە لە رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنیش کار بکەم

**مەلا ئەنوەر محەممەد غەریب:** بە کاری حیزبەوە خەریک دەبم، بەڵام بە پلە یەک دڵخۆشم کە بگەڕێمەوەو خزمەتی مینبەرو میحرابی مزگەوت بکەم

هیچکام لەو پەرلەمانتارانەی دوای ئەو خولە لە پەرلەمان نامێنن، لەوانەی قسەیان بۆ (رووداو) کرد بڕیاری نەداوە کارێکی خۆبەخشانەی مرۆیی بکات، کە زۆر لە پەرلەمانتاران و سیاسەتکارانی جیهان ئەوە دەکەن، یاخود دەچنە سەنتەرێکی لێکۆلینەوە.

بارزان محەممەد قادر، کە پەرلەمانتاری فراکیسۆنی سەوز بوو، بەر لەوەی ببێتە پەرلەمانتار کارمەندی ئاسایش بووە. سەبارەت بەکاری دوای پەرلەمانتاری دەڵێ "بڕیارمداوە خزمەتی حیزبەکەم بکەم، جگە لەوەش خۆم فێری زمانی ئینگلیزی دەکەم لە رێگەی خوولەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، دواتریش پێمخۆشە لە رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی کار بکەم، هەروەها خەریکی بەخێوکردنی منداڵەکانیشم دەبم".

دوای ئەوەی بڕیاردرا دوو مووچەیی لە کوردستان نەمێنێ، بەشێک لە پەرلەمانتاران لە کارەکانیان دوور خرانەوە. ئەنوەر محەممەد غەریب (مەلا ئەنوەر) کە لە یەک کاتدا پێشنوێژکار و وتارخوێنی مزگەوت و پەرلەمانتار بوو، لە دوای ئەو بڕیارە چیتر رێگەی پێنەدرا، وتاری هەینی بخوێنێتەوە.

ناوبراو کە پەرلەمانتاری یەکگرتووە لە پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرای کرد کە دوای تەواوبوونی ماوەی ئەندامێتی پەرلەمان، وەک جاران دەگەڕێتەوە سەر مینبەری مزگەوت. ئەو کە کادیری یەکگرتووی ئیسلامییە دەڵێت "بە کاری حیزبەوە خەریک دەبم، بەڵام بە پلە یەک دڵخۆشم کە بگەڕێمەوە خزمەتی مینبەرو میحرابی مزگەوت بکەم". بەڵام ئەو هێشتا دڵنیا نییە کە دووبارە وتار دەخوێنێتەوەو دەڵێت "قەدەخەکردنی وتار خوێندنەوە لە من زیاتر مەسەلەیەکی سیاسی بوو نەک یاسایی، چونکە چەندین پەرلەمانتاری دیکە هەبوون، کە وانەبێژبوون لە زانکۆکانی کوردستان، یان دکتۆر بوون، هەبوو وەکو من مەلا بوو، بەڵام رێگەی خوتبەدانی لێنەگیرا".




